# دارشەقەکانی نیشتمان

# و

# دوا ورتە ورتی من

# دارشەقەكانی نیشتمان

و

# دوا وڕتە وڕتی من

شێرزاد حەسەن

سلێمانی

٢٠١٢

ناوی کتێب: دارشەقەکانی نیشتمان و دوا ورتە ورتی من.

بابەت: دیوانە شیعر.

نووسینی: شێرزاد حەسەن.

تایپ: ئیبراهیم محەمەد، چاپخانەی ئەزمڕ

هەڵەچنی: نووسەر

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

دیزاینی ناوەوە: دڵشاد خۆشناو.

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: هاوینی ٢٠١٢

چاپخانە: ڕەنج

لەسەر ئەرکی چاپخانەی رەنج چاپ کراوە ©

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (    )ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە.**

*هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە*

پێشکەشە بە:

# کەژاڵ

سەرنجێک:

کۆی شیعرەکانی ئەم دیوانە ئەزموونی (٣٥) ساڵی ڕابردووە
کە لە (١٩٧٩) تا (٢٠١١) ڕضایاندووە.

# ئەربائیلۆ

لەوێ ... لە ژوورێکی بێ پەنجەرە ... سەربانی سەرەند و بێژنگ

ژوورێك ... تەنگ و تاریك و رەش داگەڕاو ..

ژوورێك لە ژوورەکانی دۆزەخ کە خودا ..

بە ڕێکەوت لە دەستی کەوتبێتەخوارێ ... لەدایك بووم ...!

لەوێ... لە کۆلانێکی تەنگەبەر ... منالێم بێ گەمە سووتا ..

کۆلانێك تەنگتر لە رەحمی دایکم

ئەربائیلۆ ... بە پیرە قەلات بلێ:

"ئەی پیرە کیسەڵی لەپە و ڕوو کەوتوو

من خۆزگەمە هەر جارەی کە دێمەوە

بیبینم: هەر تەنها بستێك لە جێگەی خۆی بلەقێ.. بجولێ ...!

ئای کە مێژوو درۆزنە: لەسەر پشتی ئەو پیرە کیسەڵە

**داریۆش و ئەسکەندەر و ئەسپەکانی مەغۆل خلیسکان**

**بەچی دەچێ کە منداڵە چەتوونەکانی قەڵا..**

**سەد و یەك جار منیان بەزاند**

**کێ ئیمڕۆ ئەو "مەکتەبانە" دەبینێ**

**کە لەگەڵ هەر حەرفێك و سروود و ئایەتێك**

**مامۆستاکان جامێك تف و فەرهەنگێك جنێویان .. پێدەبەخشین**

**تۆ بۆ من جگە لە چایخانەیەکی پڕ لە چرە دووکەڵ ..**

**هیچی دیکە نەبوویت**

**لەوێ بوو.. باوکمان خەونو خەندەو هەقایەتی شەوانی ئێمەی . . .**

**بە دەستێك ئەزنیف دەدۆڕاند..!**

**تۆ ئەو کچانە بوویت ..**

**لەبەر دەمتا خۆمم دەکرد بە نوکتە و پێنەدەکەنین**

**ئەو کچانەی مەگەر بە ڕێکەوت لە پاسێکدا بمدیبان**

**بە خۆیان و باوەشێك کتێبی شەرمنەوە**

**ئەو کتێبانەی بێ مروەتانە سینە و بەرۆکی ساوای ئەوانی**

لە منی نابینا و کەڕ و لاڵ دەشاردەوە

تۆ شەمەندەفەری ئەو خەونە زڕەم بوویت ..

خەونی سەفەر و تا ئەبەد دانەبەزین

کەچی هەمدیس دەستخەڕۆت کردم

وێستگەی خەونەکانم هەنووکە زیندانی لۆتی و چەتەکانتە

وای لەو شەمەندەفەرە غەمگینەی من ... ئافەرۆز .. ژەنگ گرتوو

بێهوودەش باران بەسەریدا دادەکا

هەر کە دێمەوە دوعا دەکەم..خوا هاوار رووخابێ منارەی "چۆلی"م

یان بستێکی دیکە باڵای کردبێ

کێ ئەو پیاسە پڕ لە قەهرانەی عومری جحێڵیمی بینی

ئەو شۆستە هیچانەی من فرمێسکی پەنهانم بەسەردا ڕشتن

کە بێ قاچ ، بێ سەر ، بێ دڵ دەگەڕامەوە ماڵێك

کە تا شەو خەوتنان دوو دوژمن تیایدا دەجەنگان

ئێمەش دەبووین بە تیر و کەوان و قەڵغان ..

جارێك کوژراو و .. جارێك بریندار

کۆشکە هەرە رازاوەکانت من بەردم تێدا کێشان ..

بگەڕێ .. هەنووکەش فرمێسك و ئارەقە و ..

هەناسەی ساردم وا لەوێندەرێ

تف لەو گەڕەکە فێنکانەت کە چلوورەکانی منیان دەتواندەوە

بە لەعنەت بێ ئەو گەڕەکە کپ و خامۆشانەت ..

کە لە هەرا و ژاوەژاوی نێو کەللە ساواکەی من .. تێنەدەگەیشتن

بڕوخێن ئەو مامۆستایانەت ..

کە نەیاندەزانی بۆ نینۆکمان هێشتۆتەوە..

لە سۆنگەی ئەو (گوناهە کەبیرەیە)

بەیانیانی سارد فەلاقەیان دەکردین..

کێ سەر و قژی بە خورشت و ئاو نەدیومانی دەدی..؟!

من زۆر وەڕسم لەو پیرە کیسەڵەی نە مردووە و ..

نە هەزار ساڵە بجووڵێ ..!

هۆ شاری شوورە – گۆڕستان ..

هەر گۆڕێکت لەتە رۆحێکی منە نێژراوە

منالّیم هەر هەمووی بالاّ گەردانی کێلی پیاوچاکەکانت بوو..

چ حەسرەتکێشانە بە دیار ژنە رەشپۆشەکانتەوە ..هەڵدەتروشکام

بۆ مرازی زۆر شەرمنیان بەردیان بە کێڵی "ستی ئیمام"ەوە ..

وەدەنووساند..!

تۆ بۆ من ئەو بەردە نامەردە بووی

کە قەت نەبوو جارێ بە درۆش بە کێڵێکەوە بنووسێی ..بقرسێی

وەی لە مەملەکەتی قەیرە و بێوەژنەکانت

دڵم تەنگە .. کوان ئەو چوار خواوەندەی باپیرەم دەیپەرستن

کوا پەرستگایەکی دارماوی ئەوان ..

تا منی ماڵبەدەرو شاربەدەر بۆ تەنها شەوێ تێدا بسرەوم

دڵم تەنگە .. ئەم سەفەرە کە هاتمەوە..

بە کۆلاّنە خنکاوەکانت بڵێ با کەمێك بەرینتر بن

سەربانەکانت بستێك بڵندتر و شەقامە شێتەکانت تۆزێك چۆڵتر

سەرم گێژە با شۆڕشی نێو چایخانەکانت کەمێ خامۆشتر بێ

ئەو جحێلاّنە قومار لەسەر عومری کێ دەکەن..؟

مەستە ماندوو .. مردووەکانت .. لە داخی کێیە

هەموو شەوێك خۆ دەکوژن ..؟

تۆ ئەو کچە خۆشناوە بوویت سمێڵم مووگرە نەببوو

شەیدات کردم کەچی هەنووکەش بێوەژنێکی

سالآنە ئەو تاقە کراسەی لەبەرتایە لە خومی دەگریت

هەمیشە  نائومێدم دەکەی .. هەمیشە

جار نییە نەیەمەوە دارستانێکت سەفەری ئەبەدی نەکردبێ

چەمێکت سەری خۆی هەڵنەگرتبێ

پەیکەری شەهیدت گوللەی وێڵی بەرنەکەوتبێ

تەواو .. بەسەرچوو سەردەمی کچە پاکیزەکانت

ئەو کچانەی لە خەونەکانیشما خۆیان بەدەستەوە نەدەدا

بمبەخشە.. با بمبەخشن گشت درەختی نێو دارستانەکانت

منالێکی بێ غیرەت بووم..

نە جۆلانەیەکم تیا هەڵبەست ،  نە چۆلەکەیەکم کوشت و

نە هێلانەیەکم تێکداو .. نە رۆژێك پێیدا هەڵگەڕام

با بمبەخشن .. هەر هەموو چەم و رووبارەکانت

نە ماسییەکم تیا گرتن .. نە رۆژێك مەلە

با بمبەخشن ئەو قەیرە کچانەی سالأنێکە کەزی سپی دەهۆننەوە

منم گوناهبار.. منی کەڕ و بێ زبان

نەموێرا .. نە ببمە مێرد و .. نە دەستگیران

لە بێستانەکانت ویستم شەمامە بم

چەشنی بڕکە گندۆرەی زڕ دەریانکێشام

بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکانت عیسایەکی سەر خاچت بم

چ بێهوودەبوو خوێن رژانم

ئاخ .. من عومری جوانیم لەوێندەرێ ..

لە کۆلیتی مریشکەکانت بەجێما ..ساتانی هێلکە دزین ..!

لەو کۆلأنانەی بە پێچ و لوول بوون وەك گەردەلوول

لە کولانەی ئەو سەگانەی وەدەرم دەنان ..

تا خۆم تێیدا بسرەوم ..!

(١٩٩٢)

# تەنیـــایی

تا چاو بڕدەکات .. بیابانە

عیشقی تۆش.. چ تەرمێکی گرانە

لە کوێ بتنێژم..کە قەل و داڵیش پڕی ئاسمانە...؟

بێ پێخۆرم..گۆشتی نێو هەناوی خۆم.. دەخۆم

تینوومە و ...فرمێسکی چاوانی خۆم دەخۆمەوە

دوا شیعری غوربەتی خۆم و ..ماڵئاواییت دەهۆنمەوە

کەسێك شك نابەم .. ئەم تەرمە گرانەم لەگەڵ هەڵبگرێت

لە پرسە و کۆچێکی وا گەورەدا.. دڵم رابگرێت

کە من گریام .. ئەویش بگری

کە من مردم .. ئەویش بمرێت

بیابانە ..!

**هەموو شوێنێك..  لەبەر چاوم..گۆڕستانە..!**

**ئاسمانی سەرووش .. تەمتوومانە**

**منیش.. نە رۆژم لێ هەڵدێ و ...نە ئاوا دەبێ**

**تەرمەکەت وا بەسەر شانمەوە ..**

**نە دەتنێژم .. نە خۆم دەکوژم**

**نا کەس نایە .. کەس سەری پڕ لە کەسەرم .. هەڵناگرێ**

**هەر خۆم تەنیا .. هەڵیدەگرم**

**کەس بە کۆچی تۆ .. نامرێ**

**هەر خۆم دەمرم ...!**

**١٩٨٣ / سلێمانی**

# بــاوك

سبەی دەمریت ..

سبەی دەمریت و .. من و برینێك بەجێدێڵیت

دوای خۆت .. دیوەخانەیەكی رووخاو ..

شاخێكی بن كۆڵ ..باخێكی سووتاو ..بەجێدێڵیت .. !

هۆ باوكە گیان ...تۆ دەمریت و ..

من دەمێنم ..تۆ میراتی گەورەی خەم و برسیەتی و .

داڕووخانیت بۆ من .. !.

دوای خۆت ..چی لە خەنجەرێكی ژەنگدار و شكاو بكەم ..

چی لە دەم و چاوێكی سووتاو بكەم ..؟

ئەی رووباری وشكەوەبوو ..

ئەی هێلانەی قەلەڕەش و كونەپەپوو ..!

★

**تۆ دەمریت و منی چۆلەکە ..**

**بۆ ئاسمانێکی پڕ لە واشەو بازو شەهێن بەجێدێڵیت**

**تووله ماسیم و .. بۆ دەریایەکی پڕ لە نەهەنگ بەجێمدێڵیت !**

★

**سبەی کە دەمریت ..دوژمنەکانت بە دوامدا دەگەڕێن**

**کون بە کون...وەك ئاسکێکی شەل و کوێر .. راوم دەنێن**

**دەمگرن .. دەمکوژن .. دەمگروێنن ..!**

★

**ئاه .. باوکە ..تۆ چی جێدێڵیت ..؟**

**ئاسمانێکی بێ خۆر و مانگ و ئەستێرە...زستانێکی بێ باران**

**مردوویەکی بێ کێل و ناوونیشان**

**جیهانێك پڕ لە گڕێ و گریان و گومان ..!**

★

**تۆ دەمریت و ..**

جگە لە – ناوزڕان – میراتگری هیچ شتێك نیم
جگە لە قوتیلە و هەگبەی سواڵکەر ..
دەخیلەی بەتاڵ..چرای خامۆش
جگە لە کڵاوی کەچەڵ ..
میراتگری چیم ..؟

★

سبەی دەمریت ..
نە پارەی کفن و جاو ..
نە نرخی کێلێکی شکاو
من جگە لە لاشەی دارزیوی تۆ ..
جگە لە خەمی هەرە گەورەم ..
هیچ شك نابەم ..!

(١٩٨٨ - هەولێر)

# ئەوینێکی مەزنتر

چی لە ئەوینی تۆ بکەم ..

گڕی کام خەفەت..خۆڵی کام خاك بەسەر خۆمدا بکەم؟!

خۆ ئەوەندە دوور نیت ..هەر تەنها هەناسەیەکمان بەینە

ئەی بۆچی دەنگم ناتگاتێ ..؟

لە حەسرەتی حەزی شیرین و .. هەم تاڵی تۆ ..

هەر گۆرانییەکی من دەیڵێم گریانێکی بێ کۆتایی و ... بێ ئامانە..!

هەر چیرۆکێکی دەینووسم . .وشەکانی پشکۆیەکن ..

وەك ئەستێرە بە ئاسمانی خەیاڵمدا پەرش و بڵاون!

تۆی کافر منداڵیم بیر دەخەیتەوە:

" پاش بارانان ...

خۆزگەم دەخواست پەلکە زێڕینەیەك لەباوەش بگرم

کە نەدەکرا؛ تێر دەگریام ..دایکم خەفەتخان دەکرد

دەیدایە پڕمەی گریان .. دەپاڕایەوە

ئەو ساتەی کە پێکەوە ژیر دەبووینەوە

سەیری ئاسمانی سەرووم دەکرد ..

پەلکە زێڕینەی خۆشەویستم رەویبۆوە!"

هۆ پەلکەزێڕینەی حەزی حەوت رەنگم..

کەی دێیتەوە نێو ئامێزم ..؟

من نەك لە تۆ .. من لە هەموو دونیا بێبەشم

چ ڕێگەیەکی وێڵ تۆی بۆ من هانی

چما تازە دەزانی ڕێبوارێکی تەنیا و چارەڕەشم..؟

چی لە تەرمە بێنازەکەی تۆ بکەم ..

ئەوەتانێ..تەرمی هەزاران ئەوین ئەوەتانێ وا بەسەرشانمەوە..؟

تۆ نازانی .. هەر کانییەك وشك بکات ..

سەدان کانی سووری گریان ..لە چاوەکانی مندا دەتەقنەوە ..!

تۆ نایزانی .. هەر سیامەند-ێك ..گەر نەگا بە خەجێ-ی خۆی

هەر فەرهاد-ێك .. بە شیرین-ی

هەر مەم-ێ .. بە خاتووزین-ی

ئەو دڵەی من وەك شاخێكی بن كۆڵ

كە چۆن دەرمێتە نێو خەرەندێك ..

ئاوا گران هەرەس دێنێ و دادەڕوخێ .؟!

بۆ چیرۆكێك دادەنیشم ..

گەواڵە هەوری بەهار ئاسا ..دەناڵێنێ و ... دەگرمێنێ ..!

ئەستێرەی بەختی هەر كامتان .. گەر دادەكشێ ..

گلێنەی هەردوو چاومە و .. دەتوێتەوە ...

سووك و سانا لە من دەرژێ ..!

تەنها بۆ تۆ ناناڵێنم ..كەی باران بۆ تاقە گوڵێك باریوە ..؟

چ دڵێك تەنها بۆ شۆخێك لەرزیوە ..؟

من نەمدیوە ..!

سەیركە ئاسمان .. چۆن گشت دونیای داپۆشیوە ..!

سەیركە شاعیر .. چ خەمێكی بێپایان و نەبەزیوە ..!

**تەنها بۆ تۆ ناگریم.. مەرگی ناوەختی ئەوینی تۆ**

**لە دارستانی بەر ڕەشەبای پایزی مێژوویەك...**

**تاقە یەك گەڵای زەرد و وەریوە**

**لە زستانی هەمیشەیی ناوە ژوورەکەم ..**

**تاقە یەك خەمی تەنیا و تەزیوە**

**ئەو مەرگەی من پرسەم بۆ گرتووە ..**

**سەری پێخستوومەتە سەر ئەژنۆ**

**مەرگێکی مەزنە ..دوور لە چاوی تۆ ..!**

**(٢٢-١٠-١٩٨٣)**

# بە پێچەوانەوە

خەونت دەدی ..

حەوشەی ماڵەکەتان .. باخچەیەکی پڕ لە گوڵ بێ

کەچی دڕك لە سەر دیوار و سەربان و ..

هەردوو بڕۆکانیشت ڕوان

هەزارەها شەو .. تا بەرەبەیان خەونت بە روخساری خواوە دەبینی

کەچی کە لە خەو هەڵدەستای .. جێ ماچی شەیتان

بەسەر نێوچەوانتەوە پەڵەیەکی رەشی دەسمی

خەونت بە بارانەوە دەدی .. فرمێسك باری..

حەزت دەکرد ئاسمان پڕ بێت..

لە ئەستێرەی چاو زەرد و مەلی رەنگین

کەچی بێجگە لە تەم و دووکەڵ هیچی دیکەت نەدی ..!

**خەونت دەدی .. دڵدارەکان بە ماچ یەکدی بشۆن**

**کەچی بینیت .. گلێنەی یەکدی دەخۆن**

**واز لە خەونەکانت بێنە ..لە زوویێکەوە..تائێووو .. سەردەمێکە..**

**ئینجانەی سەر بالکۆنەکان ..چیمەن و باخچەیماڵەکان..**

**لەبری گوڵی جوان..بزمار و چەقۆ دەگرن**

**شاعیرەکانیش ..لەبری قەڵەمێکی غەمگین و کاغەزێکی گرینۆك..**

**شمشێر هەڵدەگرن ..!**

**(سلێمانی ـ ڕەشەمێ/ ١٩٨٧)**

# ئــاوابوون

**دڵم ..**

**ئەوە چەندین ساڵە .. دڵم**

**وەك زەنگی كڵێسایەكی كاول بوو ..**

**تۆز و گەردی هەموو دونیای لێ نیشتووە!**

**جاران .. دەستی ڕەحمەتێك دەهات ..**

**هەزاران ئاوازی ڕەنگاوڕەنگی هەڵدەوەراند ..**

**هەر ئاوازێـك هەزاران كۆتره باریكەی تریقە و خۆشی ..**

**لە ئاسمانی چاوەكانمدا هەڵدەفڕاند ..**

★

**ئەمێستا من ..**

**بوومەتە گوندێكی چۆڵ و خەرابات**

کڵێسای رۆح ..بێ سایە و سێبەر و سابات ..!

هەردوو باسکیشم ..دوو باڵی خاچێکی شکاون

بێ ناز .. کەوتوون!

★

دڵم .. زەنگی تۆز لێ نیشتووی کڵێسایە

کچە گاورێکی رەنگ زەرد و ..

چاو زەرد و نەخۆش و عاشقە عیسا نایەت و ئەم زەنگە لێـدا..!

تا خۆڵ و گەردی سەر باڵام ..تۆزی ناو گەرووم .. بداتە دەم ( با )

زەنگی چی ..؟زەنگی ژەنگ گرتوو دڵی منە

ژێر کەوتووی تۆزو خۆڵی خەم و مردنە .!

★

رەنگە سبەی ..یان دوای سەدان ساڵی تر . . .

هەر بە رێکەوت ..قەلەڕەشێکی رەحمەت

لەسەر زەنگی ئەو دڵە تۆز لێنیشتووەم هەڵبنیشێ..!

ئەوسا .. ئاوازێکی کپ و غەمگین وەك خوێنی رەش .. دادەچۆڕێ.

تك تك دەڕژێ .. تا کڵێسای کاول بووی عومرم ..

سەرخوێن دەکەوێ ..!

# مـەینـــەتی

**ئەی پەیکەری نەگبەتی ..**

**من تۆ ماچ دەکەم یان لێوم خستۆتە سەر لێوی ..**

**شۆخێك..باڵانومای خەم و مەینەتی ..؟**

**ئەوە تۆیت کە دەتگرمە ئامێزم یان گەردەلوولی غوربەتی ...؟**

**ئەوە تۆیت .. یان تاڤگەی بە خوڕەمی خەم و خوێنیت ...؟**

**کە دەست بە نێو قژتا دێنم ..**

**وا هەست دەکەم ..ئاسکێکی چوار پەل سووتاوم ..**

**لە نێو دارستانێکی گڕگرتوودا ..پەل دەهاوم ..!**

**ئەمە سەر و پرچی تۆیە..یا ڕەزێکی قەرەبرووتە ..؟**

**ئەوە سینە و مەمکی تۆیە ..یا خاکێکی وشك و رووتە؟**

★

**نا من کە تۆ ماچ دەکەم ..خەمێکی پیر و ..پیرۆز ماچ دەکەم ..!**

★

**من لە مێژە چاوەڕوانی ئازارێکی کەڵەگەتم ..**

**تا گەر هات و لە کونجی غوربەتیما ..لە تەنیایی .. توامەوە**

**تۆ بێیت و بەسەرما بچەمێیتەوە ..**

**بمگریتە باوەش و .. بملاوێنیتەوە!**

★

**ئەی پەیکەری مەینەتی ..**

**ئەی چیرۆکی بێکۆتایی نسکۆ و .. نەگبەتی**

**من و تۆ .. دڵدار و دڵخواز نین ..**

**ئەمن و تۆ ..دوو ڕووباری فرمێسکی سەرهەڵگرتوو بووین ..**

**لە شەتاوێکدا تێکەڵ بووین!**

★

**دە بێنە .. با ئەو چاوانەت تێر ماچ کەم**

**ئاخ ... ئەوە هەردوو چاوانی تۆن**

یا دوو کوێرە کانی بنارێکن..؟

دە ئەو گەردنە زەردەت هەڵبڕە ..

ئاخ.. ئەوە گەردنی ئەوسای تۆیە ..

یا کێلی شکاوی مەزارێکە ...؟

★

تۆ بۆ من چی نەبوویت ؟ تۆ بارانێکی رەحمەت بوویت..

منیش خاکێکی تینوو

تۆ عیسای موعجیزە بوویت ..

منیش عاشقێکی بێ مراد و مردوو ..!

★

دەوەرە ئەی کچی دەرد و مەینەت ..بمگرە ئامێز و تێر ماچم کە

تۆ من ماچ دەکەی ..

یان ..هەیکەلی عومرێکی پڕ حەسرەت ...؟!

(١٩٨٤)

# لاوانــەوە

ئەمشەو .. چەندە غەریب و تەنیام

بگرە ئێرەیی بە گەڵای مردووش دەبەم ..

هیچ نەبێ تاوە بایەك ..سووك و نەرم دەیخاتە سەر لەپی و

رووە و ئاسمان .. بەرز و بەرزتر .. هەڵیدەگرێ ..!

ئەمشەو..تەنیام و دەخیلی چوار دیواری ژوورێکی تاریك و ڕووتم

ئەمشەو .. بە ملیۆنەها لە باوەشی یەکدیدا دەتوێنەوە

منیش هەر خۆم تەنیا ..تەنها لەگەڵ خۆمدا جووتم ..!

ئەمشەو تۆ دووریت و .کەسێك نایە هەناسەی ساردم هەڵــژێ ..

ئاسمانیش دیدەی من ئاسا..چون گۆزەی سەربەرەوخوار ..

بارانی قەهرێك دەڕێژێ

تۆ دووریت و .. کەسێك سینەی راناخا و منی ماندوو بلاوێنێ

ئەمشەو بێ تۆ .. منی عاشق و تەنیا ..

شیعرێکی چاورەش دەنووسم

دەبم بە مانگی هەڵەتە و..

سەر بە هەموو کوچە و کۆڵان و حەوشێکدا دادەگرم

لە هەموو رووبار و درەخت و ئەشکەوتێك دەپرسم

لە تۆ دەپرسم ..!

ئەمشەو بە تەنیا ..

خۆم و مۆم و ئاهێکی سیا..!

★★★

منی بێ تۆ ..

ئێوارانی تاریك و سارد و ماتم بیر دێنەوە

ئەو ئێوارانەی لە ناوەختا پیرەژنێك دەمرد

تێکرای گەرەك پرسەی بۆ دەگرت

نە دایە و.. نە بابە لە ماڵ نەدەمان..من و ژوورێکی تەنیا

بێ ئۆقرە و ترسێکی بەجێماو ..

چرایەکیش کز دەسووتا و پڕشنگی زەردی ..

هەزار و یەك تارمایی دەهێنایە نێو حەوشە و بەر پەنجەرەی شکاو

هەڵدەلەرزیم وتەرمی پیرەژنێکی ئەرژەنگ

ددان گڕ و قژ بژوئاڵۆزکاو

دوو مەمکی سیس و رەش داگەڕاو دەهاتنە بەر دیدەی خەیاڵم ..

وەك دوو شەمشەمەکوێرە ..

بەسەر سینەیدا شۆڕ دەبوونەوە ..سەربەرەوخوار..!

★★★

ئەمشەو .. من بێ تۆ هەناسەم سوارە

ئەمشەو .. من چاڵی ژانێکی قووڵم

تۆش بەفری خەمێکی سپیت..نەرم نەرم دەباریت..

تا بەیانی دەدا .. من بە تۆ پڕ بوومەتەوە

هاوین دێ و بەفری سەر هەموو لووتکەکانیش دەتوێنەوە

وەڵێ بەفری خەمی تۆ ..

لە چاڵی رۆحمدا ..هەر دەمێنێ و نابڕێتەوە ..!

ئەمشەو .. سەرقافڵەچی کاروانێکی وێڵم بێ تۆ

مانگ و ئەستێرەکانیش ..

وەك چرای درەنگی شەوی ماڵە هەژارەکان کوژاونەتەوە

بیابانە .. لەبری جریوەی ئەستێرە ..تاریکی و خۆڵ بارانە

تا بەیانی دەدا و .. تۆ دێیتەوە ..من تا ناوقەدم لە لم چەقیوە

ئەمشەو بێ تۆ .. بە چاوی تۆ ..

هەزار و یەك جار مەرگی خۆم دیوە ..!

★★★

بۆ ئۆغر دەکەی ..؟

کە تۆ دەرگای شەق و شڕی ژوورەکەم .. لەسەر دادەخەی

خەم وەك قەلەڕەشێکی شووم ..

لە پەنجەرەی بێ شووشەی ژوورەکەمەوە دێتە ژوورێ و ..

تا خۆر هەڵدێ و تۆ دێیتەوە ..

لە هێلانەی دڵدا .. جێی بۆ خۆش دەکەم و دەیحەوێنمەوە ..

ئەمیش تا بەیانی .

بە ئاوازێکی قورس و شەیتانی .. بۆم دەخوێنێ ..!

★★★

ئەمشەو چەندە تەنیا باڵم ..سیس و ژاکاو ..

هەروەك گوڵەباخێك لە خاکێکی زڕدا رواو

وەك شاعیرێك شپرزە و شێواو پەری شیعری لێ تۆرابێ

هەروەك گاسن ..رەقەنی خاکی خەمێك هەڵدەدڕم

هەروەك تاوێرە بەردێك

رووە و قووڵایی خەرەندێك سەر هەڵبگرێ ..

ئاوا بەگوڕ دەگرمێنم..!

(سلێمانی / ١٩٨٥)

# هـــانـــا

هاوار بەماڵم .. ئەمساڵ تێپەڕی و ..

نیوەشەوێك بێدار نەبوومەوە.. بگریم

تەواو .. براینە دەستم لێ بشۆن

ئەوە من نیم ساڵێك تێپەڕێ و نەگریم ..

ئەوە من نیم ..!

خۆ ئەمساڵ .. لە هەموو ساڵان پتر ..

رووباری وشك و ئەستێرەی كوژاوە و چۆلەكەی كوێرم بینی

بەیانییەك هەڵنەستام و ..

فریشتەیەكی باڵ شكاو .. دەم پڕ لە خوێنی سارد

لەسەربان و بەر پەنجەرەی ژوورەكەمدا نەبینم

تەواو كوڕینە .. دیارە منیش وەك دەعەجانییەكی یەك چاو

لە خەمی خەڵکی دوور و بەدڕەوشت بوویمە

خۆ ئەمساڵ ..گۆرانییەکان لە ساڵانی زوو ..رەشتر بوون ..

ژمارەی کچە ئەتك نەکراوەکانیش کەمتر

غیرەتی پیاوانی سەر ئەسپە پیرەکانیش ..سارد و سڕتر..!

ئەی بۆ نەگریام ..؟

خۆ ئێوارانی ئەمساڵ .. گەلێك زەردەپەڕی خوێناویم بینی

خەزانی ئەمساڵ .. لەبری گەڵاڕێزان ..

گەڵای گریانی دەوەراند

زستانی ئەمساڵ .. ئاسمان فرمێسکی دەباراند

رەشەباش لەبری گەردو خۆڵی بیابان ..

یان بۆنی شین و شیرینی کوێستان

ژەهر و .. کلی دزراوی چاوی بووکە زۆر غەمگینەکانی دەهانی

داد و فیغانی ئەو بووکانەی بە زەبری خەنجەر ..

یان بالیف خستنە سەر دەم

لە پیاوە پیرەکان و چەتە بێ دڵەکان مارە دەکران.

ئەی بۆ نەگریام .. ؟

هانام هێناوەتە بەر تۆ گریان ..

هۆ میوانی دوانزە مانگ لە من زیز ..

هۆ هاوڕێی هاودەم و ئازیز ..

لێت دەپاڕێمەوە .. وەك ئەو ژنە نەزۆکانەی بۆ منداڵێك ..

جووت مەمکی خڕیان لە کێلی پیاوچاکێك هەڵدەسوون

دەگرین و دەپاڕێنەوە .. ئاوا لێت دەپاڕێمەوە

وەك ئەو قەیرە کچانەی بۆ بۆنی پیاوێك ..

لێوی گەرم و تەڕ و پڕ لە تەزوویان

لە شیشی ساردی قەفەزی غەوسێك هەڵدەسوون

دەگرین و دەپاڕێنەوە ..

بۆ مرازی هەرگیز نەبووی نێو دڵی ژەنگرتوویان

شیشی قەفەزەکە رادەتەکێنن و دەبووڕێنەوە ..

دەپاڕێمەوە لێت گریان ..

ئەی زمانی پاکی پێغەمبەرە نامرادەکان .. فریام کەوە ..

**وام لێ مەکە گومان لە خۆیشم بکەم**

**نیوەشەوێك .. بەو دەستە تەڕ و بێ پەنجانەی خۆت ..**

**بێدارم بکەوە ..**

**زویر مەبە .. وا تێمەگە خەمم کەمن**

**تازە نە من دەستبەرداری تۆ دەبم**

**نە تۆش دەستبەرداری من ..!**

**(١٩٨٨)**

# هـــاوار

**هاوار به ماڵم .. گوتت نایەم:**

**کەواتە ئیمڕۆ ئێوارە زووتر دونیا تاریك دادێ**

**کە شەویش دادێ ..**

**ئەو ئاسمانەی ملیۆنەها ساڵە ئەستێرەی بەخۆیەوە دیوە**

**یەك ئەستێرە لە باوەشیدا ناجریوێنێ**

**ئەفسووس ..دونیاش دەبێ بە دۆزەخ و..**

**هەر تەنها خۆمی تیا دەسووتێم**

**ئاخر چۆن لە یادی بکەم ..**

**ئەو رۆژانەی سەری غەریبیم دەخستە سەر کۆشت و ..**

**ئەم ژوورە تەنگ و تارەش دەبوو بە گوڵزارێکی بەهەشت و ..**

**هەر خۆم تیا "ئادەم"ێك بووم..؟**

پشتم تێمەکە .. دەست هەڵەبڕە و نەڵێی: ماڵئاوا
خۆ ئادەم-یش وەك من ئاسا ..
لە ماچی "حەوا" بێبەری و لە بەهەشت دەرکرا
وەختی دەست لێکبەرداان نیە ..!

★★★

تۆ کەم نەبووی.. ئاسمانێك بووی بەسەر سەرمەوە
ئەم ئەڤینە پیرۆزەش کراسێکی چڵکن نەبوو
یا پاڵتۆیەکی شڕو کۆن تا بیبەخشمەوە
تۆ خۆت گوتت: من بۆ تەنها شەوێك ..
نایەمە ژێر دەواری هیچ حەز و ئەوینێك
گوتت: من ڕەنگی چاوانتم ..
بە مەرگیش لە تۆ جیا نابمەوە
بەر لەوەی بڕۆیت و داستانی ئەم حەزە کوێربکەیتەوە
وەرە ناوم .. دەنگم .. ڕەنگم بشۆرەوە

مێژووی ڕەشی مەینەتی خۆم و خۆت

چون پاشماوەی تاوانێك.. بسڕەوە..!

★★★★

من دوو تاوانی گەورەم لە ئەستۆدایە

هیچ کامیشیان گوناهی من نەبوو

لەدایك بوون و ئەو عیشقەی تۆ بوو

گوتت: من لە پەڕەی گوڵ ناسکتر و ..

لە پەپوولەش بێگوناهترم

ئەی چۆن توانیت تەوراتی عیشقی موسا-یەك بسووتێنی

کەلاوەی ئەو دڵە زیز و بێکەسەی من بڕمێنی

ئای لەو عیشقەی زەلیلی کردم

هەم ئاشنا و هەم بێگانەی پێخۆش کردم

چ قەدەرێکە کە تۆ سەرمەستی وێرانەی ئەم دڵەمی

ئەو دڵەی شەوەهای شەو گۆرانی بۆ تۆ دەچڕی

بێمروەتی .. ئەوسا تۆ کارئاسکێك بوویت ..لە ڕەو ونبوو

کە تۆم بینی.. کەوتیتە نێو جەنگەڵی عومری بێبەر و بەربادی من
لە نێو بێشەلانی رۆحمدا دەمشاردیتەوە ..

سێبەرم بۆ دەکردیت

ئەمێستا بۆ کوێ سەرهەڵدەگریت ..؟

لە نێو ئەم دارستانەی دڵی من بچیتە دەر

دەتپێکن و .. باسکی منیش چون لقەدارێك دەبڕنەوە

سەرم ئاگردان .. ئێسقانی پەنجەکانیشم پشکۆ

هەردوو لێوی تەزیوی تۆی پێ سوور دەکەنەوە

ئەو پەنجانەی کە شەو تا سپێدە ..

لە سەفەری خۆشی بە نێو قژتدا ماندووییان نەدەحەسایەوە..

دەبن بە چڵ و چێو..!

خۆت بووی دەتوت: گەر ئەم دونیایە عیشقی تێدا نەما

خۆم و خۆت دەبین بە داستانی عیشقێکی رەنگین

گەڵێ گەورەتر لە شیرین و فەرهاد .. لە مەم و زین

★★★★

دەڕۆیت و لە نێو ئەم خەراباتە بەجێمدێڵی
بە دیار دار و پەردووی نێو وێرانەی حەزێکی غەمگین
کەواتە ئەمشەو مەرگ هەر تەنها میوانی خۆمە
چ خەمێکە .. دوای من کەسێك نابێ
داستانی ئەم مەرگەساتە بنووسێتەوە
ئەفسووس .. ئەفسووس
هەزار ئەفسووس .......

(١٩٨٦)

# کەســـیرە

وەرەوە..بە بیابانی رۆحمدا تێپەڕە با سەوز بێ ..

چ جەنگەڵێکی تاریکە و .. تیایدا ونبووم ..

کوانێ چرای چاوەکانت ..؟

لەو رۆژەوەی تۆ لە ئاوەدانیی دڵم دەرچوویت

من بوومەتە خەراباتێك

ملیۆنەها گەڵای زەردیش لەبەر پێما کەوتوون

وەرە ئەی هوزاری بەهەشتی ..

وەك ئەوسا لە ناخمدا بچریکێنە با گوڵوگەڵا و چرۆ دەرکەم

دەخیلتم .. ئەی مەسیحی موحیبەتی من

دە هاوارێ.. موعجیزەی تۆ نەبێ

لە نێو گۆڕی هەزار پێ قووڵ ..

ئاخۆ کێ بێ ... من دەربێنێ ..؟

**ئەو ڕۆژە بوو کە گیرۆدەت بووم ..**

**لە کەنار دەریایەك گۆرانیت دەچڕی ..**

**شەپۆلە نووستووەکان وەئاگا هاتن .. کەوتنە سەما ..**

**ماسی و مەرجان و نەهەنگەکان  سەرئاو کەوتن**

**چ ئاوازێك .. چ چریکەیەك .. چ سیحرێك بوو ..؟**

**پیاسەت دەکرد .. لە هەر شوێنێکدا پێت هەڵدەگرت**

**کانیاوی کەوسەرێك دەتەقی**

**کە بە تەك ڕەز و باخە مردووەکاندا تێپەڕیت**

**درەختەکان بەریان دەگرت**

**شەوانەش .. کە قژت رادەخست و لەسەری دەنووستی**

**مانگ و ئەستێرەکانی ئاسمان .. دادەبەزین**

**لە پەنجەرە و کلاورۆژنەو دەرگا وازەکانەوە ..**

**چەمۆڵەیان لەو پیاوانە دەگرت**

**کە دڵیان دەخیلەی پارەیە و**

**حەزیان لە خەمی تۆ نەدەکرد ..!**

**(١٩٨٩)**

# زریکە

شەوانە درەنگ ..

که گەڵا و گوڵ و سروەش دەسرەون

ڕەزوان و شەیتانیش دەخەون

هەر هەموو دەرگا و پەنجەرەکان ..

لەسەر هەزاران نهێنی و لەزەت و مەینەت .. دادەخرێن

ئەستێرەکانیش لەودیو هەورەکانەوە دەکەونە سەرپشت

نەهەنگ و ماسییەکانی نێو دەریا و رووبارەکانیش .. سڕ دەبن

تەنها من نەبێ .. بێدارم ..

ئەو شەوانە یەزدانیش ..

هەر هەموو فریشتەکانی خێر و شەڕیش بێئاگا لە دونیا ..

سەرخەوێك دەشکێنن

**من گوێم لە زریکەیەکی بێئامان دەبێ..ناڵەیەکی جەرگبڕ**

**لە گەڕەکە دوورەکانەوە "با" دەیهێنێ**

**دەبێ کێ بێ و تەنیا بمرێ ..تەنیا بنوێ..**

**تەنیا بدوێ .. دەبێ کێ بێ ..؟**

**دێمە دەرێ..کە جگە لە مانگی ڕوو زەرد هیچ نابینم ..**

**خەم دامدەگرێ ..**

**هەموو شەوێك .. ئەو زریکەیە لە خەوم دەکات**

**ئاراستەی "با"ش سەرم لێ تێکدەدات**

**نازانم .. لە کام ماڵە و .. لە کام گەڕەك و ..**

**لە کام شارەوە وا غەمگین دێتە گوێ**

**وای لە نەفامیم .. کەی تێدەگەم کە زریکەی ڕۆحی خۆمە و..**

**تێکەڵ بە ناڵەی خەلیقەت دەبێ ..؟**

**هەموو شەوێك ..**

**هەموو .. شەوێ ......**

# پۆرترێت

تۆ خۆت نیت ..

تۆ بۆینباغێکی فرەنسی و جووتێك کەوشی ئیتاڵیت

تۆ گیرفانێکی پڕ و ڕۆحێکی بەتاڵیت

تۆ سەردار و گەورەی زۆر کەسیت

وەلێ خۆت هیچ کەسێك نیت

تۆ خۆت نیت .. تۆ چاویلکەیەکی چوارچێوە زێڕینیت

ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسیت ..

وەلێ ئەفسووس کە تۆ حۆل و کەڕ و کاسیت

تۆ چیت ..؟

تۆ بە تەنها جانتایەکی داخراوی دیبلۆماسیت

گرگن و لەرزەلێو..کەچی دەمەو ئێواران تا خۆریش ئاوا دەبێت

سەیری سێبەرە درێژەکەی – خۆت – دەکەی

لە خۆشیانا چەشنی –خەرتەل- باڵ لێك دەدەی

تۆ لەبری هەناسەی گەرمی دولبەرێك

لەبری مۆسیقا گوێ لە زرنگەی درهەم دەگری

تۆ پێچەوانەی –گۆران- یت .. کوڕی ئەم سەردەمەی

قەت سەیری "کانییەکی بەر تریفەی مانگەشەو" ناکەی

تۆ چی لە "زیخ و چەو" بکەی

تۆ نە بە گزنگی خۆر و نە بە تریفەی مانگ..شاگەشکە نابیت..

تۆ بۆ چنگێك ئاڵتوون کڕنووش دەبەی

تۆ خۆت نیت .. تۆ پارە و پوول و چەکی نێو بانقی شاریت

تۆ کۆمەڵێك دوکان و مەیخانە و موڵك و عەقاریت ..

تۆ هەم پەرستگا و هەم باڕیت

تۆ خاوەنی زۆر شتیت ..

وەڵێ هەرگیز خاوەنی –خودی- خۆت نیت

دەفتەرە چکۆلانەکەی بەرباخەڵت .

پڕە لە ژمارەی تەلەفوونی گەوادەکان..

چیرۆکی پرۆژە ڕەشەکان

ژمارەی زۆر

+ کۆکردنەوە

÷ دابەش کردن

- لێدەرهێنان

تۆ خۆت نیت .. تۆ کۆمەڵێك ژمارەی

دەنگ و رەنگ و بۆنی پارەی

دوێنێ ڤۆڵڤۆ .. ئیمڕۆ جامپۆ .. سبەی سووپەر

تۆ زۆر شت لە خۆتدا دەگۆڕیت

وەڵێ تۆ خۆت .. قەت ناگۆڕێی ..!

★★★★

دەشێ رۆژێك دونیا بکڕیت ..

بێ ئەوەی کە بزانیت خۆت دەفرۆشیت

تۆ زۆر گرەوت بردۆتەوە

بەڵام گەمژە .. کەی دەزانیت خۆت دۆڕاویت ..؟

تۆ شەوانە .. لە مەیخانە سەرخۆش و رۆشنەکاندا

لەبری مەی .. خوێنی شەهادەتی هەزارەها ..

ئارەقەی مەینەتی ملیۆنەها دەخۆیتەوە

لەبری خەل ...

بە فرمێسکی بێوەژنە کۆست کەتووەکان

مەزەکەت خۆش دەکەیتەوە...!

(گەلاوێژی ١٩٨٤)

# پیاوێك له پینه

ئەو داوە بەنە ڕامەكێشە

دەنا هەر هەموو پینەكانم لێك هەڵدەوەشێن

پیاوێكی ڕووت وبێ سیپاڵ لەژێر سەد پینەوە

وەك تەنێك لە (عەزاب) دەدرەوشێتەوە

من هەرگیز خۆم نەدیوە بێ پینە

من لە ژێر دەوارێكی هەلاهەلا و پینەكراو لەدایك بووم

لەسەر خاكێك كە چوار-پێنج پینەیە و ..

بە هەزار تەقەڵی درشت پێوەی دووراوم

چ منداڵێكی ترسنۆك بووم ..

سەروچاوم .. كەللەی سەرم.. هەر هەموو ئازای جەستەم

لەسەد لاوە پینە و پەڵە و جێ تیغ بوو..

بە دەست منالە هارەکانی گەڕەکەوە

گەڕەکێك کە دەتوت کەچە جلە و .. لەوەدایە هەڵوەشێتەوە

چونکێ خودا پەلەی بووە و جەمسەری پینەکانی

جوان بەسەر یەکەوە نەدووریبۆوە

من هەموو بوونم هەزار شەبەقی تێکەوت

بەدەست ئەو وەستا دڵرەقانەی شاگردیان بووم

لە کوچە و کۆڵانی تاریکی قەیسەری و .. بازاڕە زۆر کۆنەکان

لە سەد لاوە رۆحی زۆر تەنکی منیان هەلاهەلاکرد

شەوانەش تا درەنگانێ..دایکە کتوکوێرەکەم

بە دەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە

تەقەڵ بە تەقەڵ پینەی دەکردم و دەیدووریمەوە

ئەو مامۆستا تووڕە و تۆسنانەی

لە بەرد رەقتر و ..لە ڕەشەبا هارتر و ..

لە خەونەکانی ئەوسام ناشیرینتر

ناو لەپی دەستم و سەری پەنجەکانم و .. ناو پەڕەی رۆحمیان

بە دار حەیزەران زیواڵ زیواڵ کرد

تا هەنووکەش هەر پینەیان دەکەم

ئەو رۆژەی شەبەقێك دەدوورمەوە

لە سەد لاوە شەبەقی دیکەی تێدەکەوێ

من هەر لە ئەزەلەوە شکەستەباڵ و کەسیرە بووم

وەك هەوری و شەدە و دەسماڵ و پۆپەشمین

وەك هەر قوماشێکی ئاوریشمین

خۆم خستە بەر دەستی شۆخە نامرادەکان

کەچی لە سەد لاوە مقەستیان لێ خستمەکار و ..

داو بە داو.. لەت و پەت منیان بڕی

نا.. دەستم لێ مەدەن..من پیرە پیاوێکی پەککەوتەم

لە داهۆڵێکی فەرامۆشکراو لە کێڵگەیەکدا

رووت و رەجاڵ و .. بێ بەرگترم

من هەلاهەلا و .. پرزۆڵ پرزۆڵم

تەنها داوێك لەم سیپاڵەی بەرم رابکێشن

**هەزار و یەك پینەم لێدەكەوێتەوە**

**ئەوسا دەمبینن: پیاوێكی رووت**

**رووتتر لە رووتی**

**وەك تەن-ێك لە ( عەزاب )**

**بە چ خەمێك دەدرەوشێتەوە ..!**

**(١٩٩٩)**

# میهـــر

چۆن بتوانم..

قەرزی میهر و ئەوینی تۆ بدەمەوە ..؟

ئەگەر رۆژێك .. ماسی توانی قەرزی دەریا بداتەوە ..؟

گەر مەلیش توانی .. قەرزی ئاسمان و با ... بداتەوە ..؟

دارستانیش قەرزی خاك و چەم و باران ..؟

گەر بیستووتە کانی قەرزی سەرچاوەکەی دابێتەوە ؟

ئەگەر بیستت ..تەنها ئەوسا ..

من دەتوانم قەرزی میهر و خۆشەویستیت بدەمەوە !

من بڵێم چی .. تۆ ئاسمانی بەرفراوانی ئەوینێکی

منیش چۆلەکەی حەزی تۆم !

تۆ وڵاتی گوڵزارێکی بێ سنووری

منیش تەنها یەك گوڵە هێرۆم !

دەشێ هەموو عاشقانی دونیا

قەرزی زۆری شۆخەكانیان بدەنەوە ..من ناتوانم بیدەمەوە

هەروەك ناكرێ هەندرێن و پیرەمەگروون بگوێزمەوە

ئاوی دەریای هەموو گێتی بخۆمەوە !

ئەو قەرزەی تۆ گرانترە ..قەت ناتوانم بیدەمەوە !

(١٩٨٣)

# هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکان

گەرەكمە..

ئەو نەخشانەی بەردەستتان بگۆڕم

ئیتر بابەس بێ و .. چیتر بەدرۆیان فریومان مەدەن

با جوگرافیاناسانیش ئەو خەیاڵە خۆشە تەڵاق بدەن

نەخشە ڕەنگا و ڕەنگەکانی خۆیان لوول بکەن

فڕێی بدەنە سەر ئەو ڕەفە بڵندانەی کەس دەستی نایانگاتێ

وەرن ئەو جادانەی نێوان شارەکانیش وەك فەرشێکی کۆن ..

لوول کەن و بیانپێچنەوە ..

ئەو جادانەی جەنگاوەران بەسەر شەڕگەو سەنگەرەکاندا .. دابەشدەکەن

بۆ چیمانە ئەو باخچە پەژمووردانەی ..

عومرێکە قفڵ لە دەرگاکانی دراون

**گوڵەکانی دوژمن بە یەکدین**

**کە باڵندەکانی لەترسی نیشانەگرتنەوەی  تفەنگ بەدەستەکان**

**زات نەکەن بنیشنەوە**

**کە عاشقەکانی ئەوەندە پرزەلێبڕاو و ماندوو بن**

**تا گەیشتن بە ژێر سێبەری درەختەکان هەرهەموو پیر بن و بمرن**

**ئیتر بۆچیمانە چیمەن و سپیندار و سەرووە باڵا بەرزەکان ؟**

**کە دڵێك نەگا بە دڵێك .. چاوێك بە چاوێك**

**ئیتر چی لەو پردانەی سەر رووبارە خوێناوییەکان بکەین ..؟**

★

**تازە تەواو .. بەسەرچوو ئەو رۆژانەی ..**

**رۆحەکان وەك گاشەبەرد بەریەکدی دەکەوتن**

**چ پزیسکی ئاگرێکیان لێدەکەوتەوە**

**من سکم بەو پەیکەری شەهیدانە دەسووتێ..**

**کە بە رۆژ کۆترە شینکە ریقنەیان بەسەردا دەکەن**

**قنجان و برینی سەدەها گوللەی وێڵیش وا بە تەختی تەوێڵیانەوە**

چ ئەستەمە دووبارە و سێبارە شەهید دەبنەوە

بەو ئەندازیارە گەلحۆیانەش بڵێن ..

کە تا هەنووکە دیواری قوتابخانەو بەندیخانە ..

وەك یەكدی   هەڵدەچنن...!

با خانووەکانی لەمەودوامان بێ پەنجەرە و دەرگا بن

با هەتاو و باران و سروە و هەناسەی دەشتەکان میوان بن

چی لە پەنجەرەکان بکەین کە لەبری جریوەی مەلان وسروەی بەیان

شریخەی قامچی و شەقژنی گوللەمان بۆ بێنن؟

هەر هەموو پەنجەرەکان..

بەسەر وێرانە و کەلاوەی رۆح و کوشتاری خێڵەکان دەڕوانن

بۆچیمانە دەرگاکان..

کە بە نوێژی نیوەڕۆ برا دوژمنکارەکان خۆبکوتنە بنەبانێ؟

ئەو شۆستانەش بەرنەوە بۆ ماڵی ئەوانەی چەورێژیان کردن

ئەو شۆستانە نەبوونایە ..

پیاوە بێئیشەکان .. جحێڵە سەرەڕۆکان کوێیان هەبوو لێی بوەستن

تا نائومێدانە لە پاوو پووزی ژنان وردبنەوە و

شەڕیش بە خوشکە شەرمن و نەباڵقەکانمان بفرۆشن؟

★

هەموو نەخشەکان بپێچنەوە .. نەخشەی دڵە چوار لەتەکان

گوندە غەمگین .. تێکدراوەکان

شاری سیخناخ .. بە پەیکەر .. بە وێنەی شەهیدەکان

نەخشەی وڵاتێك خەوتوو..ماندوو..

مردوو لە مۆزەخانەی بیانییەکان ..

خەمی پەژمووردە .. هەقایەتی وەحشیەتگەریم

لە گەشتننامە و دەفتەری یاداشتی گەڕیدە پیرەکان

مردم ئەوەندەی لە ڕاڕەوی کتێبخانە ساردەکاندا بگەڕێم

تەپ و تۆزی سەرنەخشە جێماوەکانی نێو چەکمەجە و ..

سەر ڕەفەکان بتەکێنم و هەڵیانمژم

جگە لە مەرگی گەڕیدەکانی ساڵانی زوو چیم پێ دەڵێن

چ زوو لاپەڕە زەردەکانی بە دەستمەوە هەڵدەوەرێن

شار و گوند و ڕووبار و چیاكانی دەكەونە بەرپێم

من هەنووكە بڕوام هێنا..

سنوورە دەستكردەكان كەس لەوێ ڕەسمی نەكردوون

بێ هوودەش نییە دڵەكان..دڵی من..دڵی تۆ..دڵی ئەو چوارلەتن !

پتر لە قووتابییەكی بیركۆڵ لاستیكی خەت كوژێنەوە..

دەعەمەل دێنم گوایە سنوورە سوور .. دەستكردەكان بسڕمەوە

بە قەڵەمێكی شین ئاوەڕۆی رووبارەكان بەردەمەوە

بیانخەمەوە سەر دێراوی دڵە وشك هەڵاتووەكان

بە گوێزانێكی كول .. كولتر لە قەدەری نەتەوەكەم

ناوە عەرەبی و توركی و فارسی گوندە خاپوورەكانم دەكرێنم

ئەو گوندانەی بە فوویەك نەمان و چوونەوە ئاسمان..!

★

من درەنگ زانیم..

رووبارەكانی فرمێسكی هەمیشە رژاوی بێوەژنەكان بوون

جۆگەلەی سووریشی خوێنی ئەو كوڕە كاكۆڵ زەردانەی

**دوا فەسڵی جەنگیان بینی و لە وەرزی یەکەمی عیشقدا مردن**

**وای لە سەفەری بێ سەر و بەری ئێمە**

**چ سەفەرێکی بێ سەرەتا و بێ کۆتا بوو**

**کۆچی سوور .. بێ گەڕانەوە .. ئەبەدی بوو**

**ئیتر بۆچیمانە نەخشەی شار و دێ..**

**ئەو وەختەی دۆزەخ دوا مەنزڵگا و دوا قۆناغ بێ .!.**

**(١٩٩٦)**

# دوا ورتەورتی من

**پێشکەشە بە "مەریوان وریا قانع"**

**هۆ براکەم .. وای کە ئەستەمە**

**چ وێرانەیەکە ئەو مێژووەی کە من هەمە**

**ئەم مێژووە بەردە رەشەکەی "سیزیف"ەو ..**

**بە تەنها ئێمە بەر نەفرەتی کەوتووین**

**چ قەدەرێك بوو، هەرەسی من، کە گەورەکان رەنگریێژیان کرد**

**بۆ هەر کوێ بچین..**

**غەریبی نێو وێستگەو سەر شۆستەی ساردی بەندەرەکانین**

**غەریبی نێو پاس و میترۆ و شەمەندەفەرەکان ...!**

**واق وڕماو لە بەردەم کاباریێ و کتێبخانەکانیان**

لاڵ لە بەردەم کچە کەڵەگەت و چاو سەوزەکانیان

با لە ژێر هەیوانی کەلاوەکانمان سەرکزانە هەڵتروشکێین ..

بە کوڵ بۆ عومری بەهەدەرچووی خۆمان بگرین

وەك ئەو پیرە جەنگاوەرانەی هەموو شەڕەکانیان دۆڕاند

با بە قەهرەوە و پێکەوە..

گوێ لە لاوکە بریندارەکانی – کاویس ئاغا – بگرین

حەژمەتە مۆڕەکانی گشت ژن و کچە زەبوونەکان

لە چریکەی خوێن لێداچۆڕاوی –ئایشەشان-

ئێمە کە ئایندەمان ساختە و نادیاربێ

چی لە زرنگانەوەی ناوی خۆمان بکەین ...؟

با پشت لە هاڕڕەی ئەو چەپڵانە بکەین کە بە موو جیاواز نییە

لەو چەپڵانەی بۆ تیاترۆیەك شەقژنیان جامانە و کڵاو ...

بە ئاسماندا هەڵدەدەن ...!

ئێمەی بێکەڵبەو ددان, لەم دارستانە چی دەکەین؟

با لەمڕۆ بەدواوە نوقمی نەشئەی رەشبینی خۆمان بین

با بۆ پیاوماقووڵانی جێبێڵین هەر هەموو ئایندە زێڕەوشانەکان

بێ حیکمەت نییە بە رووتی لەدایك بووین و ...

بە دەم زریکەوە هاتینە نێو ئەم خەراباتە

ئێمەین ئەو منداڵە لاسارانەی باوکانی خۆمان بەدرۆ خستەوە و ...

حەکیمەکانمان ریسواکرد

سەلماندمان کە چ دەعەجانی و ناشیرینن ئەم مەخلووقانە

بە دزی (ئاهورومەزدا) دەستمان لەگەڵ (ئەهریمەن) تێکەڵ کرد

"فاوست"یانە رۆحی خۆمان پێی فرۆشت ...

وەڵێ ئەفسووس .. بە تەنها حیکمەتی شێتەکانمان بردەوە

با ئەمجارەش ئاهەنگی ئەم دەمامکانە جێبێڵین و ..

خۆ بخزێنینە ئەو ژێرزەمینانەی پڕن لە کتێبە قاچاغەکان

کێ لەو زبانە پڕ لە خەفەتە شین و مۆرانەی ئێمە تێدەگات؟

بە چنگەکڕێ بەسەرئەم شاخە ڕکەدا هەڵدەزنێین و ..

هەرهەموو دۆڕان و هەرەس و دەردەکان وا بە کۆڵمانەوە

تەنهایی و قەهری قەیرە و بێوەژنەکان

حەپەساو ودۆشداماو لەبەردەم مناڵە چڵمن و لاق باریکەکان..!

★

هەر خۆمان بووین عاشقە دۆڕاوەکان

چ زوو پاکیزەیی خەوتووی ژێر پێستی سۆزانییەکانمان ناسییەوە

شیلەی شەهوەتی ژێر زبانی پڕ غەزەلی دڵخوازەکانمان

درۆ و بەغالەت و رۆحی گەنیوی هاوڕێکانمان

دەممان بۆن شیری خاوی لێدەهات ..

چ زوو کەوتینە نێو بازاڕ و قەیسەری و مەزاتخانەکان ..؟

چ زوو لە فڕوفێڵی زەڕەنگەر و بەقاڵەکانیش گەیشتین

هێشتا دوو چڵ ئێسقان بووین ..

کە برسیەتی خۆمان خستە سەر سینییەك و . . .

فرۆشتمان، لە وێستگە میزاوییەکان..

بە موسافیرە بە پەلە و بێباکەکان

هێشتا مێردمنداڵ بووین کە بە دڵی فەرهادێکەوە

کچۆڵە شەرمن و نەباڵقەکانمان خۆشویست

بەختی ناپوختی ئێمە بوو لە ژێر هەر دار و بەرد و پنچکێکدا..

لە نێو هەر چەم و رووبارێکدا: چاوێکمان جێهێشت

لەتێك لە رۆحی ئاوێنەییمان..

لای هەر کچۆڵەیەك کە ئەگەر تارماییش بووبێ
دڵێکی کوژراومان بەجێهێشت
لەسەر مێزی ئەو چاپخانانەی نەخشەی کوردستانی گەورەمان .. رەسمکرد
چ یاغنیش بووین...وامانزانی بە دوو دروشمی تووڕەی ئێمە ..
تەختی دکتاتۆرەکان سەرەوژێر دەبن ...!

★

مردین ئەوەندەی هەڵچین و داچین
لە هەموو شەڕ و عیشق و سەفەرەکانیش کە دەگەڕاینەوە
هەناسەسارد .. پڕ بە پێڵاوەکانیشمان: شکۆمەندی
لە هەر شەڕێکیش ئاڵایەکمان دەدۆڕاند
برینێکیش دەبوو بە نەخشی ئەبەدی تەختی تەوێڵمان
هەر عیشقێکیش کە تفی دەکردینەوە
رۆحی کەسیرەمان لەبەر پێیانی جێدەما
دوای هەر سەفەرێکیش جانتایەکی پڕ لە خەونی پەژموردەمان
بێئاگا، لە خۆمان، لە وێستگەکاندا لێ دەدزرا
وای لەو باوکانەی مردن و برای برسی و بێخەون و فەلەجیان ...

بۆ بەجێهێشتین ...!

دایکێکی کەڕولاڵ ... دەفتەری کۆنە قەرزەکان

دوژمنکاری تۆڵەی خوێنی خێڵە شەڕەنگێزەکان

حەسارێك.. نا...نیشتمانێك لە کچ و قەیرە - زۆر شەرمنەکان

برام ...فریام بکەوە...

ئەم هەموو خوشکە غەمگینانەمان لەگێ مارە بکەین..؟

لە وڵاتێکدا کە نێرەکانی لە نێوان سەفەر و خۆکوشتندا تیاماون

دەنێو خێڵێك کە باوکەکان بەر لە مەرگیان ..

کوڕەکانیان خەساندبێ ...!

ئێمە خنکاین و دونیاش جگە لە هاوارێکی تاساو هیچی نەبیست

وەلێ چ لە یەك دوورە ئەو هاوارە و عەزابی خنکان

پۆلە فڕندەیەکی بەهەشتی بووین و لە گەرمەی فڕیندا...

هەر هەموو پێکراین ..!

راوچی بێباك، لەو دیو لوولەی ساچمەوە..

هەر تەنها چریکەیەکی بیست

وەڵی ئەفسووس .. چ لە یەك دوورە

سووكە هەڵوەرینی شاباڵ و چریكەی خوێناوی نێو دەنووكمان

ئیتر ئەوەیە چارەنووس:

با لەمڕۆ بە دواوە خۆمان ڕابێنین بۆ كارەساتە هەرە گەورەكان

بۆ سووتانی نێو دۆزەخە تازە هەڵایساوەكان

بۆ دۆڕانی یەك لەدوای یەكی شەڕەكان

با دوعا بكەین: خودا عومر باقیبێ ..

بۆ نشوستی و ئەو هەرەسانەی لە كۆشی غەیب دان و

فرمێسكی خوێنین لە چاوان دێنن

تۆ بڵێی فریا بكەوین و فێری هاوارێك بین بارتەقای خنكان ..؟

چریكەیەك بارتەقای پێكران ...؟

تازە چ شەیتانێكی شاخدار دەتوانێ فریومان بدات ..

ئێمە كە خۆمان سەر بە بنەماڵەكانی دۆزەخ بین ..؟

دەكرێ وەك قاچاخچییەكان خۆ فێری درۆ بكەین و ..

وەك قومارچییەكان خۆ فێری دۆڕان؟

نا ... هێشتا مۆڵەتمان ماوە بۆ خۆ فریودان ...!

خەم بەوەش مەخۆ ..ئەو شەڕەی حەكیمانە هەڵانگیرساند

ئاکامەکەی بردنەوەیە یا خۆ بەدەستەوەدان
دەستت بخە نێو دەستم . . ."دۆن کیشۆت" ئاسا وەرە مەیدانێ
شەڕ لەگەڵ پەروانەکانی ئاشی "با" بکە و ..
وا بزانە کۆمەڵێ شەمشوون-ن
ئەو پیرە کەرانەی ژێرمان دوو ئەسپی کەلەکەوێتن
بە درۆ پێم بڵێ .. بە درۆ پێت دەڵێم:
بۆ من و تۆیە هاوار و ناڵەی کۆیلەکانی پشت دیواری
قەڵا و گشت زیندانەکان
ئاگات لێیە چ بەلەزەتە خۆفریودان
ئێمە بە هەڵە لەدایك بووین هۆ هاوڕێ گیان ..
یان زۆر زوو بوو..یان زۆر درەنگ: هاتنمان
دەستت بێنە و با بگەڕێینەوە نێو ئەشکەوتەکان
با بەجێیبێڵین ئەم دونیای دوونە
با بەجێیبێڵین بۆ سیاسەتبازە جامبازەکان
وەلێ نا..با بە یەکەوە گوێ بگرین لە هاواری ئەم شەیپوورە
لەوە دەچێ ئیسرافیل پەلەی بێ

ئەم پاپۆڕەش دوو چرکەی ماوە نقوم بێ

ئەی خودا ..

چ سەفەرێکی سەختە و .. وای لەو هەموو خەونە ڕەنگینانەی

لەبەر چاومدا وەك موسافیرەکان لەو زەریایەدا دەخنکێن

هەر هەموو پێکڤە .. لەگەڵ منی مەلە نەزان ...!

(١٩٩٣-١١-٢٠ - سلێمانی)

# دارشەقەکانی نیشتمان

واز لەو لاوە لە خوێن گەوزی و.. مردووانە بهێنن ...

چەند شەرمن ... شاعیرانە پاڵ کەوتوون

بەو ژنە بسك درێژانە بڵێن .. سینە والاّ

با چیدیکە نەزریکێنن .. نەبا لە خەو راچەنن

وای لە لەرزە و بریسکەی تنۆکی ئارەقە بە تەوێڵیانەوە

زەنگۆڵ زەنگۆڵ دەتکێنە نێو کاکۆڵی رەشیانەوە

من قەت نەمدەزانی مردووان ئەوەندە ئاسوودەن

خۆش بە حاڵیان .. چیتر خەون بە مەرگەوە نابینن

دەوریان مەدەن .. توخوا بەری خۆریان لێ مەگرن

کۆڵێ ساردە دونیا.. ئازیزان

کە رووتن .. چاویان تێمەبڕن ..

ئەوەتا لە شەرمی شەبەقی ئەو برینانەی سەر سینەیان

دڵۆپ دڵۆپ ئارەقە دەردەدەن

توخوا چیدیکە لەوە پتر ماندوویان مەکەن

چیتانە .. بۆ بە زۆر چنگیان دەکەنەوە

واز لەو تۆزە خاك و خۆڵەی نێو لەپیان بهێنن

کە بۆ سەفەرێکی بێکۆتا دەیبەن

نا ... ئەو چاوە گەشانە بە زۆر لێك مەنێن

ئەمەیان دوا هەلە و..هێشتا حەزیانە لە شینایی ئاسمان رابمێنن

لە جریوە جریوی ئەمشەوی ئەستێران

هەواش سپڵەیە دەرهەقیان

تا هەنووکەش زاریان کراوە بە هەویای هاوارێك بوون:دەرنەهات

خۆش بە حاڵیان .. لەمڕۆ بەدواوە چیتر درۆیان ناکەن

ئیتر لەمڕۆ بەدواوە ... نە چاوەڕێی کەس دەکەن ..

نە کەسیش لەبەر دەرگا و پشت پەنجەرەکان چاوەڕێیان دەکەن

ئیتر تەواو ... سەرتاشین ... هەمیشە پێڵاو لەپێکردن

ڕەختە و فیشەك لەخۆدان ...

هەمیشە خەنینەوە بە درۆ ... کڕنووش بردن

ئیتر تەواو ڕێپێوان و خۆپیشاندان ...

بژی و بڕوخێ و ... چەپڵەکوتان

هەر ڕۆژە و هەڵواسینی وێنەی دیکتاتۆرێك و لابردنی ئەویدیکەیان

تەواو.. تازە تەواو..

ڕاکردن بەدوای تراویلکە و خەونە هەڵاتوو ..هەڵوەریوەکان

ماڵئاوا ئەی سروودە خوێناوییەکانی نیشتمان

ئەی ئەو دروشمانەی زۆر زوو بەکوشتنت داین

ئەو دروشمانەی بێناز وان لەسەر دیواری ئاودەستخانەکان

چ زووو فریومان خوارد ... دەستخەڕۆ بووین..

سەفەرو شۆڕش هەر لەوێ خۆشبوو..

لەژێر زەمینی شێدارو لەبەر ڕووناهی زەردی چرای خەفەو ..

لە نێو لاپەڕەی هەڵوەریوی کتێبە زۆر زەرد و قاچاخەکان..

ماڵئاوا ئەی نیشتمانی یادە تاڵ و جەرگبڕو هەمیشە تەڕەکان

**خوشکە رەش پۆش .. دایکە جەرگبڕاوەکان**

**بمانبەخشە.. هۆ وڵاتی خاکەسار ...**

**ئێمە لە ژێر باری گرانی کۆستەکانی تۆدا ...**

**پشتمان کۆم و ... ئەژنۆمان شکا...**

**لە حەژمەتی نەگەیشتن بە روخساری خواهانەی تۆ ...**

**لە سەفەری نێوان مەرگ و مەرگدا خوێنمان تکا**

**هیلاك بووین ئەوەندەی لە پرسەی خۆمان دانیشین**

**ئەوەندەی لە شایی و گۆڤەندە پڕ درۆکانت سەرچۆپیکێش بین ...**

**ئەی نیشتمان .. دەڕۆین و لە خەمی ئەو گەڕەکانەداین ..**

**کەپڕن لەو کەلاوانەی شەرمنانەو شان شکاو بەحاڵ بەپێوە وەستاون**

**دەستگیرانە نەباڵقەکانمان بە تۆ سپارد ..**

**نەهێڵی بکەونە سەر جادە و نێو مەزاتخانەکان..**

**ناو باوەشی کۆنە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانمان**

**ئێمە لە شەرم و حەیبەتی ئەوە مردین**

**تەنها وەڵامێکمان پێ نەبوو بۆ ژنە جەرگ سووتاوەکانت**

ئەو منالّە مل باریکانەی لە برسانا چڵمی خۆ دەخۆن

شەرم لەو چۆلەکانەی نەمانهێشت ئاسوودە

لەسەر درەختە خەمگینەکانت بسرەون

ئەو وەختەی براکان تەختی تەوێڵی یەکدیان کرد بە نیشانە

شەرم لە بێچووی ئەو حاجی لەقلەقەی ..

لە بان منارەی خانەقا کوشتمان ..

هۆ نیشتمان .. ئێمە هیچمان لە تۆ ناوێ

تۆ ئەی دایکی هەمیشە گرینۆك و جزدانی عانە زەردەکان

چی لە بێوەژنێکی تەنیا و کەنگرفرۆش داوا بکەین

کە لەژێر چەتری دوکانی عەتارەکانی شار  بەرانپیلی رادەخست و

بە تۆلەکە و کنگر و کاردوو . . .بەخێوی کردین

هیچمان لە تۆ ناوێ ئەی نیشتمان

لێرەوە بۆ دۆزەخ سەفەرێکی نەبڕاوە و گەلێ درێژە

هەر یەکە و دارشەقێکمان گەرەکە .. هۆ نیشتمان

بە رۆڵە سپڵە و بێمروەتەکانت بڵێ ..

**با واز لەدەست و پەنجەی قرساوو چنگی نووقاومان بێنن**

**ئەو تۆزە خۆڵ و قوڕەی تۆ بوو ..دوامیراتمان**

**با کەس خۆی ماندوو نەکا .. دایە گیان**

**لێرەوە بۆ ناو جەرگەی جەهەننەم سەفەری عومرێکە هاوڕێیان**

**سوپاس بۆ دارشەقەکان و ..**

**ئەو تۆزە خۆڵەی نێو چنگمان**

**سوپاس بۆ سروودە فریودەرەکانی تۆش ..**

**ئەی نیشتمان ..!**

**(١٩٩٥)**

# ژنێــك

کەی ئەم زەریایە ..

بە قەد ئەو شۆڕش و هەرایەی  وا لە دڵی تۆدایە..

لە دڵی ئەودایە ..؟

کەی بە قەد رۆحی تۆ کەشتیەوانی خنکاو و ..پاپۆڕی نغرۆی

بێشوومارى تیایە؟

قەت ناسرەوێ و .. بە شەپۆلەکانی پرچی شێتی ..

سەر بە تاشەبەردەکانی رۆخانەدا دەکێشێ

تۆ پتر .. سەرت بەر بەردی زەمانە دەکەوێ و ..

خوێنێکی رەش کە لە دڵتەوە سەرچاوە دەگرێ ..

لە تەوێڵتەوە دەتەقێ و دادەرژێ

لەو زیاتر .. راوچییە عاشقەکان

بۆ مرواری و ماسی لە گۆمی بێ بنی چاوانت دەگەڕان

ساڵەهایە پیاوە تەماعکارەکان بۆ گەنجی قاروون ..

بۆ مرواریو .. مەرجان

خۆیان دەنێو ئەو زەریایە نقوم دەکرد و .. نەدەمان

من بۆ دوو مرواری رەش کە بوون بە گلێنەت

هەر لە ئەزەلەوە هاتمو خۆم لە زەریای بێبنی چاوانتا..خنکاند..!

کەی .. ئاخر کەی گێژەنی نێو دڵی دەریا

دەگا بە خەمی گینگڵ خواردوو لە خوێنی تۆدا ..؟

پاش کشانی هەناسەی دەریا ..

هەزاران هێلکە شەیتانۆکەو گوێماسی دەکەونە سەر لمی رۆخانە

پاش هەنسك و دارڕسانی خەم لە رۆحدا

هەزار تنۆك رۆندکی رەش دەڕژێنە سەر ئەو کوڵانە

تۆ دەستی من دەتشەمزێنێ..ئەو تریفەی مانگ دەیهەژێنێ

کە دەریا دەنوێ ناخوداکان دەچنە نێو خەونی خۆشی ئاوەوە

بۆ قەت نەبووە تۆ لە خەونێکتا جێم کەیتەوە؟

کەس .. هیچ کەس نایزانێ لە کوێوە بوو زەریاکان ..

سەر ئەم ئەستێرەیان داگیر کرد..

تۆش ئەم دڵە پەژموردەی من ؟

کەی دەستی پێکرد و .. کەی کۆتایی دێ

هەروەك عیشقی من؟

نە ئەو بە خەون و خولیای نەورەسە خنکاوەکانی خۆی دەزانێ

نە تۆش بە سترانی نەخۆش و ..لاوکە بریندارەکانی من

کەس نازانێ پاش هێوربوونەوەی هەراکانت

پاش هێمنی هەناسەی هاری ئەو..

چ گێژەن و چ شۆڕشێکی خوێناوی وا بە تووڕەیی ..دەتەقێتەوە ..؟

حاڵی شێتانەی هەردووکتان ..نە من تێیدەگەم

نە خوداوەندی زەریا و .. نە ماسی و نەهەنگ

نە فریشتەکانی ئاسمان ..!

(٣/٣/١٩٩٦)

# خۆدوانـــدن

من هاوڕێم گەلێ زۆرن..

هەندێکیان ماون و هەندێکیان مردوون

هەندێك ساغ و هەندێکیان نەخۆش

هەیانە مرۆڤ دۆست و هەیانە کینە لە دڵ

لە ژمارە نایەن هاوڕێیانی من

لە ژمارە نایەن دوژمنانی من

لە کوڕان و کچان .. ژنان و پیاوان ..لە پیر و جحێڵ..

ناوی هەندێکیان دەزانم و هەندێکیان نا

دە نێو فڕندە و ئاژەڵان -یش

دە نێو سروشتی زیندوو بە عیشقی من

دە ئەوەندە پتر هاوڕێم هەن

که دەچمه دارستانەکەی ئەوبەر ..

هەندێك درەختی سەرکەش دەناسمەوە

شنەشن بۆ من دەخەنن

هەندێك جۆگەلەی راکردوو بەپێی پەتی

که له پێشوازیمدا لەبەر خۆرەتاو خۆ هەڵدەخەن و دەبریسکێنەوە

هەندێك پاساری، ئەوەندە میهرەبانن، هەڵدەفڕن

تا منی یاغنیش و پیر بە دەردی دوونی دونیا

سەرقاڵ بە ژماردنی کۆچ و مردنی هاورێکانم

خۆم بیرچێتەوە و سەرهەڵبڕم و بۆ جارێکی دیکە..

تا نەمردووم شینایی ئاسمان ببینم

بیریان دەکەم: هاورێکانم لەوپەڕی سەرقاڵیم ..

ساڵی جارێك سەریان دەدەم

دەچمەوە نێو چیاکان ..

نێو ئەو ئەشکەوتانەی تاریك و شێدارن وەك رەحمی دایکم

بۆنیان دەکەم ئەو پەلکە گیایانەی شەرمن و کزۆڵە

دوور لە خۆرەتاو لە سەرمانا هەڵدەلەرزن

ئەو کەپکە شاخانەش دەناسمەوە کە لەوێوە

رووەو قووڵایی خەرەندەکان دەمڕوانی

ئەو تاڤگەیەش: کە من دەچم ئەو بە خوڕتر دادەکا

سەر بە تاشە بەردێکدا دەکێشێ و دەتریقێتەوە

بە خەونی سەردەمی مناڵیم پێدەکەنێ و بیرم دێنێتەوە

ئەو وەختەی دەمخواست بیکەم بە پشتێن و ..

لە کەمەری خۆمەوەی بئاڵێنم..!

ئەو چیمەنانەش دەمناسنەوە و خۆشیان دەوێم

ئەو وەختەی دەبنە رایەخی بەرپێیانم ..پێمدەڵێن: سەر داگرە و

لە ئێمەوە فێربە: کە چۆنە سادەیی و بێفیزی

درەختەکان بەگوێمدا دەچرپێنن:

لە ئێمەوە فێربە چلۆنە میهر و پاکی

سەیری هێلانە و جریوەی مەلان بکە دەنێو باوەشماندا..

سەیری سێبەری رژاوی ئێمە بکە لەسەر زەوی ..

رووبار دەڵێ: دە تۆ ئاورێك لەو ئاوەدانییە بدەرەوە

که لەسەر هەردوو کەنارەکانم جێیاندێڵم ...

کرمی ئاوریشمین بە چرپەوە دەڵێ:

من دەمرم تا دونیا پڕبکەم لە "حەریر"

تووڵەرێی کوێرەوەبوو دەفەرموێ:

بۆ چیتە ئومێد که خەونی سەفەر هەبێ و

نەگەیت بە هیچ کەس و بە هیچ شوێنێك

(با) پێم دەڵێ: سیحراوی و ..ئەفسوونگەر بە وەك من ..

که دێم هەموو شتێك دەجووڵێ و ..کەچی خۆم دیار نیم

سەیری منی ئاسمان بکە .. چۆن بەسەر دونیادا دەگریم و ..

لەولاوە سەوزایی دەچێنم ..

لە منی چیا هەر هیچ فێر نەبیت ..

ئەوە فێربە کە دادەرمێی ..لە پەل وپۆ نەکەویت ..

لە منی درەخت فێربە..چەندە جوانە (بە پێوەمردن)

تەرزە بە باران دەڵێت: دە تۆ سەیرمکە چەندە جوانە خۆکوشتن ..!

چەندە جوانە خۆتواندنەوە .. لە ناو ئەویتر ..

منی بەفریش بۆیە دێم ..

تا داییۆشم ژەنگ وژاری خاك .... رەشایی دونیا

برینەکانی درەخت و گەڕبوونی چیا

دەچمەوە گەڕەکە کۆنەکەی خۆمان

دەورمدەدەن:پشیلەی گەڕو سەگەبەرەڵڵاوکەرە پشت زامدارەکان

پێم دەڵێن: تۆ نەگۆڕاوی هەنووکەش ئامادەیت ئێمە تیمارکەی

چ سەیرە کە من لە نێو کەس و کار و دۆست و هاوڕێیان

کە لێکدی دەتۆرێین: زۆر جاران

وەلێ قەت نەبووە .. تا هەنووکەش ..بۆ تاقە جارێك

من لە درەختێك ، لە مەلێك ، رووبارێك .. چڵەگیایەك

یان لە ئەشکەوتێکی هاوڕێم بتۆرێم

لە ژمارە نایەن دۆستانی من

لە ژمارە نایەن ناحەزانی من

بۆ دۆستان چیم هەبێ: جگە لە خۆشەویستی؟

**بۆ دوژمنانیش:**

**(ئەی خودا بیانبەخشە .. ئەو ڕقە هیچ نییە .. جگە لە نەفامی !)**

(**نەورۆزی ١٩٩٩**)

# هێرشی خێوەکان

تۆ لە هیچەوە هاتیت ..

لە قووڵایی تاریکی ئەشکەوتەکانەوە .. لە پێشەوەی سوپایەك ..

لە دێو و درنج .. لە خێو .. لەو سیخوڕانەی تاریکی راوەشەو

پیری کردن ..!

بە دەم شۆڕشی رەش و سەفەری بە پەلەت بۆ نێو شاری پڕ لە

موحیبەت و عیشوەی ئێمە

بە دەم ڕێوە هەموو رووبارەکانت .. وشك کرد

هەر هەموو دراستانەکانیشت سووتاند

دەغڵەکانیشت کرد بە سووتماك

نیشانەشت لە مەلەکانی ئاسمان گرتەوە .. تاك و جووت

کە هاتیت رەوە ڕەوە شەمشەمەکوێرە، کونەپەپوو، قەلەباچکەکان

سێبەری سەر سەرت بوون و دەیانقیڕاند

پێم نالێی لە بازاڕی تۆ جگە لە قسەی عەمبارەپۆ .. دروشمی درۆ ..

چی دیکەت پێیە بیفرۆشی ..؟

لەو چوار دیوارەی کە لە کتێبان هەڵتچنیوە ..

تا هەنووکە لاپەڕەیەکت تۆی نەخوێندۆتەوە؟

لەچی ورد دەبیتەوە..؟

بە دوو چاو کە لە دوو چاڵی پڕ پشیلەی تۆپیو دەچن

مەگەر دەرسەکانی مەرگ دەورکەیتەوە

تۆ چ زوو سروودی تاقانەی منت سەربڕی..؟

تۆ لەوەدا کۆڵنەدەری کە لە پەرت کردنی درۆکانت..

دروشمی عەمبارەپۆ وەڕس نابیت ..!

بۆ هەر کوێ بچیت خەونی زەرد و سووری سەرهەڵدانەوەی

شۆڕشی مەحاڵ لە دوای خۆتەوە دەچێنێت

تراویلکەکانی بیابانمان لێدەکەی بە ئاو و کانی

هاوار دەکەی: منیش وەك ئێوە شوانی بەرخەل بووم

هەنووکەش مێگەلێك لە پیاوی خەسیوو گرگن

شەوانە شەهوەت و شەراب لە لێوانتەوە لیك دەکا و ..

دەڕژێتە سەر مێزێکی مەڕمەڕ .. قەڵەباڵغ بە کاغەزی قومار و ..

سەفتەی دینارە دەق نەشکاوەکان

جانتا دیبلۆماسییەکەی دەستت لەبری پڕۆژە

پڕن لە پیلانە رەش و پەی پێنەبراوەکان

بە رۆژ بۆ فریوی من و ئەو هەردوو دەستەکانت بۆ ئاسمان

هەڵدەبڕی ..

شەوانیش هەردوو قاچی لەشفرۆشێکی لەبرسا مردوو..

دەفتەرە چکۆلانەکەی بەرباخەڵت پڕە لە ژمارەی تەلەفوونی ..

ئەو کچۆڵانەی هێشتا نۆرەیان نەهاتووە بە دەوری .. مێزەکەت دا..

ماندوو نەبن لە سەما و سووڕدان

تۆ بۆ ئەوە هاتیت لەو دوورەوە لەسەر قەڵاوقوللەی کۆشکەکانتەوە

لەو دیو ژووری شووشەبەندی بالکۆنەکانەوە ..

دروشم و درۆ لە کتێبە رەشەکان قەرز بکەیت و ..

وەك شەکرۆکە بۆمانی هەڵدەی تا بیگرینەوە..

هەر جارە و بە ماشێنێکی دوا مۆدێل شاهانە ..

بە شەقامە پیسەکاندا تیژ تێپەڕیت

مناڵە پێخاوسەکانمان، رووت و ڕەجاڵ ، وەك ناوکی

نەبڕاوی بێچووە پشیلەکان بە دوای خۆتەوە رادەکێشیت

دریغی ناکەی .. .. بەقەد ژمارەی شەهیدەکانت..

قاپی ویسکی و شامپانیا و کۆنیاك ریز دەکەی

هەر پێکێك و لە چاوی شەهیدێك هەڵدەدەی

تۆ چەندە ئەمەکداری ..

شەوانە کە مڕ و مەست دەبیت بە دزییەوە سەردانی ..

ژنە زۆر تەنیا و جیماوەکانیان دەکەیت

میهری خۆتە و حەز ناکەی مناڵەکانیان لەخەو راچەنن..!

حیکمەتی تێکۆشانە .. دەبوو ئەوان بمرن

تا تۆ پتر و پتر تێبگوشیت ..!

تۆ لەوێوە هاتوویت .. لە مەملەکەتی مەرگەوە ..

به لەشكرێك له دەرد و درم و ... تاعوونەوە

بۆ هەر پرسه و .. زەماوەندێك : دەمامكێكت لەسەرە

بۆ هەر بۆنەیەك جەلجەلووتێكت ئەزبەرە

هۆ شۆڕەسواری شۆڕشی مردووان

پێم نالێی لە ژێر ئەو سەدەها دەمامكەوە

من چۆن چۆنی تۆ بناسمەوە ..؟

(١٩٩٦)

# تەنكبوونەوەی رۆح

ئاواهی سەما مەكە .. ئاواهی پێ لە زەوی مەكوتە
دەترسم باڵ بگریت و ... هەر رۆژێكە و ... هەر شەوێكە
چاو تروكانێك و ... ئیتر تا ئەبەد ...
بفریت بگەیتە شانشینی یەكێ لە ئەستێرەكان
چما تۆ چەند دڵت هەن ...
تا ئاواهی دەستەسڕی راخراوی سواڵكەران
لەسەر هەموو شۆستەكاندا ... لەبەر پێی رێبواران رایبخەیت...؟
لەبەر قاپی بێوەژن و قەیرە كچ و سۆزانییە بەدبەختەكان
قوتیلە و ... چرا ئاسا دایدەگیرسێنی ..؟!
تۆ هەڵگری چ موعجیزەیەكی ...
تا بتوانی ئاواهی لە ژێر پێستی وشك و چرچەوەبووی پیرەژنەكان

ئەو هەموو ڤینۆس-ە نووستووە وەئاگابێنی ...؟

لە کام خوداوەند ...ئەو هەموو دەستانەت قەرز کرد

تا ئەو هەموو دڵە کەوتووانەی پێ هەڵگریتەوە ...؟

چ زوو ... بە چ سیحرێك بوویتە فریادڕەسی ئەو هەموو مریەمانە

مریەم-ە تەنیاکانی ژێر شۆڕەبییە غەمگینەکان ...

ئەم سەنتوورەی ژێر پەنجەکانت چەند هەزار ژێیە ...

یا تۆ .. ئەی ئەو مۆسیقاژەنەی بە هەزار پەنجە

لە هەزار ژێی خەم و خۆشی .. هەزار و یەك نەغمە دەژەنیت

لە رۆحی رەشەبا سەرشێتی و

لە تریفەی مانگیش ناسکیت قەرز کرد

چ باوەشێکە ئەوە کە ئارامگای ملیۆن مریەم-ی مەجدەلی-ە

ملیۆن ئافرەتی ئەتك کراو وسەرتاشراو و کەپوو بڕاو ..؟!

عیشقی تۆ مل شکانی تاڤگەکانە بەسەر تاشەبەردەکانا

کە زەوی بەیاری رۆحی دوژمنانت وشك دەکەن ..

چ میهرەبان ... بەراوی جۆگەلەی خوێنینی دڵەکەت..

بەر دەدەیتەوە سەر خاکیان..

کە دارستانە خائینەکانیش گڕ لەخۆ بەردەدەن

بۆ مەلە سووتاوەکانی لە کەلێنی پەنجەکانتا هەر هێلانەیە و..

خۆشی دەکەی . . .

ئاواهی مەچریکێنە .. با ئەو هەموو قەهر و حەسرەت و غوربەتە

ئەستێرە هەرە دوورەکان دانەڕژێنێ

مردووە نامرادەکانی نێو ئەشکەوتە خامۆشەکان ڕانەچڵەکێنی

لە کام بێستان ئەو هەموو شەمامەی دڵەت ڕنییەوە

لە کام ڕەز ئەو هەموو دەنکەترێی چاوانە ..؟!

پاشای چ مەملەکەتێکی کە ئەڤین تیایدا فەرمانڕەوایە

ئەندازیارانی ملیۆن پردی ڕووخاوی نێوان دڵەکان

لە چرکەیەکدا هەڵدەبەستنەوە

پزیشکەکانیشی وەك هەرمێ دڵەکان دەردێنن و دەیشۆنەوە

چ سیحرێکە کە کۆتایی هەموو جادە و کۆڵانەکان

هەر دەچنەوە نێو دڵی تۆ

مەسیحی چ ڕۆژگارێکی کە ئەو هەموو لازارۆس-ە

لە گۆڕەکان وەئاگا دێنێت

لە پشت عەباکەتەوە هەزار مریەمی مەجدەلییە
کەزی و بسك خوێناوی لە ترسی بەردباران خۆیان دەشارنەوە
ئەی ئەو فریشتەیەی زبانی ئەهریمەکانیش دەزانیت و ..
ئەی ئەو بەرگدرووەی بۆ ملیۆنەها مێینەی هەلاهەلای
دوای شەڕ و شۆڕی نێرینە جەهەننەمییە دڵ بەردینەکان
فریاناکەویت پەردەی کچێنیی بدووریتەوە

ماندوو نەبووی هۆ ئاسنگەری سینەسووتاو
ئەوەن لەسەر سندان شمشێر بشکێنی
لە باخچە جێماوەکاندا گوڵ ئاوبدەی .. هۆ باخەوانی مایە پووچ
ئەی ئەو قومارچییەی هەموو شتێکت دۆڕاند..
تا حیکمەتی شێتەکان ببەیتەوە
بۆ چیتە هۆشمەندی.. کە مامۆستاکان داهۆڵ و..
قوتابییەکانیش تووتی بن ...؟!

(١٩٩٦)

# [ چـرپـەیـەك ]

تەنها لەگەڵ تۆدا ...

دەتوانم بە دۆزەخی ڕەشی یادگارەکانمدا بگەڕێمەوە

ئەی هاوڕێبە ئازیزەکەم

ئەی ئەو گۆچانە پیرۆزەی لە هەموو خلیسکێکدا ..

خۆمی پێ دەگرمەوە !

ئێوارەیە و .. تەنها پەنا و پەسێرم تۆی

بەم ئێوارەیە .. گەڕیدەیەکم

هەموو سووچێکی شارەکەت وا نەفرەتم لێدەکات ..

بۆ کوێ بچم..لە کوێیە سامالی حەزی تۆ..؟

بارانێکی سوێر دەبارێ و .. توامەوە؟

فریام کەوە.. دەی دەخیلە سامالت ..

**کە بە منالّی .. وڕکم دەگرت و نەدەخەوتم..**

**بە گورك و سەگ دەیانترساندم**

**بەلاّم گیانە.. لەگەلّ تۆدا.. هەنووکە بە مردنیش بمترسێنن**

**من هەر ئەو سۆفییە عاشقەم ..کە مزگەوتی: چاوانی تۆن..!**

**کە دەستت لە نێو دەستمدا بێ چ جیاوازییەکی دەبێ..**

**چیمەن و گۆڕستانی بەجێماوی هەزار سالّە؟**

**تەنیا لەگەلّتا .. هەموو هەورازێکی سەختی..**

**ئەم ولاّتە پڕ هەورازە.. بۆ من لێژە !**

✯

**لەوەتەی دەتناسم .. بە شارەکاندا هەر دەگەڕێم و .. دەپرسم**

**خەلّکینە: کوانێ گۆرانییە ناخۆشەکان.. کوانێ کچە ناشیرینەکان؟**

**لەوەتەی دەتناسم ..**

**بۆ هەموو دونیا کەوتۆتە ژێر پەشمینی .. ئالّی چاوانی من؟**

**خەریکە خەونی شەوانم ..**

**لە خێو.. لە دێو.. لە جنۆکە.. لە مۆتەکە.. بژار دەکرێن..!**

دەستم بگرە .. توند بە خۆتەوە بمگرە ..

خەریکە منی گێژ و سەقەت ..فێرە سەمای پێش مردن بم

ئەی هاورێییە ئازیزەکەم ...لێت دەپاڕێمەوە ..

با شاژنانی بەژن زرافی خۆشەویستیت گەمارۆم نەدەن

لە سەرسامی .. لە خۆشیاندا نەوەك بمرم

ئاخر ئێمە.. کوڕانی ماڵە هەژارەکان فێریان کردووین:

ڕۆڵە .. هەر زەردەخەنەیەك ..فرمێسکێکی لە دواوەیە !

هەر زانێك و .. مردنێکی لە دواوەیە !

ئیتر گیانە خۆشت نەوێم ئاخر نەوەك .. نەوەك بمرم !

بەڵام نا.. بۆم وەرەوە ..فریام کەوە..

من ئەو مناڵە ئیفلیجەم کە تۆ دەبینم پێ دەگرم !

☆

وەرە بچرپێنمە گوێچکەت ..نەبا کەسێك گوێی لێمان بێ ..

گەر دەتەوێ پێبکەنی..من نوکتەیەکی زۆر گەورەم

خۆ گەر عاشقە گریانیشیت..

**ئەوا من داستانی خەمێکی مەزن و زیندووی..هەزارساڵەم..!**

☆

**من دەزانم .. دەزانم چ دەریایەکی قووڵی تۆ..**

**کەچی هەموو شەپۆڵە شێتەکانی خۆت دەمرێنی و ..**

**منیش منالێکی قەرەجی رۆخانەتم..**

**کراسە شڕەکەم پڕ دەکەی لە ماسی زەرد و سوور ..**

**من و پیرە دایکم خەنی دەکەی**

**من پێموتی:- ئەگەر هاتی.. سەرینت بەردی شاخێکە**

**پێستی خۆشت ڕەشماڵتە**

**ئەتۆش وتت: تۆ لەگەڵای ...هیچ قەیدی ناکا**

**ئەمشەو .. لە خەونمدا سەرقافڵەچی هەزارانێك بووم ..**

**هەر هەورازێك سەردەکەوتم یەکێك دەکەوت**

**یەکێکی دیکە جێیدەهێشتم**

**کەچی بۆ دوا جار..کە سەرم بەرز کردەوە تۆ لە پێشمەوە**

**هەر خۆت تەنیا مابوویتەوە**

تاشەبەردەكانت ڕادەماڵی و

چ شیرین.. بە ڕووما دەتریقایتەوە !

(هەولێر-١٩٧٩/٨/٢١)

# ڕمــان

که شاخێك دەڕمێ..

زۆر کەند و لەند و قۆرت پڕ دەبنەوە

که هەوری ئاسمانێك دەگرمێنێ ..

چی جوتیاری برسی هەن..

لە گریانی بێئامانیان ژێر دەبنەوە..

بەڵام .. گەر تۆ لە دڵما بڕمێی..

من مەرگی خۆم..بە چاوی خۆم دەبینمەوە

گەر هەوری خەمێکیشت..لە ئاسمانی خەیاڵما بگرمێنێ..

لە چاوانمدا دەبن بە دوو جۆگەلەی ئەسرین..

بەسەر ڕوومدا دەتەقنەوە ..!

( ١٩٨٣ سلێمانی)

# سەماو..سووتان

**دیسانەوە .. ئەی کۆترە خنجیلانەکەی بەر دڵم**

**هاتیتەوە بەر سێبەری هەیوانی مزگەوتی خەونم**

**تۆ .. ئەی ئەو ڕووباری خوێنەی مەلەی تێدا دەکەم**

**تۆ .. ئەی ئەو شاخی خەمەی هەڵگرتووی .. ماندوو نابم**

**مەڕوانە هێمنیم ..**

**من ئەو دەریا بێگێژەنەیە نیم .. خۆشتدەوێ**

**وەرە بزانە .. چ دارستانێکی مەزن لە نێو مێشکمدا .. دەسووتێ !**

**چۆن نەترسای .. ئەو هەموو باڵندە تەریوانەت ..**

**ڕەوانەی هێلانەکانی ئەم دارستانەی من کرد؟**

**وەرەو .. ئاسمانی خۆتیان بۆ واڵا بکە..**

**وەرە بۆ دوا جار ..بۆنی پەڕوباڵی سووتاویان بکە !**

**دەڵێن: ئەمساڵ زستانێکی زۆر سەخت میوانی ئەم وڵاتەیە**

**قەت مەترسە .. وەرە بەر ئاگری ئەم دارستانەی مێشکی من ..**

**کە بە هیچ بارانێکی ئەستوور دانامرکێ ..**

**ئەوسا .. کە سەهۆڵی نێو دەمارەکانت توایەوە**

**هەر وەك کەزی و زولفەکانت خاوبوونەوە..**

**هەستەوە و .. سەمایەکی شێتانەم بۆ بکە**

**ئاخر گیانە .. دونیا چییە .. عیشق چیە .. ؟**

**تەنها سەما و سووتانێکە !**

**تۆ تیشکی خۆر نیت.. کە خەڵکی بەیانیان پێڵوو هەڵدێنن ..**

**تیشکی خۆر دەپرژێتە چاویانەوە ..**

**کەچی بارانی خەمە خۆشەکەی تۆ ..**

**بەرایی لافاوی هەتاو دەگرێ و ..دەبارێتە ناو چاوانم ..**

**پێش تیشکی خۆر دەپرژێتە ناو هەناوم**

**تۆ دەباری و .. هەر دەباری و .. هەر دەباری ..**

**ڕەشەبای شارەکەشت .. هیچ چەترێکی پێنەهێشتووم**

تۆ چۆن توانیت هەم چەتر بیت و هەم باران ؟

تۆ .. ئەو دەنکە گەنمە بەجێماوەی.. وایت لە ماڵە هەژارێکدا ..

مێرووله سوورەکانی گیانم .. بۆنت دەکەن ..

دەورت دەدەن.. ئاخۆ دەتوانن .. هەڵتبگرن ؟

من و تۆ .. دوو تووله ڕێی باریکی خەمێکین ..

لە دووریانێکدا.. بووین بە خەمی شارێگەیەك

﴿ هۆ ڕێبوارە شەکەتەکەی ئەو ڕێگەیە گەر دەتەوێ ونت نەکەین

کۆسپەکانت بۆ تەخت کەین

عیشقی ئێمە و .. هەموو تووله ڕێگەیەکی ئەم دونیایە ..

بۆ شارەکەت بگێڕەوە ! ﴾

ئەی گەنجینە شاراوەکەی زەمانێکی زۆر دێرین ..

من دەترسم .. چۆن نەترسم

منی لات و بەردکێشی ئەم شاخانە .. تۆم دۆزییەوە ..

چۆن بتوانم لە هەزارەها برسی و چەتە و ڕێگرەکان .. بتشارمەوە ؟

بەدبەختییە ..بەدبەختیش نییە ..

**لەم قات و قڕی و نەهاتییە ..لەم برسیەتییە ..**

**تۆم دۆزییەوە ..**

**ئەی کۆترە خنجیلانەکەی ..بەر دڵم !**

(١٩٧٩)

# گمەی غەریبی

**وام لە دڵتا .. بۆ چ ئاسمانێك هەڵدەگری**

**بۆ ئەم دارستانە جێدێڵی..؟**

**بۆ كوێ دەفڕی هۆ هوزاری دەنووك خوێناوی ؟**

**زۆر دوور مەفڕە ..نەبا هێلانەی ئەم دارستانەت بیرچێتەوە !**

**تاكەی تاوێك ناسرەویت و .. باڵ لێكدەدەی؟**

**ڕوو لە كام دارستان دەكەی ..؟**

**كۆچی ئەبەدیت .. نەبڕایەوە چ ڕەشەبایەك هەڵیگرتووی ؟**

**دارستان نەما .. هێلانەی تۆی تیا نەبێ**

**ئاسمان نەما .. چریكەی تۆی نەبیستبێ**

**دەنیشیت و .. دەنووك لە خۆڵی خەم وەردەدەی**

**هەڵدەفڕیت و .. سەیری ئاسمانی پڕ تەم دەكەی**

**منیش ئەوەتام لە دڵتام .. گوێم لە گمەی غەریبیتە**

**بۆیە هەر چوار وەرزی من زستانە..**

**لە ئاسمانی دیدەی تاریکمدا هەمیشە فرمێسك بارانە**

**دە بەس گمەی غەریبیت بێ .. من لە دڵتا توامەوە**

**تا تۆ ئاوا چریکەت بێ .. من لە گریان ژێر نابمەوە**

**بۆ کوێ دەفڕی .. خۆ ئاسمان بێ کۆتاییيە**

**هەرچی حەزی دونیا هەیە**

**لە دەریای شیعرێك نەخواتەوە.. یا مەرگە یا جوداییيە ..!**

**هیچ مەلێك بە تەنیا .. ئاسمانی کۆچێکی نەبڕیوە**

**کام کۆست وا تەرەی کردووی ..سەرسەختی وەك تۆم نەدیوە**

**پەڕ و باڵەکانت هەڵوەرین .. بەس بەرەو بەرزایی هەڵفڕە ..**

**چ بێباکی ... چۆن ناترسی ..؟**

**لە هەموو ئاسمانێك .. هەڵۆی برسی گەلێك زۆرە!**

**لە چی دەگەڕێی.. بۆ وا وێڵی ..؟**

**ئەو دارستانەی تۆ دەتەوێ ..چیتر مەفڕە .. دەست ناکەوێ**

هەموو دارستانێکی گەورەی دونیا .. لێرە و .. لەوێ

دێوی پایز پەی پێدەبا و .. گەڵا و گوڵی دەوەرێنێ

لق و پۆپی تێکدەشکێنێ..ڕەشەبای شێت و هاریشی

هەزاران هێلانەی نێو دارستان دەڕمێنێ..!

هەزارەها هێلکەی جوانی مەلی ڕەنگین ..

وەك گلێنە و ئاوی چاومان.. بەسەر ئەم خاکەدا دەڕژێنێ..!

دە بەس گمەی غەریبیت بێ ..هەر شوێنێك دارستانێکی لێبێ

پایزی شووم بەو دەست و پەنجە زەردانەی

سەر و پرچی بۆ دادێنێ و لێی ڕادەکشێ و ..

بە ماچی ئەو عیشقە شێتەی دەیشەمزێنێ

تا دارستانی شۆخ ڕووت دەکاتەوە ..

لێی تێر دەبێ و .. پێی مەست دەبێ و ..

ئەوسا دەڕواو .. هێدی هێدی بەجێیدێڵێ

ئاوڕێك لەو مەرگەساتە ناداتەوە.. تا ببینێ ..

گەڵای زەردی سیس و ڕژاو ..هێلکەی شکاو ..

هەزاران هێلانەی دارووخاو .. چەندە بێناز ئاوا کەوتوون ..!

☆

وام لە دڵتا .. ئاخر بۆچی گوێم لێ ناگری

دە بەس گمەی غەریبیت بێ ..

دە بەس بگری.. تا ماوی باڵ لێکدەدەی

تا دارستانێکی دوورە پاییز .. وەدی دەکەی

ئەوسا لەسەر درەختێکی هەمیشە سەوز .. هەڵدەنیشیت ..

دەڵێی "ئۆخەی!"

دە بەس بفڕە .. هاکا لە فڕین کەوتیت

وەك گەڵای زەردی پاییز .. سووك هەڵوەریت

بۆ کوێ دەفڕی ؟ بۆ چ ئاسمانێ هەڵدەگری؟

بۆ کێ .. بۆ کوێ.. پاییزی ئەم دارستانە جێدێڵی ؟

ئای کە بێ دەربەستی ..چەند سەرسەختی

دەزانم .. چ شەیدایەکی گەورەی ئاسمانی سەربەستی

وام لە دڵتا ..بگەڕێوە .. هۆ کۆترە باریکەی حەزم

من عاشقی دارستانێکی .. بەر ڕەشەبای پایزم

دە بەس گمەی غەریبیت بێ..  من لە دڵتا توامەوە

تا تۆ ئاوا چریکەت بێ.. من لە گریان ژێر نابمەوە!

١٩٨٣/٩/٨ سلێمانی

# [ ئەوپەری پاك . . . . ]

بەر لەوەی .. تۆی زەریا بناسم ..

لە هیچ گۆمێکی لیخن و پیس ..مەلەم نەکردووە !

بەر لەوەی .. تۆی دارستان ببینم ..

بۆ هیچ درەختێکی زڕ .. من کڕنووشم نەبردووە ..!

بەر لە تۆش ..پەرژینی هیچ باخێکم نەشکاندووە ..

قەتیش گوڵی بێبۆنم نەدزیوە ..

بەڵام .. بەر لە تۆش ..

کەس دڵی بە کارەساتی من .. نەلەرزیوە..

بەر لە تۆ ..هیچ شۆخێك بە حەزی من ..

وەك تۆ کەللەی نەتەزیوە !

(١٩٨٣)

# بـارانی حەزو..غەموغوربەت

خەم داتگریٚ و.. خەم بتگریٚ

ئای کە چاوت ماتەمینی هەزار ساڵەی ..

ئەم دونیایە دەگریٚتە خۆی !

چاوانت تا خەستتر فرمیٚسك و خەم بباریٚنن

منیش پتر.. گەلیٚ قووڵتر خۆشم دەویٚن

دەستگیرانە ڕەش پۆشەکەم تۆ پیٚمبڵیٚ: ..

هەواڵی چ هەرەسیٚکت بیستووە

ئەمشەو بە تەنیا .. چ حەزیٚکی مەزن و غەریبت ناشتووە؟

بۆ ڕەش پۆشیت .. دەستگیرانە رۆح سپییەکەم..؟

ئەی حەزە ڕەنگین و پڕ هۆشەکەم

خەمی سالآنی نەهاتی ئیٚستا و کۆنت بۆ بارکردووە

ئاه.. گەر بمتوانیایە گوڵێکی دەگمەن بم

بۆ جوانی بمدەی لە سوخمە ڕەشەکەت

کلی عەتارێکی گەڕیدە .. بۆ چاوە زەرد و گەشەکەت

ئاخ و ئەگەر ..دەبووم بە زاوایەکی بێ برین و فرمێسك و کەسەر

زستانێکی بێ ڕەشەبا

هەزار خۆزیا ..

گەر وا بووبا ..!

❂

هاتمەوە .. پاش ئەوەندە ساڵە زۆرە ..

بە ڕەش پۆشی .. قژ بژ و .. سینە واڵا..

لەبەر ڕەشەبای زستانێکی سارد و سڕی

ئەم بەندەرە مت وەستابووی

ئای کە سیمای هەردووکمان چەند گۆڕابوو

بەڵام چاوانی زەردی تۆ ..

چاوانی پڕ شەرم و خەم و دەردی تۆ

هەرگیزاو هەرگیز.. نابن بە دوو گەڵای پایز هەڵبوەرێن

ناسیمنەوە و .. لەبیر ناکرێن ..!

عەزرەتی بووم و ...دەسووتام..کەچی نەمگرتیتە ئامێز

نەوەك گڕ لە باڵات بەربێ

بارانی ئەستووری هیچ وڵاتێك..

ئاگری دووری و غوربەتی تۆی نەکوژاندەوە

گەڵێ گریام ..

بەر لە تۆ.. هیچ شۆخێك فرمێسکی تاڵی منی.. نەخواردەوە !

زۆر پرسەم بینی ..

هیچیان کەزی و بسکی درێژی بۆ مەینەتیم نەکردەوە

دەستگیرانە ڕەش پۆشەکەم ..

ئای کە تۆ گەورەتریت .. ڕەنگینترە خۆشەویستیت

لە پەلکەزێڕینەی ئەم وشانەم

لە شەوی پەردەی بوکێنیت ..باسی هاوڕێکانی مناڵیمت بۆ دەکەم

منداڵانی مل باریکی ..گەڕەکە تاریکەکەی خۆمان

**کۆکەڕەشە زۆری کوشتن**

**باسی ئەو شەوە ساردانەی زستانێك**

**کە بێ پاڵتۆ یاساوڵی تۆ و .. شارەکەت بووم**

**ئەو ژەمانەی تێر بە سکی خۆم .. قەت نەمخواردوون**

**لایەلایە و ..ناڵەی تەنیایی دایکە سەر بە هەشەکەم**

**شەپازللەو کۆڵەمستی باوکە تووڕە و تۆسنەکەم**

**دەستگیرانە ڕەش پۆشەکەم ..**

**لە شەوی پەردەی بوکێنی بۆت باس دەکەم**

**قەت پێت ناڵێم: خۆشم دەوێی تا چیرۆکی سك سووتانی**

**هەموو ئافرەتانی هەر هەموو شارەکەمت بۆ نەگێڕمەوە**

**وەرینی بلیۆنەها گەڵای .. ملیۆنەها پایز**

**مەینەتی بەندیخانەکانی سەرەتا و ئێستای مێژوو**

**خۆشم ناوێی ..قەت پێت ناڵێم: خۆشم دەوێی**

**تا نەزانی یەکەم دڵۆپ فرمێسك و خوێن..کەی بوو ڕژان**

**ئەوسا هۆ دەستگیرانەکەم .. ئەوسا**

ماچت دەكەم .. وەك ماچی ئادەم بۆ حەوا

پاش فرێدانی لە بەهەشتی ڕەنگینی خوا

بۆنت دەكەم ..

وەك چۆن (یەعقوب) كراسی یوسف – ی بۆن كرد و ..

بینایی هەردوو چاوانی گەڕایەوە

دەم بە كانی سۆزتەوە دەنێم

هەر وەك ئەسپێكی لە سەفەر ماندوو تا حەدی خنكان.. تینوو..

لە ئاوی سوێر بخواتەوە..!

خۆ دەزانم.. بە قەد ئەستێرەكانی ئاسمان

چاوی زۆر جوانتر لە چاوی تۆ هەن

كەچی دەمەو ئێواران..فریشتە سپییەكانی ئاسمان دێنە خوارێ

لە گۆمی پاكی چاوانت مەلە دەكەن

خۆیان دەشۆن.. ئەوسا دەڕۆن..

تۆش دەزانی.. هەزاران بازووی بەهێزتر.

هەزاران پیاوی لە من داراتر

لەسەر ئەم زەوییەدا دەخورێنو.. هەن..

بەڵام دەشزانی..کە تەنها دڵی ژێر سینەی سەقەتی من

مێرگێکی هەردەم سەوزە..

بۆ لەوەڕی کارئاسکی بێ گوناهیت !

٢٥/١٠/١٩٧٩

سلێمانی

# پەنجەرەیەکی کراوە
# لە نیوە شەودا

شەو .. راشکا..دونیا هەمووی کپ و خامۆش

لە ژوورەکەمدا بێجگە لە هەناسەی خۆم

لە دوورەوەش جگە لە سەگوەڕێك زیاتر دەنگێ نایە ..

جێماوم تەنیاو فەرامۆش

تاو نا تاویش لوورەی گەواڵەیەکی دوور.. ئاسمان دەبڕێ

دەڕوا .. دەڕوا.. دوور دوور دەڕوا تا کپ دەبێ

" یا تانجییەکی برسییە و خەوی نایە ..

کە تەنها ئەو عزرائیل دەبینێ

لە ئاسمانەوە هەڵۆ ئاسا .. دێتە خوارێ ...چۆلەکەی رۆحێك ببات

هی راوچییەکەی بێت..یان منی مات ! "

هەموو شتێك لە ژوورەکەمدا سارد و سڕ و مردووە..

**تەنها دڵم .. دڵم نەبێ ..**

**چنگێك سەهۆڵە و دەشسووتێ !**

★★★

**باران چ بەخوڕ دەبارێ ..**

**بیابانی ئەو گیانە وشك و سووتاوەم .. قەت تەڕ نابێ..**

**باران درەخت و سەربان و چۆلەکە و شەقام و کەریش دەشواتەوە**

**تۆزی زۆری سەر چاوی من نەبێ**

**دونیا .. مات و تەڕ و تاریکە ..ڕووناکی بروسك نەبێ ..**

**جار و بار بەر بیناییم ڕۆشن دەکا و دەکوژێتەوە**

**بروسکیش زۆر لە ئەوینی – تەمەن کورتی – من دەچێ**

**چەخماخە دەکا و .. زوو دەمرێ ..**

★★★

**ئای ..منالْ چەند گوێی بە لایەلایەی دایکی خۆشە..**

**من هەزار ئەوەندەو.. گەلێك پتریش..**

**بە دارڕژان و شوڕەی باراناوی گوێسوانەکە..**

**لە لوورەی سەگ..فیکەی ناوەخت و خەمهێنی نیوە شەو**

فیکەی بێزاری یاساوڵێـکی عەزرەتی و ..

دووره باوەش و ماچ و خەو

★★★

کێیە دەڵێ زستان: وەرزی یادی کۆستی حەزی ئاسمان نییە؟

کێیە دەڵێ:

ئەم بارانەش گریانی یەزدان نییە؟

لێمان گەڕێن.. کێ ئیمشەو بەقەد من و ئەستێرەکان

غوربەتی سەری لێداوە؟

کێ وەك من و ئاسمان.. حەز دەکا بە گریان

گریان بە دڵ.. گریان بە چاو.. گریان بە گیان... ؟

بارانە و ..

خەمی پشیلەو کەرو سەگو یاساوڵو سەرخۆشەکانیش..

من دەیخۆم

بارانەو .. خەمی باڵندەکانیش هەر خۆم دەیخۆم

رووەو دارستانی چڕو تاریکی گیانم .. هەڵنافڕن

نا .. وانیە ..لە ژێر هەیوانی ماڵە هەژارە زۆرەکان

شەوانی باران هەژارەکان ..هێلانەی سۆزو عیشق خۆش دەکەن!

بارانە و .. بارانیش نهێنی گریانی ئاسمانە

ئەمشەو .. یادی کۆستەکەی چەندە گەورەیە

نەك تەنها خۆی ...بگرە فریشتەکانیش وا بە کوڵ بۆی دەگرین

خەریکە شینایی ئاسمان و ئەستێرەکانیش .. ببارێن

لێمانگەڕێن .. ئێوە بنوون..

ئێمە هەردوو ..بۆ کۆچی سووری پەریزادەی خۆمان و ..

پەریزادەکانی ئێوەش دەگرین ..!

ئێوە بنوون .. ئێمە هەردوو ..

لەبری ئێوەو سەگ و پشیلە برسییەکانیش.. وا دەمرین !

ئێوە بنوون ..

سەرینی نەرم .. خەونی سەوز

ماچی گەرم .. نەوس و گەوز

ئای رۆڵەکانم ..

من خەم و تاریکی کۆڵانەکانیشتان .. هەڵدەگرم

من لە باتیتان وا دەمرم ..!

★ ★ ★

هۆ خەمی خۆم .. زێدە جەرگم

بۆم وەرەوە .. هەروەکو بزنێك کە تازە کاریلەی لێ بەردەبێتەوە..

هێدی هێدی دەیلێستەوە .. وەرە و ئاواهی بتلێسمەوە!

دەرگاکان ناکەنەوە .. دە وەرەوە نیوەشەوە

هۆ خەمەکەم .. گلێنەی هەردوو چاوەکەم

بەس منم نازی هەتیوەکەی خۆم هەڵدەگرم

دە وەرەوە ..دەستەکانیشم نەماون تا بتگرمە باوەش

دە تۆ لە باوەشێم بگرە .. بملاوێنەوە

بڕۆرەوە کونجی دڵە بێ دەرگایەکەی خۆم تێر بخەوە!

★ ★ ★

شەوە و کۆمەڵێك تارمایی ..لەودیو پەنجەرەکەمەوە

سەیرم دەکەن و .. شەرم ناکەن

" کەس نییە شەرم دایبگرێ ..

من وەکو سەگ قەوارەی برینی خۆم دەلسمەوە

شەرم ناکەن ..سەیری منی بێ سیپاڵ دەکەن..

**کە من رووتم..ئاخر ئێوە خۆتان رووتتان کردووم ..!"**

★ ★ ★

**ئاه.. ببوورن شەوە و تەنیام...شەو و تەنیاییش ..**

**رەشەبای شێتی وڕینەیەکی پێهەڵکردووم**

**لە دارستانی مێشکما ..**

**ملیۆنەها گەڵای خەمی کۆن و نوێی .. پیَبارانددووم**

**شەو راشکا.. منیش نە شیعرێك .. نە ئاگردانێك**

**ئافرەتێك نییە .. سەرمای ئەمشەوم لابەرێ**

**کەسێك  نییە .. خەمی خۆم و زەوی پێبسپێرم**

**ئەمشەو بەتەنیا شینێك دەگێڕم**

**ئەمەی ئەمشەو شیعر نییە ..**

**دوا وڕینەی عیسایەکە ..گوێی لێبگرن لە خاچ دەدرێ**

**ئەمەی ئەمشەو باران نیە .. گریانی کۆستی حەز و .. خەمی شاعیرێکە**

**خەریکە ئەویش ببێتە تنۆکێ باران و بباریَ**

**ئێوەیش نوستوون .. نوستووی مردوون ..دە دەی ڕابن  ..**

**گویَ بۆ گڤەگڤی ئەم رەشەبایە شل کەن**

گڤە نییە..نوزەی کۆچ و سەرەمەرگی دایکتان بوو..

دوا ناڵەی پێش مردنی ..دە زۆڵ مەبن .. گوێی لێبگرن

ئەو تەمەی سەر چیاکانیشی لێگرتوون

دووکەڵی ئاخ و هەناسەی گەرمی شەوێکمە

هی شەوێکی بێداریمە .. هیچ خۆرێك نایڕەوێنێتەوە

تا تەمی خەمم نەڕەوێتەوە ..!

شەوێکی زوقم و بارانە ..

هەر خۆم تەنیام .. سڕ و سەرسام

★ ★ ★

ئەی تۆ لە کوێی

ئەی هاوڕێی شیرینی گیانە پڕ لە حەژمەتو کەسەرەکەم

تۆ لە کوێی ..؟

کە من بێدار بم..تۆ بۆ بێدار بیت..؟

تۆش بخەوە .. خەوت خێربێ..شەو زۆر ساردە و .. دڵم لە لاتە

ئاخۆ لێفەکەت لەسەر لاچووە؟

ئاخۆ سەرت لەسەر سەرین .. نەخزاوە؟

**لە ژووری –سەهۆڵبەندی- خۆمدا.. وا هەست دەکەم ..**

**داتدەپۆشم و هەردوو چاوانت ماچ دەکەم**

**دەڕۆم و خەوی خێرت بێ**

**ئەمشەو هەر خۆم تەنیا**

**خەمی باڵندە و کۆڵانو شەقامو پشیلەکانیش .. هەڵدەگرم..**

**بنوو چاوم ..**

**من هەر خۆم**

**لەجیاتی تۆش ئەوا دەمرم**

**بنوو عومرم ..!**

**شەوی ٩٧٩/١٢/٢٠**

**سلێمانی**

# [ پایزی ئەوین ]

چی ئەمشەو دەمنوێنێ..چی ئەم رەشەبایە شێتە دەوەستێنێ

کێ ئەم رێبوارە دوور و خۆشەویستەم .. گل دەداتەوە ..

بە رۆح خەڵاتی دەکەم .. گەر هاتەوە ؟!

کێ دێ دێوی پایزی چنگ زەرد بوەستێنێ

هەقی گوڵ و گەڵای باخی ئەم دونیایەی .. لێبکاتەوە؟

کێیە با بێ ..کۆش کۆش گەڵای بێناز کەوتوو .. خڕکاتەوە

قەد و باڵای رووتی درەختەکان ..

سەروملی رووت و قووتیان .. دابپۆشێ

بۆ خەم و مەرگی خەزان .. پێکێکی رەش هەڵدا و بینۆشێ

دەسا بابێ .. ئەمشەو .. شەوی تۆران‌و خەزان‌و باران‌و مەرگە

شەوی مردنی عیشقێکی بێدەنگە

حەزێكە وەك پایز سەد و یەك ڕەنگە

لە كن من هەر زەردیان ڕەنگی خەم و چاوەكانی قەشەنگە ..!

❄

چی ئەمشەو دەمنوێنیٚ

كیٚ دیٚ .. ئەم دڵە هەتیوەم بگرێتە خۆی .. چی هێوری دەكاتەوە ..؟

ئەو دڵەم هەڵەتە و كێوی ..

كیٚ بۆ قەفەسی سینەی سەقەتم .. دەیباتەوە ؟

ئەمشەو كە ئەوم لیٚ تۆراوە .. بە هەموو شاعیرانی ئەم دونیایە بڵێن

شینێكی گەورەم بۆ بگێڕن

خەنەی خەم ..بەسەر شۆخ و شەنگی شارەكەم ببەخشنەوە

هیچ كەسێك مەبوێرن ..دە شینێكی گەلە گەورەم.. بۆ بگێڕن!

گەلۆ.. هۆ دۆستو خزمان..ئەو گۆڕاوە .. زەردەپەڕی ئێوارانیش

پەلكەزێڕینەی پاش بارانیش لە من تۆراوە ..!

دە ئاخر گوناهە.. بە بێچوە ماسییەكانی ئەم دەریایە بڵێن ..

سەرچاوەكان وشك دەكەن ..ئەوسا هانا بۆ كیٚ دەبەن ؟!

پەیامی پرسەیەکی مەزن.. بۆ هەموو باخی دونیا بنێرن..

بەهاری ئەمساڵ ... ئاسمان دایناکا ..!

ئەمە زویری تۆیە دەیبینم ..

یان مەرگی بەختی ناپوختی خۆمە.. دەیبینم

ئێوە چیتانە .. بۆ خەمی ئەم خۆرە هەڵناگرن

ئیتر بەیانی .. هەرگیز هەڵنایە

بۆ خەمی ئەم دراستانە هەڵناگرن

دوا باڵندەی تیا تەری و .. نەگەڕایەوە ..!

کێ دارستانی بێ هێلانەی دیوە ..رووباری بێ ماسی

بەهاری بێ گوڵ ..خودای بێ عەرش

شاعیری بێ دڵ

کێ عاشقی بێهەنسك و بێ شیعر و .. بێ گوڵی بینیوە ؟

دەخۆ بەرد نین .. دە بجوڵێن ..

دە ئاگرێ بۆ زێستانی ئەم زستانە بکەنەوە

خۆ شارتان گۆڕستان نییە ..

پەنجەرەیەك .. بە ڕووی تروسکەی کزی ئەستێرەی تەزیوی ..

ئەمشەوم بکەنەوە ..!

چی ئەمشەو دەمنوێنێ کە سوڕ دەزانم لەژێر ئاسمانی غوربەتیت

خەو لە چاوانت ناکەوێ ..

بانگی هەموو هەڵۆ برسییەکانی ئاسمان .. دەکەم ..

چاوە قاوەیییەکانم بە وردترین دەمارەوە .. دەربێنن

ئەمشەو مناڵێکم ..

چیرۆکی پڕ لە جنۆکەی سەدان پیرەژن خەوم لێناخەن ..!

ئەمشەو .. هەرچەند دەکەم ..ناکەومە نێو باوەشی نەرمی خەو

تەنها من و ئەستێرەکانت بێدارین

من و مۆمی ژووری ساردم...هەردوو بێعارین

هێدی هێدی دەتوێینەوە .. نە بێزارە و .. نە بێزارم ..

سەیرکە چەندە بێبارین ..

چەند بێ عارین ..!

هەوری ڕەشی ئاسمانی چاوانت شەویان لا خۆشەویست کردم

نەشتزانی .. ئەمشەو بۆ لێوی بەبار و وشکەوەبووت ..

هەزار و یەك جار مردم .. ژیام و مردم ..!

لە دڵی تاوانبارم نەگەڕام .. بنوێ ئارام ..!

هەروەك مۆمێك .. دەتوامەوە و ..

بەسەر خۆمدا .. تك تك دەتكام !

❄

دە مەتۆرێ .. با شینایی ئاسمان و دەریاکان نەگۆڕێ

دە مەدۆڕێ .. با پەڕەی ناسکی ئەم ڕۆحە تەنکەم نەدڕێ

من دەزانم .. ئیمڕۆ .. سبەی .. یان دواتر

خەمی عیشقت ئاو لە چاوانم دەبڕێ

دەسا خوات بێ.. نەکوژێیتەوە ..!

ژوورەکەم .. سارد و تاریك و تەنهایە ..

شەو ببە فانۆسی ماڵە دەروێشێکی هەژار

لە خودا بەئاگا و بێدار

دە داگیرسێ ..ئەو دڵەم گەلێ تاریکە .. دە داگیرسێ ..

ئەم دڵەم گۆڕستانێکە

هەر گۆڕستانێکیش لە چرای پاکی غەوسێك دەپرسێ ..

دە داگیرسێ ..!

بۆم وەرەوە .. بۆ کوێ دەچیت ..؟

کە من کانی قەراغ گوند بم ..

بۆ لە چەمی بارانی لێڵ دەخۆیتەوە

کە من ئەمشەو خەوم نایە ..

تۆش تەنها لەگەڵ خەونێکما بۆم دێیتەوە ..

خەوم نایە ..کەی دێیتەوە..؟

(١٩٧٩)

# دەریای ڕەنگاوڕەنگ

**وەرە ئەمشەو .. کپ و بێدەنگ .. خۆت نقوم کە..**

**لە نێو دەریای هەوەسی ڕەنگاوڕەنگ**

**مانگەشەوە.. هەموو دونیا لە باوەشی شیرین خەوە**

**تەنها شتێ وەئاگابێ.. تریفەیە و ..**

**جریوەی خوێنی هەڵچوومە.. دەمتاسێنێ..!**

**دەسا وەرە وەك دوو ڕووباری خاکێکی غەمگین با تێکەڵ بین**

**لە شەتاوی یەك هەوەسدا.. دەست لەملانێ .. هەردوو بمرین**

**هەردوو بژین**

**هەردوو سڕ و سەرسامی چڕی یەك لەزەت بین ..!**

**کەس ناتوانێ .. ڕەنگی دوو ڕووبار**

**تامی ماچی دوو دڵدار.. لە یەکدی بسڕێتەوە ..**

تامی ئەمیان لەویتریان .. بدزێتەوە ..!

&

ئەمشەو ..چ کانییەکی روون: دەتبینم

منیش تینووی هەزار ساڵە

نا .. با هیچ شتێك شێلووت نەکا

نا . . . راکشێ .. خۆت لێڵ مەکە

وردە ماسی زۆری خەمت .. سڕ و نوستوون

بەختی خۆمە .. ئەمشەو: مردوون

تریفەکەش .. هەزار رەنگت پێدەگۆڕێ و

هەزار رەنگت پێ بەردەدا

سڕ و بێ دەنگ .. دێمە سەر چۆك

نەك بە قومێك .. یاخود: دوو قوم..ئەمشەو تینووم ..

تا دوا چۆڕ دەتخۆمەوە

تۆزی زۆری سەر لێوانم ..بە ماچێکی تەڕ و خۆشت .. دەشۆمەوە

من زۆر ماندووم .. ساڵەهایە وا بەڕێوەم ..قەت نەنوستووم ..

لە باوەشی پڕ میهری خۆت .. دەنگت نەیە .. بمنوێنە

بە نیگای چاو.. بەو پەنجە ترسنۆکانەت ..من بدوێنە !

&

وا چاوە تەڕ و غەمینەکانی تۆ پێم دەڵێن:

" منم بیابانی وشك و سووتاو

خۆر برژاندمی .. کەچی نەمدی تنۆکێك ئاو!

تۆش بووی بە بارانی یەك شەوە..دە بباریێ و .. خۆش مەکەوە

هەر گڵمتێك..هەر چنگێك لەو لم و خۆڵەم ..هەر درزێکم ..

هەر قڵیشێك لەو هەزارەها قڵیشەی خاکە وشکەکەم..

تینووی دەریایەکی بێ بنە ..تۆش بارانت هەر ئەمشەوە

تۆ هەورێکی دەربەدەر و هەم کۆچەریت ..

بەخوڕ داکە و .. دە کەرەم کە و .. خۆش مەکەوە

هەرچەند تۆ پتر بباریت ..منیش پتر دەکرێمەوە

لە ڕێژنەکەت دەخۆمەوە و ..

لە باوەشتا وەك بەفری پاك .. دەتوێمەوە !

بەیانیش کە هەڵدەستی ..بە هەر تنۆکێك بارانت ..

من سەد گوڵی زەرد و سوورم ....... دەرکردووە

روو لە هەر لایەك دەکەی .. من گوڵزاری هەزار باخم رواندووە..!

&

مانگە شەوە..

خەڵکی نوستوون ..هانێ ئەوە پەیژەی سەوزی رۆحم

رووەو ئاسمانی حەزێکی پڕ لە ئەستێرەم .. زوو سەرکەوە

هەتا بەیانی نەداوە و .... هێشتا شەوە

بۆچی دەنووی.. وەرە با بۆ دوا کەڕەت

خۆت نقوم بکە لە دەریای بێبنی منی .. پر لەزەت..!

&

وەرە کەسم .. ئەمشەو ..

هەر شەپۆلێکی دەریای حەزو هەوەسم.. هەزار رەنگە

هەر زەنگێکی خەم و ژانی .. ژەنگ گرتووشم .. سەدان دەنگە

دەسا وەرە .. وەك ئەو مانگە ..لە رووخسارم نزیك بەوە

هەموو ( زەمەن ) هەر ئەمشەوە..سا.. دەی وەرە ..

هەروەکو شیعری ئەمشەوم .. خۆت رووت کەوە

نە تۆ لە مەلە بێزاریت..نە من لە تۆ ..نە هەردووکمان ..

لە تریفەی پاکی ئەم مانگەشەوە

نزیکبەوە .. با بکەومە سەرشێتی و گێژەنە و شەپۆڵ بە یەکادادان

نزیك بەوە .. دەی نزیکتر

هەندرێن-ی خەم .. هەڵگورد-ی ژان.. تێکڕا رمان

نزیکبەوە ئەوەن هەڵچووم شەپۆڵە سەرمەستەکانم سەفەریان کرد

ئەوا رۆیشتن.. بوون بە پەلکەزێڕینە و ..گەیشتنە تاقی ئاسمان

بڕژێ بە سەرما .. چیە دەڕژێ؟

تریفەی شیرین ..یاخود پرشنگی چاوتە؟

دەنگێك وا دێ .. نرکەی دەریا ..

یاخود زەنگی ناوتە؟

نزیك بەوە.. زوو سەرکەوە .."زەمەن" هەر تەنها ئەمشەوە

تا بەیانی نەداوە و .. هەموو دونیا وا خەوتووە

تا دەریای هەوەسی سەرمەستم لەشەپۆڵو گێژەنی خۆی نەکەوتووە

زووکە سواری شەپۆلێکی رەنگاوڕەنگ بە

تا دەگەیتە دورگەی لەزەت .. هەموو دەنگێك ..

هەموو رەنگێك

لای هەردوومان هەم زیندووە و .. هەم مردووە!

کە گەیشتین .. ئەوسا وەك دوو سواری رووتی ..

ئەسپێکی بێ زین

دادەبەزی .. دادەبەزم ..

هەردوو بە جووت دادەبەزین

تاو نا تاوێك .. ماچی مزر ..لە لێوی یەکدی دەدزین !

٣٠/٧/٩٨٣

سلێمانی

# نوزەی تەنیـابی

ئێوارەیە و .. گریان سەری لـێداوم .. ئێوارەیە و بێ تۆ- یی دەمگرێنێ .. هەر چەند دەکەم رەنگت ونە .. کەچی تۆ خۆت کچی پەلکەزێڕینەی پاش بارانی .. هەزار رەنگی .. تۆش ئەی کچە مەزنەکەی بەر دڵم .. گەر ئەمشەو بمتوانیایە تێرتێر بۆنی قاوەی سووتاوی ئەو لەشە ئەسمەرەتم دەکرد .. لە کوێی .. دە تۆ لە کوێی؟ دە وەرە دیدەنی رمانی کێشوەری بوون و زاتم .. من کەی هێزی ئەوەم هەیە دەنگ هەڵبڕم .. لەوەتەی تۆ روو لە پەرستگای دڵە وێرانەکەم ناکەی .. عابدێك رووی تێناکات .. ئەمشەو چ پەیکەرێکی خەم بۆ تۆ بتاشم .. چ وشەیەك: بدۆزمەوە: بۆکرووزی ئەم دەروونە سووتاوەمی لـێبێ؟!

روو لە کوێ بکەم ..؟ بۆ نازانی شەوانی زستان دەرگاکان خڕ دادەخرێن .. بەم رەشەبا و بەفر و کڕێوەیە چ پەنایەك دەمگرێتە خۆی ..؟

هۆ کچە غەمینەکەی بەر دڵم .. بۆ خەمی ئەم گەردوونە پڕ لە گەردەلوولە ئەوەندە کەمە .. درەنگی ئێواران خەمی تۆ شەقامەکانی شارم بخەنە کۆڵ؟ .. شەوانە بە شەقامە چۆڵ و تاریکەکاندا دەگەڕێم و کەس نازانێ بۆ کێ دەگریم .. تۆ سێبەری و قەت لە باڵام نابیتەوە .. رەنگی چاومی و تا ئاوی بیناییم نەڕژێ .. ئەو رەنگە ناتوێتەوە .. تۆ ئەو خەونە سەوزە بووی بەرە بەیانییەکی زووی بەهار بێدارت کردمەوە.. تۆ چ برینێکی قووڵ و شیرینی .. نە سارێژ دەبی و نە دەمکوژی .. وەرەوە .. وەك شنەبایەکی نیوەڕۆی هاوینێکی قرچاو بۆم هەڵبکات .. وەرەوە وەك بەهاری پار دڵگیرم بە .. چاوە غەمگین و تاریکەکانت شەوە رەشەکانی گەنجییەتی خۆمم بیر دەخەنەوە .. چاوەکانت: خۆشم دەوێن .. بێ تۆ خەریکە وا دەمرم .. سەرە مەرگمە .. تۆ چۆن دەتوانی لە سەرەمەرگی مندا نەگریت و .. وەك شێت سینە واڵا نەکەیت و شەقامەکان لە کۆڵ نەگری؟ شەوە و .. گوێم لەو گۆرانییە بریندارەیە کە تۆم بیر دەخاتەوە!

ئەگەر ئەمشەو چۆلەکەیەك بوومایە ..

دەهاتمە ژێر گوێسوانەی ماڵەکەتان ..

گەر پشیلەیەکی کز و برسی بوومایە ..

دەهاتمە نێو پێخەفە گەرمەکەت

ئەستێرەیەك ..دادەڕژامە سەربانەکەت

گەر رووبارێکی سەرەڕۆ بوومایە..

لام دەکردەوە بۆ وشکایی دڵە بێ خوێنەکەت ..

بەڵام چیبکەم..؟

منێك تەنیا..

نە وڵاتی شێتەکان و

نە وڵاتی پیاوە ماقوڵەکانیش وەك عاشقێکی

سەرشێت رامدەگرن..

روو لە کوێ کەم ..بێ تۆ چیبکەم ..؟

خوا لە تەنیایی خۆیدا ..

قسەی لەگەڵ مووسا دەکرد ..

من لەگەڵ کێ..؟

مەلی تەنیاش .. بۆ درەختێك دەخوێنێ ..من بۆ کێ ..؟

**شەقامەکانیش مەستە دڵ پەستەکانی درەنگی شەو دەگرنە ئامێز ..**

**من کێ ..؟**

**خەیام پیاڵەی مەی دەدواند.. من کێ بدوێنم ..؟ ئاسمانیش دڵی بە ئەستێرەکانی خۆشە..من بە کێ دڵ خۆش بکەم..؟**

**ئەی لەجێی گشت کەسم .. ئەمشەو من بەقەد هەموو بێکەسەکانی ئەم دونیایە بێکەسم .. خۆت وتت:**

**" من لە زمانی ئاڵۆز و گرێ دراوت تێدەگەم !"**

**ئەی بۆ تێمناگەی..؟ وەر ئەمشەو چیم لێدەکەی.. وەرە وەکو پیرە دایکێکی کلۆڵ هەتیوەکەی دەگرێتە خۆی..بمگرە خۆت..وەرە وەك بای سەرشێت کە گەڵای سیس و مردوو دەخاتە سەما و سەرشێتی: هەڵمگرە .. گرنگ نیە دونیا کۆتایی بە سەهۆڵ دێ یان ئاگر ..؟ گرنگ ئەوەیە: خۆشت دەوێم یان نا..؟ ئەوەیە سەرەتا و کۆتایی من .. بەهەشت و دۆزەخ ..حەز و حەسرەت ..!**

**ئەمشەو نوێژێکی زۆر بۆ عومری درێژت دەکەم ..**

**ئەمشەو دەخۆمەوە و .. دەخۆمەوە و دەخۆمەوە ..**

من پێموتی .. بۆ باوەڕ ناکەی ..؟

من ئەو دەریایەم هەموو کەشتییە شکاوەکان لە باوەش دەگرم..من

ئەو درەختەم چوار وەرزی ساڵ، گەڵا بە خۆمەوە نابینم .. من ئەو هاوینەم

گەر فێنك نەبم .. نەفرەتم لـێ دەکرێ ..

تۆ منت خۆش ناوێ .. کچی کافر ..

منیش وەك جنۆکە و خێو و مۆتەکە لێت ناگەڕێم .. هەموو شەوێك دێمە

خەونت .. خۆشت بوێم ..لەبەر ئەوەی تەنیا تۆ منت خۆش ویستووە ..

خۆش ویستووە ....

ویستووە ..

(زستانی /١٩٧٩)

# قەرزێکی مەزن

**من چۆن بتوانم..**

**قەرزی میهر و ئەوینی تۆ بدەمەوە ..؟**

**گەر هاتو رۆژێك..ماسی توانی قەرزی دەریا بداتەوە ..؟!**

**گەر مەلیش توانی..قەرزی ئاسمان و چەم و درەخت..؟!**

**گەر بیستووتە..کانی قەرزی سەرچاوەکەی دابێتەوە..؟!**

**ئەگەر بیستت ..تەنها ئەوسا**

**من دەتوانم قەرزی میهر و خۆشەویستیت.. بدەمەوە..**

**من بڵێم چی..تۆ ئاسمانی بەرفراوانی ئەوینێکی..**

**منیش چۆلەکەی حەزی تۆم**

**تۆ وڵاتی گوڵزارێکی بێسنووری..**

**منیش.. تاقە یەك گوڵە هێرۆم**

**دەشێ هەموو عاشقەکانیش..**

**قەرزی زۆری شۆخەکانیان بدەنەوە..**

**من ..ناتوانم..بیدەمەوە..**

**هەروەك ناکرێ..**

**هەندرێن و پیرەمەگروون بگوێزمەوە**

**ئاوی دەریای هەموو گێتی..بخۆمەوە..**

**ئەو قەرزەی تۆ گرانترە..**

**قەت ناتوانم بیدەمەوە..!**

**٩/١٩٨٣**

**سلێمانی**

# نسکۆ

مەرگم زۆر دی ..

تەرمی هەزاران ئەوینم هەڵگرتووە..

زۆر خۆری خەندەی سەوز و سووریشم لە دڵدا ناشتووە

کەچی تا ئێستاش..شیعرێکم نەنووسیوە بۆنی مردنی لێبێ..!

خۆشم ویستی..کەچی تا ئێستاش ..

شیعرێکم نەوت رەنگی چاوانت هەڵبگرێ..!

❄

کە مەلی شیعرێکی پەرەوازەم..من جێدێڵێ و ... دوور باڵ دەگرێ

ئاسمانێکی پڕ لە دووکەڵ دەیخنکێنێ..

چی درەختی کەسەر هەمە گەڵای گریان دەبارێنێ..!

❄

تۆ ڕۆیشتیت و .... ماڵئاوا

چۆن چیرۆکی کۆچی گەورەت بنووسمەوە..

کە دارستانێك دەسووتێ..

جگە لە خۆڵەمێش و پشکۆ ..چی بەجێدێڵێ..؟

کە ڕووبارێك وشك دەکا..سەرچاوەکەشی کوێر دەبێتەوە

مەرگی ماسی و درەختەکانی سەر هەردوو کەنار بەکێ دەسپێرێ..؟

بگرە هەوریش بەختەوەرە..

(با) زۆر ئاسمانی دووری پێ شاد دەکا

تا لە سەر خاکێکی تینوو بەتاو دادەکا..!

من بە چی بم.. لە نێو دڵتدا کە نێژرابم

تۆش لە ژێر بارێك لم و گڵ وای لە گۆڕدا..!

❋

لێم ناگەڕێی..بۆ هەر کوێ دەچم

پەلکەزێڕینەی حەزی تۆیەو ئاوریشمی شیعرمە

هەموو ئاسمان و زەوی لێم تەنیوەتەوە ..

خۆشم ویستی..وەك دەروێش و خوا پەرستی ..

وەك شەو و مەی و مەستی ..

ئەو شیعرانەی بۆ تۆم نووسی ..

لە روویاندا دەروازەی دڵت داخست ..

کە بوون بە شنە پەنجەرەکانیشت نەخستنە سەر پشت ..

کە پایز هات ..

بۆ دارستانێکی رووت و مردوو خوێندمنەوە.

هەر درەختە و گەڵای سەوز و تازەی دەگرت

لەسەر مەزاری چەند شۆخێك نوسیمنەوە

هێدی هێدی..خۆڵی سەر گۆڕەکانیان لابرد.

شل شل بۆم دەهاتنە سەما..

تۆی تیا نەبوویت .. شاخی خەمم ..

دیواری بەردینی دەردم .. هەر نەڕما ..!

١٩٨٣

سلێمانی

# نهێنی

ئەم کەشتیەوانە..

زریان و باوبۆرانێك پاپۆڕەکەی تێك شکاند و ..

خۆی نەخنکا و .. گەڕایەوە!

ئەم پێشەوایە ژیرەش ..

سەدان شەڕی خوێناوی و قورسی دیت و بەبێ برین گەڕایەوە..!

ئەم زانایەش..

سالآنێکە لە ژوورێکی چکۆلانە هەر خەریکە و ..

ئیمڕۆ شادە و خوای دۆزییەوە!

بەڵام هیچیان تاکو ئێستا..

نەیانتوانی لە سنووری وڵاتی دڵی ئافرەتێکدا..

بپەڕنەوە..!

١٩٨٠

# سووتانی ئاو

وەرە.. سەیری دەریای ئەم ئەوینە بکە..

چ ئاگرێکی بێ ئامانی ... گرتووە..

پەریزادەی شیعری ناسك ..

تەنیا و ... بێ گۆڕ .. وا مردووە

❋

نە من بارانم .. نە تۆش بیابانێکی تینوو

ئەی چی تێکەڵ یەکدیمان بکات

نە من هەڵۆم و ..نە تۆش شەپۆلی با

ئەی چی بۆ سەر ئەو ترۆپکە بەرزە دەمبا..؟

ئەی بارانی خەمهێنی پایزێکی درەنگ ..

دە ببارێ.. وشکە زەوی..وشکە گەرووم..

دە ببارێ..گەلێ تینووم ..!

**شەوی ئازار و دەرد و مەینەتیم نابڕێتەوە**

**کەی ڕۆژم لـێ دەبێتەوە؟!**

**وەك کەشتیەوانی گەمی شکاو ..چەندە ماندووم**

**کەی چاو لێك دەنێم و .. دەنووم..!**

**عیشقم..وەك دارستانێکی بێسنووری سپیندار ..**

**هەر دەسووتێ و ناکوژێتەوە..**

**لە دەنگمدا گۆرانییەکی بریندار خوێنی لـێدەچۆڕێتەوە..**

**نوزەم..نوزەی غەریبی شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵڵایە و ..**

**هەرگیزاوهەرگیز نابڕێتەوە..!**

**وا بێ خەندە سەیرم مەکە..**

**چۆلەکەی چەندەها چیرۆکی پڕ گرین..بەرەڵڵا مەکە!**

**دڵم ئەوەن لاواز بووە بەتاقە هەنسکێکی تۆ دەبێ بە ئاو دەتوێتەوە**

**مەمخە گریان .. دەنا دەریای فرمێسکی چاوانم..**

**چیا بڵندەکانیش .. دەشارێتەوە!**

**١١/٦/١٩٨٢**

**سلێمانی**

# چیرۆكی خەزانی نەمری چاوەكانی

**چی رەنگی چاوەكانی وا زەرد كردووی؟**

**مەگەر نازانی كە پایز دەڕوا و.. دەمرێ**

**مەرگی مەزنی خۆی بە من دەسپێرێ..!**

**رۆحی ملیۆنەها گوڵ و گەڵا..وەك خوێن لە دڵدا .. دەگەڕێ**

**بۆ شین و پرسەی درەختی دونیا ..**

**چاوانم دەبنە ئاسمانی هەورباری پایز ئاسا ..**

**تا دێ .. بە خوڕتر دادەكا..!**

**دڵەی وێڵیشم.. لە ترسی مەرگی خەزان..**

**وەك بێچوە پشیلەی برسی.. تیژ و تیژتر..**

**بەسەر دار و بەرد و دڕكدا رادەكات ..!**

**ئەم ڕەشەبایە بۆ ناسرەوێ..؟**

**چی لێم دەوێت..؟**

**زریکەی چ خەمێکی ساوایە و شەو ناخەوێت**

**تەرمی بێنازی گەڵا و گوڵی ڕۆژانی عومرم**

**بۆ چ گێژەنێك رادەپێچێت؟**

**بۆ واز لە بەژنی وشکی درەختی عیشقم ناهێنێ؟**

**بۆ لقەکانی وەك لوولەی ئێسقانەکانم تێکدەشکێنێ؟**

**لوورەی چ هەواڵێکی تاڵ رادەگەیەنێ..**

**هەر دەگرێی و ... دەمگرێنێ..!**

**+ مەگەر نازانی..ڕەشەبای هاوار و ناڵەی سەرەمەرگی پایزە.**

**دەکڕووزێتەوە و .. لە من و تۆ ..لە هەردووومان زویر و زیزە..**

**بە دەم کزە و نسکۆی قورسی ماڵئاوایی ..**

**نرکەی پڕ لە ئازاری کۆتایی .. دەناورێتەوە**

**کەچی کەسێك گوێی لێ ناگرێ ..**

**بۆیە ئەوەندە ژان لە دڵ دەگرێ**

هاتنی هەزاران بەهاری چاو سەوز .. نایخەنە دڵنەوایی ..

ئەی تۆ نازانی جودایی مەرگە..مەرگە .. جودایی ..!

- مەرگەساتی پایزە..

وەنەوزی پڕ لە گەوزگەوزێنەی سروشتی ئازیزە..

دە وەرە.. بەقەد دڵۆپە بارانی ئەم وەرزە

ڕەنگاوڕەنگ و سەدان تەرزە

بە کوڵ بگرین.. فرمێسکی خوێنین هەڵڕێژین

بەقەد مەزنی مردنەکەی..شیعرێکی نەمر و جاویدانی ببێژین..

لەبری پەژموردەیی هەر گوڵێك..یان سەمای مەرگی هەر گەڵایە..

با بە جووتە تاڵاوی ئەم قەهرە بچێژین ..

با لەجێگەی هەر لقێکی وشك و شکاو ..

هەر گوڵێکی سیس و بێ ئاو.. درەختی شیعرێك بڕوێنین..!

+ مەگری ئازیز.. ئیتر پایز..

کە هەر ساڵەو دێت و ... لێرە دەمرێ

مەرگی خۆی بە من .. بە چاوەکانم دەسپێرێ..!

بۆیە ئاوا زەردن.. پڕ لە ژان و ..

خەم و ..رەشەبا و .. گەرد و دەردن!

دە وەرە ئەی شێتی خەزان..

هۆ شاعیری ماچ و رەشەبا و .. نان و باران ..

تا ساڵێکیتر کە پایز دێتەوە..

تۆ چیرۆکی گەڵا و گوڵە وەریوەکانی.. لە چاوانما بخوێنەوە

لەبری مەرگی هەر پەپوولەیەك..

سەد پەپوولەی سووکە رازم.. هەڵفڕێنە

ئیتر مەگری و ... مەمگرێنە!

١٤/٦/١٩٨٢

سلێمانی

# پرسیار

چۆن بووی بە تەم..؟

جاران کە ناویان دەهێنای

ساردوایێك دڵ و مێشكی تەڕ دەكردم..

بەلەمێكی پڕ لە گوڵ ..

رووەو دورگەیەكی سەوز دەیبردم!

چۆن بووی بە تەم..؟

جاران کە ناویان دەهێنای.. وەك سۆفییەك..

لە شەوێكی خەڵوەت و تەنیایی..

نوری خودا وەدی بكا..

كە تۆم دەدی.. لە حەژمەتانا ئاوا دەلەرزیم

چۆن بووی بە تەم.. رەویتەوە؟

جاران.. دوای خەونێکی کورتی بەربەیان..

به هەزاران ئەستێرە و گوڵ..دەڕژانە سەر سەرینەکەم

لە ژێر باری خوناوی سەر پێڵووان..گران چاوانم هەڵدێنان..!

چۆن بووی بە تەم..؟

جاران لەگەڵ قریوەت.. شەپۆڵە شەکەت و نوستووەکان..

لە بنی دەریاوە دەلەرزین..

دەکەوتنە سەر سەما و شان بادان

کە لەسەر کەنار

دەبووی بە چنار

چناری خەم

شەپۆڵەکان بە ڕووی تۆوە دەنیشتنەوە..دەست لەسەر دەم

ئێستا بێ تۆ .. سەر هەڵدەبڕم..

ئاسمانێك بەسەر سەرمەوە نابینم..

من بەبێ تۆ.. شەو تا بەیانی..چوار دیواری رووت دەدوێنم..

چ کارەساتێك..وەك پووشی بەر با هەڵیگرتی

کام گێژەنە نقومی کردی

چۆن بووی بە تەم..چ خەمێك بوو ڕەنگی بردی؟!
جاران .. جاران دوو ئەستێرەی چاو زەرد بووین لە ئاسمان
هەموو شەوێك..لە كانیاوی بەر بناران
ئارەقەی ماچو ڕامووسانمان لە خۆمان دەشۆری
دەست لەملانێ تێر دەگریاین:
بۆ مانگی هەڵەتەی دووری شاران
هەوری كۆچەری بێ باران..
دەستم دەگرتی..
بۆ پرسەی هەزارەها ئەستێرەی ئاسمان.. دەمبردی
چۆن بووی بە تەم ..
چی خۆشی و خەمی ساڵانی حەز و هەرەسی لە بیر بردی
گەر وەك من پەڕ و باڵت نەوەریوە..
باڵەفڕەیەك بكە
گەر تۆ زیندووی..
گەر نەمردووی..؟

(١٩٨٢)

# نــزا

هۆ کچە جحێڵ و پیرەژنە برژاوەکان لەبەر خۆرەتاوی گەرمەسێر..

ئەی دیلە پشت کۆماوەکان.

ئەی ئەوانەی لە گریان زیاتر زمانێکیتر نازانن..

لەمەو دوا.. گەر سینەی رووت و مەمکی وشکەوەبووتان..

بۆ بۆشایی ئاسمانێکی لێڵ و تاریك دەکەنەوە..

کە هاوار دەکەن.. دەپاڕێنەوە..

داوا بکەن..هەر چوار وەرزی ئەمساڵ هەر زستان بێ

هەر بروسکە و لێزمەی بەخوڕی باران بێ

تکا بکەن..بەقەد ئاهو نوزە و نزا و ناڵە و گریەی نیوەشەوتان..

ئاسمان وەك هەتیوێکی دڵسارد و بەجێماو

جێماوی ناو شارێکی پڕ کەلاوەی رووخاو بەخوڕ بەسەرتاندا بگری

**تکا مەکەن..**

**فریادرەسێك لەخەو رابێ‌و.. دەست بەم بانە تەپیوەدا بگرێ**

**هەرچەند ئێوە هانا بۆ ئاسمان دەبەن..**

**پتر و پتر.. چۆلەکەی مردوو سەر شەقامەکان پڕ دەکەن..!**

**ئەی ئەوانەی.. شەوانە خەون بە گۆڕ و سێدارەوە دەبینن..**

**تکا بکەن.. هەر چوار وەرزەکە زستان بێ**

**با بەفر و باران و زریان بێ**

**تا دەروونی وشکتان بشواتەوە**

**زەوی تینووش ئاو بخواتەوە**

**ئەمساڵ تۆز و خۆڵی گوناه..**

**سەربان و شەقام و کۆڵان و دارستانەکانیشی..گرتۆتەوە**

**تکا بکەن هەر باران بێ و ..قەتیش وشکی نەکاتەوە**

**گوناهی سەر قەڵاو گومەزو خاچ و کۆندڕەکان..چی دەیشواتەوە..؟**

**ئاخر ڕەنگی خوێنی ڕژاوی منداڵێك ..**

**بارانی هەزار ساڵیش نایباتەوە ..!**

# تانەی سەرچاو و ژەنگی ددان ..

# چی دەیشواتەوە؟

(١٩٨٢)

# منەمنێکی ھا ملێت

وای لە من . وای..

چ دونیایەکی نارێکە و شێواو.. کە تێیکەوتووم..

گەرەکە من بە تەنیا سیحرێك بنوێنمو.. رێکی بخەمەوە..!

نەفرەت لەو چرکەیەی لە تۆ جیا بوومەوە.. دایکە

هەزار خۆزیا.. لە دامێنتەوە نەدەرشایتەوە

خودا بتگرێو.. ئۆباڵی منت بە ئەستۆ

لە دوای ئەو رشانەوە پڕ لە خوێنو زووخاوەی تۆ

هەزاران جاریتر ئەم دنیا سەرخۆشە هێڵنجی داو..

بەسەر هەموو عومرمدا خوێن رشایەوە..!

گلەیی بێت..لەو هەناوە گەرمەی خۆتەوە..

بۆ دنیایەکی ئاواهی سارد.. تۆ فڕێتدام..

دەنێو تاریکی ئەبەدی رەحمی پڕ میهری تۆدا..

وەك دەڵەمەیەکی پاك چ خۆشبەختانە مەلەم دەکرد..

گوناهت کرد.. گوناهێکی گەلێ گەورە..

بۆ هەڵتدام بۆ نێو رووناکییەکی وا کوشندە..؟

رۆناهییەك کە بە شەوارەی خستم...هەردوو چاوانی کوێر کردم..!

کێ پێیوتیت: من حەزم لە سەفەرێکی وا سەختە..؟

دونیایەك وا ستەمکار.. سپڵە و ساردتر لە دڵی دڵدارەکەم..

تۆش دایکە.. هەتا تۆش..سپڵە دەرچوویت.. سپڵەتر لەم زەمانە..

سپڵەتر لە –ساتورن-ی خوداوەند ئەو وەختەی..

شێتانە قەپ لە بێچووی خۆی دەگرێ و..دەیخوات..!

دڵرەقتر لە پایز ئەو وەختەی بە نێو دارستاندا پیاسەیەك دەکات..

هێشتا کفنی باوکە زەرد هەڵنەگەڕا بوو..

کە تۆ دەستت لەگەڵ مامەکانم تێکەڵ کردو..

خزایتە نێو پێخەفیان..

ئۆفیلیا-ی جوان..

ماڵئاوا لە تۆش .. ماڵئاوا..

لە کوێ پاکیزەیی خۆت وەك کاژی مار فڕێدا..

ئەی یاری ڕۆژانی دڵساردی و شەوانی دڵگوشران..!

تۆ هەنووکە بووی بە یاری بەردەستی..

پیاوە لەپ ڕەشەکان.. میرو پادشاو بەگزادەکان

ئەو  وەختەی سەدەها چاڵ لێدەدەن..

بۆ لە گۆڕنانی ئەوینمان

ئۆف دایەگیان.. نەفرینە هەتاو.. من گەرەگمە بگەڕێمەوە..

نێو تاریکستانی منداڵدان..!

لەوێندەرێ چەندە  ئارام بووم مت و کپ و خامۆش

مەگەر خورپەی دڵت، جاروبار، دەنێو گەرمەی خەو..

رایدەچڵەکاندم...

کە خوێنی پڕ لە تەوژمی ترساوت دەرژایە..

نێو دڵە چکۆلەکەمەوەو.. دەیتاساندم

لە تاو شەڕی پیاوە نینۆك درێژو کەڵبە تیژەکان..

ئەو وەختەی لەسەر شۆخیت شێتانە دەجەنگان

منی دەڵەمە.. چەندە بێئاگابووم لە جەنگی خوێناویو..

هەرای نەبڕاوەی دڕندەو دڕندەکان..

نەفرەت لە خۆر ئەو وەختەی بەرپێی جەنگاوەران..

ڕۆشن دەکاتەوە

نەفرەت لە ئاو.. ئەو وەختەی قوڕگی وشکهەڵاتوویان..

تەڕ دەکاتەوە

نەفرەت لە ئاگر.. لەو شەوە ساردانەی

بکوژەکان خۆیان لەبەریدا گەرمدەکەنەوە

نەفرەت لە داروبەرد.. لە هەموو شتێك..

کە ئەوەندە ئاسان دێ بە چنگیانەوە

نەفرەت لەو خاکەش کە شەقناباو.. هەڵیاننالووشێ

هۆ دایکەگیان.. وەرەوە بە دارەدارە بمبەرەوە..

منی منداڵ چیدی دەرەقەت نایەم

لەو شەوەوەی خێوی باوکە هاتو.. لە خەوی کردم

سوێندی دام کە تا ماوم: شەرەفە بجەنگم..

تۆڵەی خوێنی بەناهەق رژاوی بستێنمەوە

تۆش دەنێو پێخەفی مامەکانم بەزۆر دەرهێنم

وەلێ سەد حەیف و مەخابن کە منی ناکردە..نایتوانم..!

هۆ دایەگیان.. دە کەرەمکەو.. بانگم کەرەوە

ئەو رێیە زۆر دوورە، هەر لە ئێستاوە بۆ رابردوو

من..چۆن بتوانم بێمەوە..؟

تا دەگەمەوە ساتەوەختی یەکەم زریکەو..، قووتی دەمەوە

وەرەو دەستم بگرە.. من هەتاوە کە کوێری کردم

منی ساوا دەنێو مەیدانی شەڕکەراندا قەت گەورە نەبوومو..

قەت گەورە نابم..

دەنێو دیوەخانی گەرمی ئەو هەموو پیاوە عاقلانەدا

لەوە دەچێ من بە نەفامی خۆمەوە بمرم

گەر بە زۆریش بێ هەر دێمەوە

بە فرمێسکی زۆری چاوانم.. لە دوای هەزار جار دڵشکان..

**نێو منداڵدانی وشکەوەبووت تەڕدەکەمەوە..**

**دەنێو ئەو وێڵاشەدا جارێکیتر دەبمەوە دەڵەمەو..**

**بە پاکی خۆم شاد دەبمەوە.. دەژێمەوە..!**

**(١٩٩٤)**

# تـراویلکە

من لە خۆ ونبووم..

ئەوەندەی شەوانە بەنیو کتیبە زەردەکاندا بگەڕێم..

سەفەری هەمیشەم بەنێو کوشتارو هەرەسو دەردو دۆڕان..!

شاعیرانە دەڕوانمە مێژووی پڕ لە نوشوستیم

منالانە یاری بە بەزینەکانی خۆ دەکەمو..

وەریاندەگێڕمە سەر سەرکەوتنە دەستکردو درۆزنەکان

لە رووبارە خوێناوییەکانی خۆمدا مەلە دەکەم..

لە ڕمانو داتەپینی قەلاو مینارەو شاخەکانم رادەمێنم

لەو کچە جێماوو بێبنانەی پاش ﴿فتوحات و غەزەوات﴾

لەو قەیرەکچ و بێوەژنانەی لە چاوەڕوانیدا..

بوون بە پەیکەری زووخاڵ..

**لە دوای ئافاتی ڕەش و وەیشوومەکانی "ئەنفال"**

**پێدەشتی پڕ لە ئاسکە گیرۆدەکان .. ئاسمانی دووکەڵ**

**بریسکەی شمشێر.. کوڕژن و حیلەی ئەسپەکانی**

**ئەنفال و ئەنفال**

**ئەو شۆخانەی دارو دەوەن.. درك وداڵ قژیانی دەسکەنە کردو..**

**نەگەیشتن و شادنەبوون بە بازاڕەکانی "عوکاض" و..میرەکانی بیابان.**

**نەبوون بە کەنیزەکی نێو پێخەفی سوڵتانەکان..!**

*******

**شەوانە.. دوو بەتلی شەو راشکاوەو.. من هەر دەگەڕێم..**

**ئەوە خوایە ( مارکۆ پۆڵۆ ).. یان هەر گەڕیدەیەکی دیکە..**

**چیرۆکی وەحشییەتگەریم بکا بە سەفەرنامە..**

**وشەکانم لێدەبنە ئەسپەکانی مەغۆلو پیاوە ڕمبەدەستەکانی بیابان**

**چ تەپوتۆزێك.. چ بۆکڕووزو دووکەڵێك لە ئاگردانو..**

**پەرستگا سووتاوەکانم هەڵدەستێ..**

**لەودیو هەر وشەیەکەوە زریکەی کچێکی بێبنکراو دەمکوژێ..!**

گریانی ئەو منداڵانەی بە بێشکەوە هەڵدرانە نێو خەرەندەکان.!

هۆ مێژووی قەڵا سەختەکان..

لەبەردەم دەروازە داخراوەکانت دۆشداماوم..!

کلیلی دونیام دزیو ..دەرگایەکم بۆ نەکرایەوە.

هەموو سیحرێکم خستەگەڕ و وەڵامی مەتەڵ و پەرجوویەکی تۆم..

بۆ نەدرایەوە

کتێبی خوداوەندەکان و مەسحەفی رەشی شەیتانەکانم..

دەور کردەوە و تەلیسمێکی تۆم بۆ نەکرایەوە..

وای لەخۆم رەنج بەخەساریێ..

هەر هەموو کلیلەکان بە دەستمەوە عاسێ بوون..

دە ئەی مێژووی پڕ لە سەروەری درۆزنانەی خێڵە بەربەرییەکان..

من بۆ نەبووم بە درۆیەك لە درۆ رەنگینەکانت..؟

شەوانە تا بەرەبەیان دادەنیشمو..

بە گوێزانێکی کول سنوورە دەستکردەکان دەکرێنمو..

شارو گوندە لێکترازاوەکانم..

**وەك نیسك و نۆك... من تێکەڵیان دەکەمەوە..**

**لەو تاکە ژوورەی پێی دەوترێ: ماڵ..**

**هەرگیز چرا خەفە ناکەم..**

**بۆ ئاگری کوژاوەی "زەردەشت".. چ شین‌و واوەیلایە حاڵی من..!**

**بابیشم: پەست و سووتاوی ئاگری شەهوەتێکی تر..**

**شێتانە تێمدەخورێت کە بنووم..**

**ناچار رۆحی دیلم بە کۆتر دەکەم و هەڵیدەفرێنم..**

**خۆم دەبینم لە ئاسمانی ( هەڵەبجە )م‌و خنکاوم**

**لە گۆمی ( وان ) سەرئاو کەوتووم..**

**لەسەر بەیداغی سووتاوی ( چوارچرا ) دا**

**نیشتوومەتەوەو دەگمێنم..**

**لەنێو بازاڕی کۆتربازەکانی ( قامیشلوو ) دا**

**پەڕوباڵم هەڵوەریوە..**

**پیرەمێردێکی عەرەب چ  هەرزان دەمکڕێ..**

**کە خۆشم ئازاد دەکەم.. لە شەقەی باڵدەدەم‌و دەفڕم..**

لەژێر هەیوانیماڵێکی دارماوی قەڵاکەی کەرکووك..

یان خشتێکی دارزیوی منارەی "چۆلی"..

هێلانە بۆ خۆم خۆشدەکەم..!

شەوانە تا درەنگانێ پیرە دایکم دەستو دەرزی لە شەردان

سەرگەرمی پینەی هەڵتەقیوی کورتەکو شەرواڵەکانم..

بە تیلەی چاوێکی ترس تیاماو لە بابم رادەمێنێ..

ئەویش بەدیار لاوکە برینداره‌کانی ( کاوێس ئاغا)و..

"هاواری تورکان دوورەو کورد خائینۆ"

چ دڵگەرمانە هۆن هۆن دەگری ..تیلەی چاوێکی هەر لە منە و

بێهوودە نەخشە لەتوپەتەکانی بەردەستم..

بەیەکدییەوە دەنووسێنم..

لە باوکم رادەمێنێو..ئەویش سووکێ لە داخی گرانیی پەڕەی سیغار

لەتێکی نەخشەکەم لێدەدزێ..

بە چ زەحمەتێك و.. بەدەستوپەنجەیەکی لەرزۆکەوە..

سیغارێك لە سێ شارۆچکەو ده گوندی سووتاوم..

**ورد ورد دەیپێچێتەوە..**

**لە خەمی هەموو شەڕو شۆڕە بەزۆر دۆڕاوەکانی**

**دوا مژی نوشوستی و هەرەس..**

**دوا جگەرەی هەر هەموو بەزین و**

**رابوون و بەزین و رابوون و بەزینەکانی..**

**ماندووانە دەکێشێ و...مردووانە دەنوێ..!**

**(١٩٩٥)**

# دوا گۆرانی نیــرۆن

چ پادشایەکی ناسکە نیرۆن..!

گڕی لە (رۆما) بەرداوەو بێباك لە سووتان..

گیتار دەژەنێ

پێی جوانە مۆسیقاو دووکەڵ تێکەڵ بن..

ئەو منداڵێکی لاسارەو گەمە بە ئاگر دەکا..

گەرەکە بزانێ تەنها پریشکێك

چۆن دەتوانێ گڕ لە شارێك بەربدا..

رۆما دەسووتێ و ئەم مۆسیقا..

بەسەر جەستەو رۆحە سووتاوەکاندا دەپڕیژێنێت

شێتانە هەلهەلە لێدەدا..

باڵندەکانی شار بە پەڕو باڵی ئاگرینەوە..

بەرز دەفڕن و دەکەونە نێو کۆش و سەرتەخت و تاج و عەباکەی..

بۆنیان دەکا.. بۆنی خۆڵەمێشی سەر برۆو برژانگی

سەر دەمو لێوی.. سەر ژێی گیتارەکەی دەکا..

بە زمان خۆڵەمێشەکە دەلێسێتەوە..

ئەم باوکە میهرەبانە

بۆنی خۆڵەمێشی دەنووکی سووتاوی بولبولەکانی نێو قەفەزو..

لێوی ماچنەکراوی کچان لێکدی جیا دەکاتەوە

شاعیرانە خۆڵەمێشی پاش سووتانی کەزی وبسکی ژنەکان

لە لێوی بە شەراب تەڕی خۆی ناسڕێتەوە..

"رۆما" دەسووتێ و ئەمیش خاوخاو گۆرانی دەچڕێ:

( سوپاسم بکەن.. مێگەلینە..

کە لە شەوێکی وا سارد هەمووتانم گەرم کردەوە..

من دەمێ ساڵە ئەو خەونەم دەدی..

ئاخر مانگو ئەستێرەکان پێیان نەکرا شەوانی دەیجوور.رۆشنکەنەوە..

شەوانی تاریك کە من نەمدەزانی لەو ماڵانە چی روودەدا..

لەو دیو پەنجەرەو پەردەکان.. دوور لە فەرمانی من..

دوور لە چاوانی من ژن و مێردەکان...

دەست لەملانێی یەکدی دەبوون..

تف لەو مانگ‌و ئەستێرانەی نەیانتوانی نهێنی شەوانم پیشاندەن..

ئەوەتا هەنووکە هەمووتان دەبینم..

سمۆرەو سوێسکە.. کۆترو کەروێشك.. منالّو کچە نەباڵقەکان

ئەو ژنانەی بە کراسێکی تەنکەوە چاوەڕێ بوون..

چاوەڕێی مێردە مرو مەستەکانیان

خەوتوو لەسەر مێزی مەیخانەکان..

یان ئەو پیاوانەی بە بیانووی هیلاکی نان پەیداکردنەوە..

هەر لە ئێوارەوە خزابوونە نێو باوەشی ژنەکانیان..

ئەوەتا چ جوان بەناو یەکدیدا دێن‌و دەچن..

وای کە قەشەنگە ئەو تێکچڕژانە..

من عومرێکە بەدوای ئیقاعێکی وادا دەگەڕام..

بۆ مۆسیقاژەنین‌و گۆرانی پڕ لە گڕی خۆم..

ئیتر ئەوە دوا گۆرانی منە..

با مانگ‌و ئەستێرەکان بکوژێنەوە..

ئەوەتا چراخانی گەورەی من

چ کونجێك ماوە پڕشنگ‌و رووناهی منی تێنەڕژێ..؟

کێ ماوە لە ترسی ئاگر، لە تاوی سووتان، سەما نەیگرێ..؟

خۆتان چوستکەن و خۆ خەنی بکەن گاگەلینە..

چ جوانە سەماتان لە نێو سووتان..!

هۆ پیاوە نەوسنەکان.. ئەوە دوا مۆڵەتە..

لە هیچ زەمانێکی دیکەدا وا رووت نابنەوە.. ژنەکان

گوێ بگرن لە قرچەقرچی بەلەزەتی مەمك‌و پاژنەی پێیان..

وەرن فێرتانکەم کامەیە بۆکرووزی لەشی سپی..

هی گەنم رەنگەکان...

ئێوەش کچانی شەرمنی شار..

چ بیانوویەکی جوانە.. ئەم سووتانە..!

راکەن‌و باوەش کەن بە دڵخوازەکانتاندا..

چ سیحرێکە لە نێو یەکدیدا، توانەوەی لەشتان..

ژنانی شەرمن.. پیاوانی گرگن..

سوپاسمکەن.. لە گوناهەکان پاکم کردنەوە..

ئێوە بۆ هەر گوناهێکی کە هێشتا نەتانکردبوو..

هەزاران ساڵ لە دۆزەخدا دەسووتان..

شوکرانەبژێر بن.. بەم سووتانە لەو سووتانەی ئەوێندەرێ

ئازادم کردن.. هەمووتان..

من چیم کردووە.. تەنها ئەوە نەبێ..

ئەو دڵانەی لەتاو رقو لەتاو خۆشەویستی دەسووتان..

دەسووتانو دەسووتانو دەسووتان..

بەزەییم ئەوەندە زۆر بوو.. بە یەکجاری گڕم تێبەردان..

من پادشای مەملەکەتێك بووم خەونم بە یەکسانییەوە دەدی..

نەموێرا پاروو لە دەمی پیاوە تێرەکان ببڕم..

بیخەمە دەمی..منداڵە برسییەکانی ژێر چادرەکان..

دادی من لەوەدایە..

کۆشكو کەلاوەکانم وەك یەك سووتاند..

هەنووکە یەکسانن لە سووتان..

وەك یەکن هەبووە و نەبووەکان..

لە کتێبە زەردەکانی باووباپیران.. .. وتراوە ئاخر زەمان..

دونیا ژێرەوژوور دەبێ، کۆتایی دێ توخمی ئینسان..

یان لە ژێر بەفردا نغرۆ دەبین..

یان فەوتین بە گڕێکی بێئامان..

بۆ شەوێکی وا ساردو تاریك..

چ بە لەزەتە گڕ لەخۆبەردان..!

فریاکەون ئەی ئەوانەی ماون و هێشتا نەسووتاون..

شوورە بن بە دەوری کۆشك و عەرشی گڕگرتوومدا..

با بڕژێ سەدای مۆسیقاو چریکەی دوا گۆرانیم..

با داباریێت بەسەر لاشەی سووتاوو..

باخی قەرەبرووتی خەونەکانتان..

با بەر رەحمەتی من کەون هەمووتان..

با بەر لە بوون بەخۆڵەمێش..

سەدای سووتاوی گیتارەکەم و گۆرانی من بێ لە گوێتان..!

★★★

(١٩٩٨)

# ئەفسانەی گەورەبوون

رۆژانی تەمەن رابردن..

رەوە ئەسپێکی تەوێڵ سپی بوونو

سەرسمیانداو.. یەك بەدوای یەك هەموو کەوتن..

رۆژانێك بوو لە چڵە گیایەك ناسکتربووم

دەگریامو.. حەزمدەکرد زوو گەورە بم..

تروسکەی کزی ئەستێرەیەك بوومو

بەغیلیم بە تریفەی مانگ دەبرد

ئەو رۆژانە.. لەلارێو بەردەمیماڵەکان..

ئاخوریان بۆ کەر دەکردو ئەسپی رەسەنیان تۆری دەکرد..!

چیاکان سنووربەندی نێوان خێڵەکان بوون

رووبارەکانیش تخووبی لێکدابڕان

ئەو سەردەمە..سەردەمی شەرم بەخۆبوونم بوو..

تەریقبوونەوە لە گەورەنەبوون

حەزم دەکرد زوو گەورە بم..

وەك گوڵە گەنمێك بە تاوەبارانێك باڵا بگرم

تا پێم دەگاتە ئاوزەنگی‌و سواری یەکێك لە ئەسپە پیرەکان دەبم..

دەمویست بکەومە دوای تۆزی کاروانێك

ساڵانێك بەر لە ئێستا.. لە سەردەمێکی زۆر زوودا

دەنێو جەنگەڵێکی هەزار بەهەزاری ئەم دونیایەدا..

سەرقافڵەچی لە کاروان بزر بوو..

ئەوسا وەك هەنووکە نەبوو

هەرهەموو رۆڵەی دایك‌و باوکێك بووین

لەیەك لەگەن نانمان دەخواردو.. لەسەر یەك سەرین‌و..

بەهەمان لێفەش دەخەوتین..!

ئەوسا کەس نەبوو خەون ببینێ..

ژیان بۆ خۆی خەونێکی ئەرخەوانی بوو..

ئەوسا وابوو.. نەمدەزانی کامە فرمێسکەو..

کامەش شەونمی سەر گەڵاو گوڵ

نەمدەزانی کامە دایکمەو کامەش ژنە قەرەجێکی بێ چاوو دڵ

ئەو رۆژانە بەسەرچوون.. زوو تێپەڕین

وەك گوڵە هەناری بەشکۆفە بە رەشەبایەکی لەناکاو

زوو هەڵوەرین.

ئەوسا وامدەزانی هەموو برینێك دەمی کراوەی خونچەگوڵە

کلۆری گەورەی ناو قەدی پیرە درەختەکان

سینەی پڕ وەرەمی باپیرەمە

ئاسمان رەفتەی شینی خوشکە نەخۆشەکەمە..!

ئاخۆ کەی بوو قەرەجەکانی ئاسمان هاتن‌و فڕاندیان؟

ئەوسا منداڵ بووم‌و..

پیاوان وەك هەنووکە ئەوەن خوێناوی‌و دڵ بەردین نەبوون..

ئەوسا پێیان دەوتم: نەکەی باڵی چۆلەکە ببەستی

کانی بەرماڵان شێلوو بکەی..

نەکەی بەرد بگریتە میوەی نەگەیوی درەختەکان

بێچووە پاساری کەوتووی هێلانە دارماوەکان.. هەڵگرەوە

**وەلیّ هەنووکە ئەوسا نییە..**

**لەبری مایین.. سواری دیوارە نزمەکان دەبم‌و**

**غەمگینانە دەڕوانمە ماڵە تەنگ‌و تاریکەکان**

**گەڵای پایزن: ڕۆحە پەرتەکان**

**بۆچی ڕما پردی سەر زێی بەر ماڵان..؟**

**نەك پاشووبەستنی چۆلەکەو باڵ کردن**

**دەبینم پیاوان یەکدی دەخەنە نێو چاڵەکان**

**نەك شێلووکردنی کانی بەرماڵان**

**جەخار.. کە دەبینم:**

**پیاوان تف دەکەنە دوڕ چاوی ژنەکانیان**

**بەردیش دەگرنە خۆرو مانگ‌و ئەستێرەکانی ئاسمان**

**هەنووکە پێم دەڵێن: وەرە خواریّ لەو دارگوێزە**

**بەسەرچوو ڕۆژانی ڕاوە سمۆرە**

**پیاو بەو.. بەیەك فیشەك ئەم نیشانەیە بشکێنە**

**ئەوسا منداڵیمان گەمەی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی**

**نێو حەوزێکی شین بوو..**

وەلێ هەزار جار.. جەخار

ئەوەتا لەسەر شۆستەی بەندەرەکان

منالآن فرمێسكو باوێشك دەفرۆشن

کەسێك نییە بۆ سەفەری دووری

رۆندکی رەشی نێو سەبەتەکانیان لێبکڕێ

ئاخ چ درۆیەکی شاخدارە گەورەبوون..!

سالآنی هەپروون بەهەپروون..

دەگریامو.. دەموت: خودایە کەی بێو گەورە بم..؟

منیش وەك ئەو پیاوانە

سواری شەمەندەفەرە زۆر درێژەکان بم..

لە پەنجەرەی واگۆنێکەوە بۆ ئاسۆیەکی دوور بڕوانم

دوورتر لە تراویلکەی خۆزگەو خەونەکانم

بزە هەڵدەم بۆ شۆخە چەماوەو ماندووەکانی..

نێو باخو بێستان و کێڵگەکان

تاوێکیتر هەر لە خۆشیانا بگریمو

سلآو لە درەختە تەنهاکانی لاڕێگاکان بکەم..

ئەوە خوایە وەك پاڵەوانی نێو داستانەکان

حەز بە کچێکی قژ درێژ بکەم..

یان بکەومە دوای کچە قەرەجێکی لەبەرخۆر سووتاو

بەدەم زرنگەی زەنگۆڵەی ملی ئەسپەکانەوە گۆرانی بچڕم

ئیدی پارەم پێبێ سواری گالیسکەکان ببم

سواری ئەو شەمەندەفەرانەی ناپرسم‌و نازانم بۆ کوێ دەچن..؟

دەموت: گەورە دەبم‌و لە هەموو رووبارەکان مەلە دەکەم

خۆم دەدەمە بەر تاڤگەی قەدپاڵەکان

دەموت: کچانی نێو دۆڵی باڵەکیان

ژنانی نیوەڕووتی نێو چەم‌و کانیاوی دەربەندو کێوەکان

قەیرەو بێوەژنی سەر شۆستە هەرە تەنهاکان

هەر هەموو حەزم لێدەکەن..!

دەبینی ئەوسا چ خۆش دەبێ فریوی کچە نەباڵق‌و ساویلکەکان

گەورە دەبم و باڵا دەگرم

کەڵەگەت بەقەد ئەسپینداریك

ئەوسا بەکامی دڵ دەتوانم دەست لە ملی سوورە چنارەکان بکەم‌و

چ خۆش دەبێ گەمەکردن بە دەنووکی کوکوختییە غەمگینەکان

ئەو کوکوختییانەی لە منالیمەوە گمەی غەریببییان..

دڵە چکۆلەکەم دەکوڵێ..!

وەلێ چنارەکان بڕانەوەو.. بوونە سیسەمی بەگلەرو خواپێداوەکان

نازانم رووبارەکان رووگەیان بۆ کوێ گۆڕی..؟

کوکوختییەکانیش راوکران و..

بوون بە چەند ژەمێکی توولەو تانجی سوڵتانەکان

ئیدی تەواو.. سمێڵم مووگرە دەبێو

بێ باکانە لە شۆستەیەکەوە دەپەڕمەوە شۆستەیەکیتر

لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر..

ئەگەر شۆخێك لە نێو دڵی خۆی دەریکردم

وەك پەپوولەی نەسرەوتی سەر گوڵ..

خۆم دەخەمە نێو دڵێکیتر

کەچی ئەمێستا لە شارێکی زۆر قەڵەباڵغدا..

کە هەزارەها دڵو پەنجەرەی وا تێدا..

ئەو خانمە تەنیاو غەمگینەش کە شارێك بە سەریدا رشایەوە..

کە تارمایی من دەبینێ..

دڵو دەرگاو پەنجەرەی بە رووی مندا..دڵرەقانە دادەخات..!

بێچارە.. بێهوودە..

لە بەیانییەوە تا ئێوارە..لەسەر شۆستەی بەندەرو وێستگەکان دەوەستم..

لەو بەندەرانەی پاپۆڕەکانی لە وەستان بێزاربوون

لەپەو ڕوو دەکەوم

دەڵێم: ئەوە خوایە کەسێك دەست هەڵبڕێو

سڵاوێك لە منی ماڵ بەکۆڵ بکا..

یان لێی تێکبچێو.. ماچی ماڵئاواییم پێ کەرەمکا.

(وەلێ نە کەس دێتو.. نە کەس دەڕوات

هیچ شتێك لەم ناوە روونادات)

نابینم کەسێك سەفەر بکات.. چ ئەستەمە زوو گەورە بووم..!

مەرگەساتە.. مەرگەسات

ئەوسا هەر خۆم پادشای سەر تەختی مەملەکەتی مناڵی بووم..

ئەمێستا بۆ تاوێك شێتی بەر دەرگای خانەقاکان

تاوێك گەدای نێو دیوەخانی پیاوماقووڵان..

یان سەوداسەری نێو کتێبە زۆر ئاڵۆزەکان..

من چیم دابوو لە بازاڕی قاچاخچییان..

جیێ مەزاقی پیاوانی سەرگەرمی سوو.و.. سەلەم و قازانج و زیان

مەرگەساتە.. مەرگەسات

چ عومرێکی بەهەدەرچوو بوو.. کە من ژیام

نە لەم دۆزەخە جێم بۆتەوەو

نە بۆم دەکرێ بگەڕێمەوە بەهەشتە دۆڕاوەکەی

جاری جاران..!

١٩٨٧ – ١٩٩٦

# پەنجەکانت

**هەر پێنج پەنجەت...پەنجەی نەرمی دەستی راستەت**

**وەك پێنج ئاسکی ناسك رەوت...**

**با بێن..لەو باخەی سینەمدا بلەوەڕێن**

**با نەترسێن...لێیان دەگەڕێم..**

**بە دڵە ڕاوکەرەکەی خۆم دەڵێم: نەیانڕەتێنێ**

**هەر دە پەنجەت.. دە شەتڵە قامیشی شەکرن**

**بێ لێوی تەڕم... بێ ئاوی دیدەم..هەر دەیان دەمرن..!**

**هەر دە پەنجەت..وەك دە مۆمی سەرتاقی کڵێسای مەسیحایەك**

**لە شەوانی تەنیاییو خەمو بێداریما..بۆم دەسووتێن..!**

**تۆ نایزانی..پەنجەکانت.. بەسەر سەرو ملو پێستمدا..**

**چ سەفەرێکی خۆش دەکەن؟!**

**لە خۆڵەمێشی ئارەزووی مردوومدا چ ئاگرێکی سوور هەڵدەکەن؟!**

**دەمخەنە سەر ئاوازی شەپۆلێـکی شین**

**رووەو گوڵزاری دورگەیەك دەمبەن**

**ئەو پەنجانەت..کە بەسەر ئاکارو دیدەمدا دێن**

**وەك پەپوولە.. بە قەدو باڵامدا هەڵدەگەڕێن**

**نەرم دەخشن..سووك سووك دەخزێن**

**هەزاران کێوی ئازارو مەینەتی..**

**لە رەگەوە تێکڕا دەڕمێن**

**هەزاران چۆلەکەی نێو دارستانی دڵە ساردەکەم**

**دەکەونەوە باڵەفڕە..دێنە جریوە**

**هەر هەنسکێـکی رەشیش رەنگ بەردەداو سپی دەبێ..**

**وەك کازیوە**

**لە ناخمدا دەپشکوێ..دەبێ بە گوڵی سەوزی قریوە**

**شەوەهای شەو..ئەو پەنجانەت..**

**ئەوەن لەسەر سینەی تووکنمدا لەوەڕان**

ئەوەن ئاسمانی دیدەم بەسەریاندا..

دایکردە باران

هاکا سەر لە بەیانیێکیان..

وەك دە گوڵی سوورو سپی لە سنگما ڕووان

ئەوسا تۆش دەبی بە گوڵەباخ..

لە منی زەوی دەخۆیتەوە!!

ئەو پەنجانەت..من بۆیە خۆشم دەوێن

لە بەیانی تا ئێوارە..

لە ڕەنگ‌و بۆنی خاك نقوم دەكرێن

لە خمی خەم هەڵدەكێشرێن!

ئای گیانەكەم..دەشێ ئەوەن سپی‌و ساف‌و بلوورین نەبن

بەڵام هەر تەنها پەنجەیەكت..

بەقەد هەموو ئافرەتی ئەم سەر زەمینە پڕ شەكری

سۆزو پاكی‌و.. تامی هەنگوینە

ئای كە حەزم دەكرد..لە باتی دەمێك

**دە دەمم هەبووایە .. تا وەك ساوایەکی برسیو شیرەخۆر..**

**هەر دە پەنجەتم بمژیایە**

**ئەوسا وەك دە گۆی مەمکی زیوین**

**دەبوون بە کانیاوی رۆحو هەنگوین**

**دەسا وەرە..بە قسەی ساردو سڕ مەمدوێنە**

**خۆ پەنجەکانت..**

**لە هەزار تەلی مۆسیقا پتر..لە کتێبی هەزاران دانا زیاتر**

**دەمخەنە سەر ئاوو ئاگر..!**

**من دەزانم..ئەو پەنجانەت چەندێ ماندوون**

**شەوانە..لە هێلانەی سەر سینەم دوور بن**

**نە دەسرەون... نە سووك دەنوون**

**نینۆکەکانیشت لەسەر سینە تووکنەکەم**

**دەبن بە دەنووکی دە بێچوە چۆلەکەی شین ختووکەی رۆحم دەدەن**

**وەك ساوایەك خەنیم دەکەن**

**دەسا .. با بێن..ئەو پەنجانەت با نەترسێن**

بە نێو کۆلانە چۆڵو تاریکەکانی گیانمدا..

چ سەفەرێکی خۆش دەکەن

تۆ نایزانی..لە خۆڵەمێشی ئارەزووی ساردو مردوومدا

چ ئاگرێـکی سوور پێدەکەن؟!

با بێن..ئەو پەنجانەت..بە سەرو قژما دابێن

لە نێو هەر شانەیەکی رەشی مێشکمدا

لە هەر باریکە دەمارێکی سڕو وشکما

فوارەی خوێنی خۆشبەختی

سەرتاپای جەستەم ئاو دەدا

ئەوسا وەك بەندێـکی ئازادو نوستووی بەر خۆرەتاو

خاوو ئارام

دەکەومە نێو باوەشی خەوێکی شیرینو بەتام

دەسا با بێن ئەو پەنجانەت

ژێی پچڕاوی کەمانی رۆحی کلۆڵم ببەستنەوە

ئەوسا هەر خۆت..رزگارم کە لە دوا هەڵقەی زنجیرو کۆت

**مەلی خۆشترین ئاواز**

**لە هێلانە زەردەکانی دەروونم هەڵفرێنە**

**گەر گریاشم..مەپرسە لێم بۆچی دەگریم**

**رۆحێکی پڕ گرێو پرسیارو ئەوین..چیتر دەزانێ؟**

**جگە لە گرین!**

**مەپرسە لێم:  من بۆ دەگریم؟**

**من دەترسێم..گەر تۆ ون بیت.. من بێ تۆ کێم؟**

★★★

# چۆڵەوانی

من کە هاتم.. هیچم پێ نەبوو
کە هاتم.. رووتتر بووم لە رووتی
هاتم بێ دەستو دیاری
وەك شنەیەك کە لە درزی ژێر دەرگاوە..
بە دزی پەنجەرە داخراوەکانەوە بێ
یان سالاَنێك لەبەر قاپی کلۆمدراوی دڵتا بکەوێ..
هاتم...
کە هاتم وەك فرمێسك دەدرەوشامەوە
وەك گریان قوڵپم دەدا..
چون خەمێکی پیر رەش داگەڕا بووم
کە هاتم جگە لە قەهرێکی مۆری تۆ

جگە لە دڵێـکی وشك هەڵاتوو

جگە لە سێبەرێـکی کوژراوو گرمۆڵەی پاش کۆچی تۆ

هیچ کەسێك لەو ماڵە نەبوو

من هاتم‌و تارمایی جێماوی تۆ

جێماو لە پاش هەڵاتنی هەر هەموو خەونەکانت

بە پێی پەتی

جێماو لە دوای دارووخانی ماڵی عیشق

لەسەر لەپی بوومەلەرزەیەکی رەوتەنی

هاتم بە بۆن‌و رەنگ‌و تامی تاسەوە

ئەو وەختەی ناگات بە وەسڵی یارو..

کۆستی دەکەوێ

بە رازی گفتێـکی شیرین کە بەڵێن دەدا بە سبەی

کە بێ‌و.. کەچی ناگاتە سەر لێوان‌و.. دەمرێ

بە رۆحی شنەبای ئەڤین..

ئەو وەختەی ساتمە لە درکەزی دەکاو..

باڵەکانی هەڵدەوەریٚ

کە هاتم.. شەونمی باریوی سەر گەڵاکان..

باریبوونە سەر تەوێڵم

کە هاتم.. بەفری باریوی هەموو زستانەکان

لەسەر ئەبرۆکانم کەوتبوون

گەواڵە هەوری بەهارانیش لە نێو چاوانمدا.. دەسووتان

چی کانی کوێرەوەبوو هەبوون لە دڵدا..تەقینەوەو..

لەسەر پەنجەکانمەوە چۆڕچۆڕ دەڕژان

من کە هاتم دڵم قوڵپی دەداو..

بەر لە خۆم تاویداو گەیشت

کە هەستایت.. تا لە ئامێزم بگری.. توایتەوە

ئاخ لە باوەشی ئاگر بە سەهۆڵدا

ئەو وەختەی لە ماڵی زستان میوانە

هەمیشە ئاسمانی هەنسک هەڵدەدا

چاوەڕێی ترپەی پێی ناسکی بەهارەو..

کەچی ئەم هەرگیز ناگات

من کە هاتم.. خۆم‌و خۆم بووین‌و..هیچ کەسی تر

خۆم‌و خەونی دۆڕاوم‌و.. کەسی تر..

خۆم‌و برینی دەمکراوەم وەك خونچەگوڵ‌و..کەسی تر..

خۆم‌و رۆحی کەسیرەم تا ئەبەدو.. کەسی تر..

خۆم‌و خوێنی شینی درەختە کوژراوەکان‌و.. کەسی تر..

خۆم‌و پەیامی بەپەلە مردووی  سەرئاوکەوتووی..

رووبارەکان‌و هیچیتر

خۆم‌و دوا تریفەی خوێناوی رژاو لەسەر تەوێڵم‌و.. هیچیتر

دوا دەزوولەی هەتاوێکی شەرمن..

دە نێو گلێنەم‌و.. هیچیتر

جریوەی بزری ئەستێران لە بن هەوران

پڕشنگی خۆری وێڵ دەنێو ئاسمانان

ئەو وەختەی بۆ عیشقی یەکدی لێك وێڵ دەبن

دەکەونە تەڵەو فاقەی یەزدان‌و تێدەکەون

من کە هاتم.. هێشتا بۆنی ئەشکەوتەکانم لێدەهات

بۆکرووزی سووتانی دارستانەکان

سێبەرت هات و ماچم بکات.. رەوییەوە

پێی وتم: تامی گیا وا هێشتا لەبن زمانت

تارماییت سەیری کردم.. ترسا..

پێی وتم: وای لەو هەموو رەنگە شینو کوژراوەی

نێو ئاسمانی دیدەکانت

خەونی جێماوت ویستی ماچیکات: خەیاڵم

لەرزیو کشایەوە.. وتی:

لەکوێت هێناوە ئەو هەموو لەرزینەی ئاوی جێماو

لەدوای سەرهەڵگرتنی دەریاچەکانو..

مردنی کەنارەکانت

من کە هاتم.. کەس لەوێ نەبوو..

نە خۆم.. نە تۆ..

ئەو ماڵە بۆنو رەنگی مەرگەساتی گرتبوو

دەستێك کە دەستی منو تۆ نەبوو

دەرگای لەسەر پیرە خەمێکی تەنیاو دێرین..داخستبوو

هەر هەموو تاقو پەنجەرەو بنمیچو قوژبنەکان

تەونی ترساوی جاڵجاڵۆکەکان بوو

عیشقێك لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا

بە هەودایەکی باریکتر لە خەونی مناڵ بە نێو تونێلی شەودا

بەو بۆشاییەوە خۆی هەڵواسی بوو

کەچی نە من.. نە تۆ.. لەوێ نەبووین

تا لە خۆکوشتن قوتاری کەین

کە من هاتم.. هەر هەموو دەرگاو دڵەکان..داخرابوون..

بە چی دەچێ پێشوازی تۆ

ئەو وەختەی من هاتبمو..

کەچی دەستەکانم بە قەرز دابێت بە بەردەکان

تا خۆ بگرنەوە لە وەختی دارمانی یەکجارەکی شاخەکان..؟

چی لە نیگای گەرمی تۆ بکەم

ئەو وەختەی من نەتبینمو..

چاوەکانم بەخشیبێت بە کانیاوەکان..

تا دواجار تێر بە دڵی خۆیان بڕواننە مەرگی سەرچاوەکان..

بەچی دەچێ ماچی تۆ..

ئەو وەختەی من لێوەکانم بەخشیبێ بە شنەباکان

تا دواجار ماچی بکەن.. بیلێسنەوە..

گشت گوڵەگەنمە سووتاوەکان

بەچی دەچێ تاسەی راکردووت رووەو باوەشی من

ئەو وەختەی من پێیەکانم بەخشیبێ بە درەختەکان..

راکردوو لە دەست هێرشی لەشکری تەوربەدەستەکان

تۆ بە تەمای گوێبیستی چیرۆکی سەفەری سیحراویم..

لە دڵدا روونیشتی

بەڵام.. بەڵام.. بەچی دەچێ  کە من زمانم بەخشیبێ

بە فڕندەکانی جەنگەڵ لە دوای دارمانی هەر هەموو هێلانەکان..

تا بە رەزمی ئینسان بچریکێنن پڕ بە ئاسمانان

**کە من هاتم هیچم پێ نەبوو..**

**کە من هاتم کەس لەوێ نەبوو...!**

# لە ئێوارەیەکــدا.. کە دەمــردی

بەم دەمەو ئێوارەیە چەندە تەنیام..

چەندە غەمگین .شەڵاڵم لە گریان.. تەڕترم لە ئاو

تەڕتر لەو ئاسمانەی بەسەر سەرمەوە

ماندووتر لەو جەنگاوەرەی دەنێو برینەکان‌و خوێناوی خۆیدا جێماوە

من تیاچووم هاوڕێیان.. من تیاچووم..

من رسوا بووم.. رسوا..

من چیدیکە ناتوانم بچمە بەردەمی ئاوێنەکان

من غەمگینترم لەو کچە شۆخەی یەکپارچە رووخساری دەسووتێ

سەیرە.. من بە زۆر ویستم خێڵی مەیموون جێبێڵم‌و

بگەڕێمەوە ناو خێڵی ئینسان!

من لەو کچە بێ دەستەڵاترم کە بە دە جەنگاوەر..

چین لەسەر چین پێستی دادەماڵن و..قەستیانە بگەنە ناو هەناوی

چ ئەتکێـکی گەورە بوو ژیانی من

چ دۆڕانێـکی گەورە بوو پاکیزەیی من

لەم ماڵە.....لەم گەڕەکە......لەم شارە..

لەم مەملەکەتە دەرمکەن ..ئاخر من لە هەمووتان تاوانبارتـرم

من لە رۆحی بەرد تاریکترو پەنهانـترم

من چ گەمەیەکی ناشیرین و دۆڕاوم

دۆڕانێـك کە مەزنـترین قومارباز غەمگین بکات

خودایە من چەندە تەنیام..تەنیاتر لە گەڵایەك بە دەم باوە

تەنیاتر لە هەناسەیەك بەدەم ئاخەوە

کوا.. بۆ کەسێـك لەم دەورووبەرە نابینم؟

چەندە لەو خنکاوە دەچم کە هاوارەکانی لە گێژەنێـکدا بخنکێنن

لەو نەورەسە بریندارە دەچم بەر لە کەوتنی دوای پێـکان

بۆ یەکجار بچریکێنێ و بمرێ

نە ئاسمان بە موعجیزەیەك فریام دەکەوێ

نە زەویش لەسەر بستێـك خاکی خۆی دەمکا بە میوان

چ گەرداوێـکە وەك کەشتییەکی مەست دەمباو

لە قووڵایی زەریاکاندا نوقمم دەکات

وەك گەنجینەیەك لە دزە کوژراوەکان جێمابێ

بزرو تەنیاو جێ پەنجەی خوێن بەسەرمەوە

لە چاڵێـکدا توور فرێدراوم

ئاه.. بە چ عیشقێـکی شێتانەوە هاتمە نا و ژیان

سەیریکەن.. بە چ گۆبەندێـکەوە لێی دەردەچم

وەك جەنگاوەرێـك دڵی لە ناو دەمیدا بێ: دەجەنگام

کەچی میراتی من لە هەر جەنگێـکدا برینێـکە کە نەیکوشتووم

وەك هەر عاشقێـك دڵی لەسەر لەپی بێ هاتمە ناو ئەم باخەوە

کەچی لە پێشوازیمدا جگە لە هەڵوەرینی گوڵەکانو

زەردبوونی گەڵاکان هیچم نەدی

گەر بڕیارە بەم ئێوارە درەنگەو.. بەو هەموو خەونەوە

بە هەزار گوللە بمکوژن

چاوەکانم مەبەستنەوە.. ئاخر من گەرەکمە ئەو گوللەیە ببینم

کە کەللەی پڕ لە شۆڕشو شکۆی دۆڕاوم دەپژێنێ

منم پیاوێکی تا ئەبەد دۆڕاو
رسواو.. لە خێڵ دەرکراو...منم تا ئەبەد گەڕیدەو تەتەر
جادووگەرێکی ناشیرین‌و بێفەڕ
دەست لە زێڕ بدەم دەبێ بە خۆڵ‌و..
هەر شۆخێك لە باوەش بگرم دەبێ بە پەیکەر
من بووم کە عیشقی سەوزی دارستانەکان فریویان دام
دەنا دەنێو جەنگەڵ‌و بێشەڵانەکان ئاواهی ون نەدەبووم
من بووم کە سەرابی بیابان بانگی کردم
دەنا ئاواهی دەنێو لمدا ژێر هەرەسی خەونەکانی خۆم نەدەکەوتم
من گەر ئەوەندە عاشقی خەنین نەبوومایە
چۆن ئاواهی دەنێو گریانی خۆمدا تەڕتەڕ نوقم دەبووم
وەڵێ من هێشتا لەوێدام..دەنێو ئەو دڵەی دوا ترپەی خۆی
گوێ لێ دەبێ‌و.. ئیدی دەمرێ
بە ملیۆن خەون‌و خولیاو خەندەوە
من بێبەریم لە هەموو جوانییەکان‌و..چەندە نزیکم بە گوناهەکان
خوداوەندەکانیش پشتیان تێکردم

جێم نابێتەوە: لە دۆزەخی ئەهریمەنەکان

من لە کوێدا بوو کە کوژرام

دەستم بگرن‌و بمبەنەوە سەر سەری بڕاوم..خوێنی رژاوم!

لە چ زەمانێـکدا بوو کە هەلاهەلا بووم

وێڵم مەکەن‌و.. بمبەنەوە سەر لەت‌و کوتی رۆحی فەوتاوم

لەوێندەرێ بوو مناڵیم بزرکرد: دەنێو کوچەو کۆڵان‌و..

بازاڕو قەیسەری

ئاخر بەم پیریە چۆن بگەڕێمەوە سەر کوچە و کۆڵانی قەلەندەری

تۆ چەندە میهرەبان بووی..

ئەو کاتەی من دەمردم‌و تۆ هەناسەکانمت دەژمارد

لە پرسەی مندا فرمێسکەکانت وەك متومووروو هەڵدەگرتەوە

دەتکردن بە گەردانەو.. بەرملت پێ دەڕازاندەوە

چ میهرەبان بووی لە دامێنەوە

لە هەرەسی شاخەکانی شکۆمەندیم رادەمای

لە نیگا هەڵوەریوەکانم رادەمای

ئەو وەختەی لە هەردوو دیدەی کوژاوەم دادەڕژان

میهرەبانتر بە..دەستم بگرەو لە قووڵایی ئەشكەوتێـكدا بمشارەوە

كە تاریكی بمكوژێ‌و..رۆشنایی قەت زەفەرم پێ نەبات

وەك سۆزانییەكی كوژراو دوو بەرد بە قاچەكانمەوە ببەستنەوەو

بمخەنە نێو قووڵایی دەریایەكەوە

نەهەنگ‌و ماسی‌و مەلەوانەكان نەمگەنێ

دەمم پڕ بێ لە مەرجان‌و..باڵام پێچراو لە قەوزە

وەك كافرێك سەنگەسارم كەن‌و..دەنێو بەردەكاندا بمنێژن

نا.. ئیدی لەمڕۆ بەدواوە من گوناهە هەناسە بدەم

ئاخر تاوانە لەوە پتر هەوا ژەهراوی بكەم

مەمخەنە ناو ئەو رووبارەوە

ئاخر گوناهە لەوە زیاتر ئاوەكان بە خۆمەوە پیس بكەم

هەر بەو خوێناوو چڵكەوەو بمنێژن..

ئیدی ناكرێ لەوە پتر دەستەكان گلاو بكەم

مەڕواننە جەستەی نەفرینم بە رووتی..كەوتوو لەسەر تاتەشۆر..

با لەوە پتر نیگاكان شەرمندەتر نەكەم.. من هەر لە بوونمەوە..

بەر لە پەیدابوونی گوناهەكان بەر نەفرەتی خوداوەندەكان..كەوتم

بەر لە پەیدابوونی شەیتانەکان..من ڕۆحێـکی نەفرین بووم

بەر لە شیکردنەوەی ماناکانی کوفر.. من پیاوێـکی دۆزەخی بووم

من نەدەبوو دەرگاکان لەسەر هاتنی خۆم بکەمەوە

پەنجەرەکان بەسەر شنەی ڕۆحی کەسیرەم والا بکەم

چەندە دەبەنگ بووم کە تاریکی زیندەگیم گۆڕییەوە..

بە تاریکی ڕەحمی دایکم

من لە نوتفەیەکی حەرامەوە دارژامو.. رسکام

بۆیە دەبوو هەر بە دەڵەمەیی لەوێدا بمرم

ئاخ.. لە کوێدابوو.. کەی بوو کە عیشقی ژیان

لەمندا بزواو.. بە جووڵەی خستم

نەدەبوو خۆ کۆکەمەوە بۆ سەفەرێـکی وا دۆزەخی

من لە کرمێـك کە لە خۆڵ دەخولقێ..شەکەتو ماندووترم

من چنگی نوقاوی ئەو جەنگاوەرەم..

کە بەسەر خۆیو خۆڵدا گرژ دەبێو..ئیدی تا ئەبەد ناکرێتەوە

من لەوێـدام..

دوا نیگای ئەو عاشقەی لە دولبەر دەڕوانێو..دەکوژرێ

چ بێهوودە بوو ڕۆژانی تەمەنم

وەك هەزاران دەنكە زیخ لە كەلێنی پەنجەكانمەوە ڕژان..

ئیدی كۆنەكرانەوە

خۆم دەبینم وەك ئەستێرەیەك دادەڕژێم و..

لە تاریكایی ئاسماندا "فەنا" دەبم

ئەی خودا من چەندە شەرم لەو تەنیاییەی خۆم دەكەم

من بەو هەموو خەونە كوژراوەوە..چ شەوێـك داڵدەم دەدات؟

بەو هەموو گوڵە مردووانەی باوەشمەوە

چ باخێـك ئەوەندە میهرەبان دەبێ باوەشم بۆ بكاتەوە؟

بەو سەدەها تەرمەوە كە هەر خۆمم

گۆڕستانێـكی وا قەڵەباڵغ چلۆن جێم دەكاتەوە؟

بەو لافاوی گریانەوە روو لە هەر شارێـك بكەم..نوقمی دەكەم

بەو هەموو قەهرەوە بچمە سەر هەر كەرتەشاخێـك

بێ شك رووەو خەرەندێـك كە عومری خۆمە نغرۆ دەبم

من بە مەرجی هیچ بردنەوەیەك نەهاتمە ناو قومارخانەی ژیان

تا ئەو هەموو دۆڕانە بچنمەوە

من نەهاتم تا ئاوەدانی سەرمەستم بکا

کەچی هەر هەمووم وێرانەکانم بردەوە

من بۆ کەمێ ڕووناکی چاوم کردەوە

کەچی تاریکی و زەمهەریر پێچامییەوە

ئەی ڕۆحی شیرین..سەرمەستم مەکە بە ژیان

تامی مەرگ وا لە ژێر ددانمدا.. ئاشنام مەکە بە خۆر

من هەتاو بوو کە کوێری کردم

ئاشنام مەکە بە خۆت..دوای کۆچی تۆ ئیدی من سەرگەردان دەبم

لە تەکما ڕامەکشێو.. هەناسە مەدە ئەی جوانتر لە زیندەگی

دواجار ترسی گەورەی دووریت هەر دەمکوژێ

بە هاتنت.. ئەی سرکتر لە خۆشنوودی من عومرێکم هاتۆتەوە یاد

لە دۆزەخ گەڵێ گەرمترو هەڵایساوتر بوو

من بەگاگۆڵکێ هاتمە ئێرەو..

کەچی بەپیریو هەزار گۆچانی شکاومەوە وا لێی دەردەچم

گەر عیشقی سەفەر ڕووەو لای تۆ نەبووایە

چۆن ئاواهی ڕێگاکان وێڵیان دەکردم

وەرەو.. ئاشتم کەرەوە..دوای هاتنت چەندە ناتەبام لەگەڵ خۆمدا

من دەمرم‌و کەس ئەو سترانە خنکاوە نابینێ لە قوڕگمدا

من دەمرم‌و کەس ئەو عیشقە کوژراوە..نابینێ لە دیدەمدا

من دڵنیام نە گۆڕستانی عاشقەکان‌و..

نە هی شەیتانەکان نامگرنە خۆ

من تیاچووم هاوڕێیان.. تیاچووم

من ڕسوا بووم.. ڕسوا ....

٢٠/٣/٢٠٠٢

# ژنێك لە بەر پەنجەرە

ئەمشەو شەوێـکی زۆر جیایە..

شەوێـکە نە تاریکیو نە مانگـو..

نە تریفەو.. نە پەنجەرەی داخراوم وەك ئەوسایە..

بۆنی غەریبی لە خۆم دەکەم..

ئەم ماڵە.. ئەم پێخەفە.. ئەم سەرینو دۆشەگەی

من چەند تەنیایە

چرا کزو ئاگردانم خامۆشو چاوەکانیشم دوو چاڵی تاریکی

پەردەی مەیلەو سپی دادراو چەندە لە کفن دەچێ

خامۆشی چوار دەوریشم چ بڵندو چ ناقۆڵاو چ هەرایە

چ ساردە هەناسەم

چ خەمێکە چاوەڕوانیو چرکەچرکی سەعاتیش

**لە مێشکمدا هەر وەك کۆچەی ئاسنگەرانە..!**

**بۆنی غەریبی لەو کراسە تەنکەی بەرم دەکەم..**

**لە هەردوو گوارەی گوێم..و بازنەکانی دەستم..**

**لە ملوانکەی بەرملمو.. لە لەنجەی بێهوودەی بەرئاوێنەو..**

**هەر ساتەو گولاوپڕژێنی ژێر هەردوو باڵەکانم..!**

**راستو چەپ دەڕوانمو لە خۆمو ئاوێنە دەپرسم:**

**خودا لەبەر چاوانی تۆدا چلۆنم..؟**

**ئاه.. چ بێ ئۆقرەم.. بێ حەجمانم..**

**نە بە پێوەو نە بە دانیشتن بۆ ساتێك چییە ناسرەوم**

**بێ تۆ.. ئەم دوو دەستانەم چەندە لەخۆم زیادن**

**پەنجەکانیشم چڵو چێو..**

**باڵای کەمێك نوشتاوەم قەدی درەختێکی بریندار..**

**بە قەد پاڵێکەوە لە گوێی دارمان..!**

**چاوەکانیشم وان بەسەر چوار دیواری نیمچە رووت..**

**پێخەفێکی ساردو دوو سەرینی نارێك کەوتوو**

دەرگا والآ.. بێ سینەبەستو..

تەنها یەك قۆپچەی شەرمنی كراسەكەم ترازاو..

چاوەڕێی شنەیەكم كە خۆی لە بالآتەوە هەڵبسوێو بۆنی خۆشت..

بدزێو زووتر لە خۆت بگاتە لام

بەر لە خۆت ترپەی پێت.. نەرمە كۆكەت لە گوێمدا خۆش

بۆنی زۆر خۆشی هەناسەكەت..چەندە ماتو مەلوولم لەمشۆدا

لە عەشقێـكی دۆڕاو و ناچیزە دەچم

چاوەڕێ لەو دیو دەرگاو پەنجەرەكاندا

هەموو رۆحم.. لە دڵەوە.. لە بوونمەوە..

لە هەموو ئازای جەستەمەوە هەوەسێـك وەك تەم هەڵدەستێ..

بەری چاوام دەگرێ

لەسەری پەنجەكانمەوە تا ریشاڵی دەمارەكانی چاوەكانم چاوەڕێتین

دەرگام كراوە بە رووی رەشەباو تاریكیو تارمایی تۆدا

چ بێ ئۆقرەن دوو پەرداخی بەتاڵو قاپی شەرابم

لەخۆم بێ ئۆقرەتر.. شپرزەتر رەنگی ناو تابلۆكانمە..

**هەوای مۆسیقایەکی هێدیو غەمهێن**

**کە لە گەڵاو گوڵی باخەکەمەوە..هەڵدەستێ..**

**گەلێ لە من هیلاکتر..**

**پێخەفی تەنیاش لە من تینووترو**

**لە هەوەسدا زۆر ئامادەو شەیداتر ..**

**تا درەنگتر.. بۆنی غەریبی لە رۆحمدا کوشندەتر**

**دەمێکە داگیرساوم‌و خەریکە باڵەکانم کە بۆ تۆ کراوەن گڕدەگرن**

**بێهوودە پەردە لادەدەم‌و بێهوودەتر دایدەدەمەوە**

**غەمگینتر لە گوڵە هێرۆیەکی تەنیاو بێ ئاوو مل بەلارەوە**

**دەدەمە پڕمەی گریان..**

**بێباك لە دەرودراوسێ، لە ژن‌و پیاوی تیژتێپەڕی..**

**پشت پەنجەرەکەم**

**بێباکتر لە ئابڕووچوون‌و ئاشکرابوون**

**هۆن هۆن لەگەڵ پەنجەرەی کراوەو لەبەردەم ئاوێنەی رووت‌و**

**تریفەی شەرمن‌و لەرزیودا بەیەکەوە دەگرین**

چریکەی برینداری مەلێک کە شەوگار شەق دەکاو

تەنیاتر لە من..سەفەر دەکات..

چەندە تەنیاو ماندووتر دێتە گوێم..

چریکەیەك نەرمتر لە هەڵوەرینی باڵەکانی لەودیو پەنجەرەکەمەوە

بە دەوری ماڵەکەمدا دەخولێتەوەو دەچریکێنێ

هەروەك بڵێی نێرەکەی ونکردبێ..!

شەو تاریك‌و.. رێ نادیارو.. سەفەر وێڵ‌و..

هەوا ساردو..

هێلانەی دارماویش چۆڵتر..

لە ماڵی من خامۆشتر..

(بەهاری / ٢٠٠٤)

# بۆ تۆ... هاوڕێم

پێشکەشە بە
"حەیدەر کەریم"* ی جوانەمەرگ

ئەمڕۆ .. لە تاو کۆچی دە ساڵ لەمەوبەری تۆ
چەندە کەیل و پڕە دڵم .. وەك ئازیز مردەیەك ..
دەکەومە گەرمەشین و واوەیلایەك
تۆ دونیایەك ئاوات و ئازارت هەر بە میرات بۆ من بەجێیهێشت
ئاخر تۆ وتت:
مەرگی من تەقینەوەی هەزارەها سەرچاوەیە
سەوزبوونەوەی سەرلەنوێی دارستانێکی سووتاوو....
باخی قەرەبرووت و .. هەستانەوەی سەدەها کاوەیە

**بە مەرگی پیرۆزی تۆ قەسەم.. نە سەرچاوەیەك تەقییەوە و ..**

**نە درەختێکیش سەوز بوو**

**گۆڕت پڕ خەم بێ ..گۆی زەوی وەك ئەوسا ..**

**هێلکەیەکی پیس و گەنیوە**

**ڕەگی هەر درەختێکی دارستانی ئەم دەڤەرەش ..کرمێ و ڕزیوە**

**من و یاری جێماوت برسیمانە ..**

**چی لە هێلکەیەکی گەنیو بکەین**

**من و ئەویش بۆ هێلانەیەك دەگەڕێین**

**وەك دوو مەلی باڵ هەڵوەریو**

**سووتانی گشت دارستانەکان دەبینین**

**نا هاوڕێـکەم .. چاو لێـکبنێ و ئارام بنوو**

**پاش کۆچی تۆ ..لەگەڵ پیرەژنەکاندا تێر گریاین**

**ئەمێستاش لە خەمی مەرگی کت و پڕی تۆ**

**لەتەك هاوڕێکانت.. تا نیوەشەو دەخوێنەوە**

**سوێند بە خوێنت خەفەتبارین .. لە تۆڵەی مەرگی تۆ ..**

لە ئاودەستی بارەکاندا دەرشێینەوە

ئارام بەو .. ئێمەین جێی باوەڕی تۆ

ئەو درەختە زرەی تۆ ئاوت دەدا هیچ مەترسە .. دەیبڕینەوە

ئەو کچۆڵە شەرمنەی تۆ بۆی دەسووتای

نیگەران مەبە .. هەر شەوە و یەکێ لە هاوڕێکانت دەیبەنەوە

وەك پێکی جێماوی خۆت ..

بە دزی تۆ .. دەیخۆنەوە ..!

(١٩٩٢)

* حەیدەر کەریم: یەکێك بوو لە کوڕە چەڵەنگ و درەوشاوەکانسی هەولێر، لە سەرەتای هەشتاکاندا وەك (شۆڕشگێڕێکی ئەبەدی) چووە شاخ، تەنیا خۆی و تفەنگەکەی لە دەشتی کۆیە شەهید بوو، ئەو کاتەی هەلیکۆپتەرێك دەگاتە سەری. مامۆستای رۆحی و فیکریم بوو، ناسینی ئەم، گەورەترین رووداو بوو.

# پەشیمانبوونەوەی نوح

چ فریادڕەسێکی مایە پووچ و چ پێغەمبەرێکی دۆڕاو بووم من

نەدەبوو هەڵۆ و شەهێن و باز و .. کۆتر هەڵفڕێنم ڕووە و ئاسمان

کۆتر دوای کۆتر .. نەدەبوو لەو گەرداوە وێڵ بن و بخنکێن ..

نەدەبوو کۆترێك چڵە زەیتونێك بە دەنووکەوە ..

مژدە بەخشی سەرفرازی بۆم بێتەوە ..!

دەبوو هەر لە شەوی یەکەمی ((تۆفان))ەکەوە خۆم و هەر هەموو ژن و پیاو و ..

مەل و گیاندارەکانی دیکە ژێر شەپۆلەکان بکەوتینایە..!

دەبوو کۆتری مژدە بەخشیش وەك قەلەڕەشەکان لە ژێر باران و ..

دەنێو گێژەنی شەپۆلەکان بخنکانایە ..!

نەدەبوو زەریا شێتەکان هێور ببنەوە ..

نەدەبوو کانی ناو تەنوورەکان چکیان بکردایە ..

کە بڵێسەی ئاگر ئاسا ئاو لە سەدەها تەننوورەوە فوارەی دەکرد.

چ هار و شێتانە کچان و ژنانی خەواڵووی سەر ئاو دەخست

چ شیرین پەلەقاژەی مەرگ باسکەمەلەی پێدەکردن..!

چ کەشتیەوانێکی بێ داهاتووم من..

چ ناخودایەکی بی ئێستا و ڕابردوو

یادەوەری تاڵ و سوێری من چەند لەم زەریایەی بەردەمم دەچێت

چ حیکمەتێك بوو ئەو هەموو ئاسك و پڵنگانەم بردەوە ناو دارستانەکان

ئەو هەموو گورگ و کەمتیار و مەڕ و کاوڕ و بەرخانە

ئەو هەموو هەڵۆ و واشە و پۆڕ و پاساری و قەلەباچکانە

ئەو هەموو پیاوە دڵڕەقانەی دڵیان بەردە و کەللەی سەریان گلۆڵە بەن

ئەو پیاوە خوا پێداوانەی لە ڕقی گاوان و شوانەکان ..

خۆیان هاویشتە ئامێزی ((تۆفان)) و من کەشتیەکەمیان بە نەفرین کرد

وای لە خۆم ڕەنج بە خەسارێ .. کوان ئەو باخانەی سەدەها نەمام تێدا چاندن

سەدەها درەخت بۆ تەختە بەندی کەشتییەکەم

وڕ و کاسم .. سەرپەنجەکانم زامار و نینۆکەکانم هەڵوەرین..

ئەوەندەی بزمار بکوتم

کەچی خزم و خوێش مەزاقم پێ دەکەن:

گەر تۆ پێغەمبەری .. ئەم بزمار داکوتینە لە پای چی..

نزایەك و .. خودێ لە ئاسمانەوە گەمییەکت بۆ دەنێرێ؟!

شەو خەوتنانیش کە پرزەم لێ دەبڕا و .. خەوەنوچکە غافڵگیری دەکردم

وەك داهۆڵێکی بە ئەستەم داچەقیوو .. هەلا هەلا

بە "با"یەك وەلا دەکەوتم ..

کەشتیەکەم دەبوو بە ئاودەستی قەوم و قیلە ..!

★★★

وای لە خۆم خانەخراپ و .. تەنیا و بێکەسێ..

چ جوانی و حیکمەتێك بوو ..

کە ئەو هەموو کچ و ژنە ناسك و شووشەییانەم خستەوە ناو ئامێزی

پیاوانی شاخدار و بە کەڵبە و ددان..

دار بە دەست و .. چنگ پڕ بەردێ

چ ناشرینە ئاسمان کە پڕ بووە لە شاپەڕ و گەندەپەڕ و خوێنی

هەڵۆ و باز و کەو و کۆترەکان

دەبوو ژێر "تۆفان" بکەون هەر هەموو عفریت و جڕ و جانەوەرەکان

چ جوانییەك وا لە دەریادا بەو هەموو نەهەنگ و قرش و ماسی و

زەرییەکانی زەریاوە ؟!

مایەپوچ خۆم .. باوەشم پڕە لە هێلکە شەیتانۆکەو ..

هەردوو لە پیشم پڕ گوێچکە ماسی و ..

سەر و پرچیشم پڕ لە قەوزە و .. چاوانیشم کوێر بە خوێ و لمی کەنارەکان

ئەرێ کوا حیکمەتی ئاوەدانکردنەوەی زەوی نغرۆ و ..

ئەستێرەی خنکاو لە ژێر لافاودا ؟!

پیر و پەککەوتە و .. ئاخیر شەڕ خۆم ..

تا ماوم بەسەر ئەم کەشتییە لە خۆم شەق و شڕترەوە ڕادەمێنم..

دوور دوور .. ڕووە و باخەکانی قەرەبرووت و خاکی سووتماك دەڕوانم

ڕووە و سەرزەمینێك کە ئاوی لافاوی خواردەوە ..

چاوتروکانێك وشك بۆوە و کەچی بارانی فرمێسکی مەردوومەکان

هەمدیس تەڕی کردەوە ..!

بریسکە بریسکی شمشێرەکان بە شەوارەم دەخات ... و

هاوار و ناڵەی بڵند و دڵە کوتێ و خۆ بە یەکدادانی جەنگاوەرەکان

کەڕ  و شێتی کردم

فوارەی خوێن و .. فڕینی کەللەسەرەکان بە کڵاوەی ئاسنینەوە دەبینم

منداڵەکان وان بەسەر نووکی ڕم و نێزەکانەوە ..

سمکۆڵان و حیلەی برینداری ئەسپە چوار پەل شکاوەکان ..

قیژەی نەبڕاوەی ژن و زریکەی زارۆڵە زارەترەکبووەکان

کڵپە و بڵێسەی خەرمانی گوڵ و .. کوژانەوەی مانگ

دوای ڕەوینەوەی تەمی پاش باران و مردنی هاژەی پاش دامرکانەوەی تۆفان

من گوێم لە قرچە قرچی سووتانی دارستانەکانە و ..

ئاسمانی پڕ دووکەڵ و خنکانی ئەستێرەکان دەبینم

دوای نیشتنەوەی زەریا و خەوتنی شەپۆلەکان ..

من جەستەی هەزارەها منداڵ و مەل و ماسی دەبینم

هەزاران بێشکە و سەوڵی شکاو .. سەرئاو کەوتوو

دەنێو کەشتی کون تێبوودا .. چ زوو تەنها جێیانهێشتم

وەك کامەی گۆچان بەسەرخۆمدا چەماوەتەوە و ..

خەم نەیهێشتووم ..!

پیرە کەشتی هەمیشە بە سەما کەوتووم وەك لانکێکی شەق و شڕ ..

بە دەست زەریای غەمگینەوە .. شەپۆلەکانی دەکا بە دەستڕازە و

هەرگیز لە ڕاژەندنم ناسرەوێ..

دڵی بێ ئۆقرەشم منداڵێکی بە گرۆزە و .. وڕك دەگرێ و ..

هەر ناخەوێ ..

ئاە .. من چ منداڵێکی پاك بووم .. بۆ گەورە بووم؟

پاك .. وەك ئەسرین لە چاواندا درەوشاوە

من ناڵەو داد و فیغانێکم نەبڕاوە

چ منداڵێکی موعجیزە بووم کە پیرێك لە ڕۆحمدایە و ..

چ زەریایەکم کە سەدەها گەمی لە ناو دڵی

بەربەرین و بێ بنی مندا وا خنکاون !

نە ماڵێك لە ئاو شك دەبەم و .. نە کەپرێك لە دارستان

چ نەفرینێکی ئەبەدییە شەو و ڕۆژانی من..

چ ڕسوا بوون و .. بە باچوونێکە ڕەنجی پێغەمبەرانە و بێهوودەی من ..!

چ بێ ڕەنگە و چ لێڵە چون ئاوی ئەم زەریایە ..

یادەوەری پڕ لە خەم و کەسەر و برینی من ..!

لەگەڵ کێ بدوێم من کە ترس و سامی "تۆفان" لە گۆی خستووم

ژێیەکانی دەنگم پچڕان ئەوەندەی هاوار بکەم :

+ کوڕەکەی خۆم .. لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە و تا زووە لە تەکمدا سواربە

چ باوکێکی دۆڕاوم .. جەرگ سووتاو و ئازیز مردە... خۆم ..

بە بەرچاومەوە گێژەنێك لووشی دا..کوڕەی سەرەڕۆم

ئافەرۆز خۆم .. شاگەشکە بە وشکانی جێیانهێشتم

ڕێ دەرنابەم .. بەسەر شاخێکەوە و ..

وەك تەگەیەکی کوێر لە هەڵمووتێکدا عاسێ ماوم

دارماوتر لە گاشەبەردێکی داخزاو بە قەدپاڵێکەوە

سەرما بردووتر لە پۆرێك بە دەم بارێزەوە ..!

چ حیکمەتێکی تیا بوو کەشتی فریادڕەسی من

**کە ئەو هەموو شکەست و هەرەسەی چون لاشەی سەدەها خنکاو**

**فڕێدایە سەر کەناری دڵم؟**

**لەگەڵ کێدا دابەشی بکەم وێرانەی ناو ڕۆحی پیر و .. خەو زڕانم**

**نوشوستی خەونەکانم لە تەك ئینسان کە بوو بە شەیتان؟!**

**چ مانایەکی هەبوو نزا و پاڕانەوەکانی من**

**کە شارەکان ئاوەدان و ڕۆحەکانیش کاولە ئاش بن؟**

**بە بەرچاومەوە هێرشی بیابانەکان دەبینم ..**

**کە چۆن یەکە یەکە شاخە سەر کەشەکان ژێر لم دەکەون**

**گەردەلوولیش دەبێت بە تەیمانی دەوری باخەکان ..!**

**شەوانەش ئەستێرەکان وەك چرا بێ هەناسەکان دەکوژێنەوە و ..**

**بەسەر سەری مندا دادەڕژێن و لەم زەریا تاریکەدا دەخنکێن..!**

★ ★ ★

**چ پەیامێکی پیرم و .. چ فەرموودەیەکی مردووم ..چ ویردێکی زەبوونم**

**نەدەبوو تا قیامەت ئاسمان خۆش بکاتەوە**

ئەی خاکی نغرۆ بە ئاگر و خوێن و فرمێسك ..

نەدەبوو لافاو هەڵڕژێت و .. خوێن بڕشێیتەوە ..

دەبوو کۆترە مژدە بەخشەکانیش وەك قەلە ڕەشەکان ..

دەنێو شەپۆلە شێتەکاندا بخنکێن و قەت نەگەڕێنەوە

مژدەی گەیشتن بە وشکانی و کشانەوەی ئاو

چ حیکمەتێکە کە زەریاکان پڕ بوونەوە لە فرمێسك و خوێنی..

ملیۆنەها ئینسان..

خۆم داوەتە بەر خۆر و .. هەڵتروشکاوم ..

بیرەوەریم دۆزەخێکە و ڕابردووشم هەر تۆفان ..

هاژەی گەرداو لە ڕۆحمدایە و .. مەرگی دۆستان لە چاوانم

بە خەمی دۆڕانی هەر هەموو تەمەنەوە

بە دەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە سیغارێك دەپێچمەوە

ئەو دەستانەی ساڵەها بزماریان دەکوتا

کەچی نە قەننەکەم بۆ دەگیرێ و ..

کیسەی توتنەکەشم لێ دەکەوێ و .. بە گۆڕێ وەردەبێ ..

**کلاوەکەشم "با" دەیبات و بیژموّتەکانی "سام" و "حام"یش**

**لێرە نین تا وەکو بوّمی بێننەوە**

**چاوانم کز و .. لەم تاریکییەدا پەل دەکوتم**

**نە کەنعان و نە باکوس لێرەن**

**تا گوّچانەکەم بوّ بدوّزنەوە**

**عزرائیل-یش وا لە ژێر ئەم دار بەڕووە و ..**

**سەرەتاتکێم لەگەڵدا دەکا ..**

**+ ها خێرە .. بەم درەنگ وەختە ..هوّ ئەرژەنگی خودا ..**

**- توّفان تەواو .. چاوەڕێی چیت هوّ پیرەمێردی تەنیا ؟**

**سە لە نوێ خوّت ساز بکە .. تەییار و ئامادە ..**

**سەفەرێکی دیکەت لە پێشە ..**

**ئەمجارەیان لە هەتاوەوە رووە و سێبەر ..**

**+ تاوێك و موّڵەتم بدە .. وەك کەچەجلێکی تەڕ با وشك ببمەوە**

**هێشتا زووە .. سەرما و سوّڵەی توّفان وا دەنێو ئێسقانەکانم**

**هاژەی شەپوّلە شێتەکانیش لە ناو خوێنمدا**

چاوەکانم لە خوێ پاك نەکردۆتەوە ..

سەر و قژم لە قەوزە و ..

دەمیشم پڕ لە قوڕباقە و .. سەرەمێکوتە

من هێشتا لە خەمی دوا کۆتردام کە بە چڵە زەیتونێکەوە بۆم بێتەوە

هێشتا زووە .. دەرفەتێکم بدەرێ ..دوا دەرفەتی پێش خۆرئاوا بوون ..!

هێشتا زووە ..!

(بەفرانباری-٢٠٠٥)

# من لەویندەری بەجێماوم

من لەوێندەرێ بەجێماوم..لە ماڵەباجێنەی لەناکاو تێکدراوم

لەوێندەرێ.. لە کۆڵانەکانی منداڵی..هەر هەموو گەمەکانیان لێدزیم

بە پەلەپروزێ..وەك ئەوەی شریتی فلیمێك بم..تیژتێپەڕ منیان خولاندەوە

چ ئاسان گەیشتم بەو کۆتاییەی کە دڵی ساوامی پارەپارە کرد

لەوێندەرێ ..لەبەر دەرگای تازەکراوەی جوانیم

لەناو خۆڵەپۆکدا لەتەك متوموورووەکانی خۆمدا کە بزر بووم

منیش لەوێوە تا ئێرە هاتم و لە خۆم و خەونەکانم  ون بووم

نەتانهێشت چێشتە قولێ ـ م پێبگات و بە درۆ لەتەك دەستەخوشکەکانمدا

سەرگەرمی خۆشی کاسەدراوسێ بین و وەك پەپوولەش بە باڵەفڕە..

لە پەرژینی لە دڕکەزی هەڵبەستراوی ئێوە بپەڕینەوە ..

رووەو باخچەکانی کچێنی بفڕین کە گوڵی تازە پشکوتووی

وەك خۆمان چاو لە ڕێگا بوون

جۆگەلەکانی بێباك لە خەمی دونیا وەك ئێمەی هەمیشە دەم بە قریوە

دەخەنین و دەتریقانەوەو هەمیشە لە پێشوازیدا بوون..!

★★★

لەوێندەرێ مامەوە ..خۆم و کەوشی لەدوا بەجێماوم..

ئەو کاتەی بەزۆر سواری ئەسپێکی ڕەشیان کردم و..

لەناو هەرای گۆڤەند و زرم وکوتی دەهۆڵ و زوڕنادا کاس بووم و ..

وەك بووکەشووشەیەکی سەربڕاوی خۆم..

تەکەتەك بەدەست زاوایەکی ئەرژەنگەوە بووم..

کە لە خەونێکمدا زەندەقی برد بووم

من لەوێندەرێ چ ئاسان سووتام..

لەتەك هەر هەموو بووکەشووشەکانمدا: بە خۆڵەمێش بووم

لە گەرمەی زرمەزلێ و  بازبازێنی خۆمدا بووم

کە ڕایانفڕاندم و قاچێکم لێ بەجێما

ئێستاش لەتەك کچەکەمدا قەستمە بۆ گەمەی خەت خەتێنێك..

هەر هەموو خشڵەکانم فڕێ بدەم و .. واز لە ماڵ و مێرد بێنم

سەربانە سەربان تا ئەوپەڕی گەڕەکی ئەودیو..

بکەومە دوای پەپوولەپایزێك و ڕاوی بکەم

چی شەرم و شکۆی ژنانەی کە هەمە بۆ هەتاهەتایە

رووەو کەلاوەیەك توور هەڵیدەم

سەرم کۆت بکەم و لێبگەڕێم بۆ جارێکی دیکە..

وەك ئەوسا هەتاو سەروپرچم بشواتەوەو..

پرشنگی خۆر لە چاوانمدا ڕەنگ بداتەوە

دەمرم بۆ نوقلێکی جەژن و عانەیەکی خاڵەو ماچێکی لیکنی نەنێ..!

★★★

چۆن و کێ دەمگەڕێنێتەوە بۆ کۆڵانی تەنگەبەر..

تا ئەو هەتیوە ڕەشتاڵەیەو تیلاك خوارە حەرامزادانە شان بدات لە شانم..؟

چیم داوە لەو هەموو خەوتنە حەڵاڵ و بێ ترسانە..

کە من خۆم لەوێندەرێ لەناو خەونە خۆش و حەرامەکانمدا بەجێماوم

چ پەلەتان بوو قژم درێژ بێت و زوو زوو بە شانەی دارین داتاندەهێنا

چەندە ژنانە بەعەزرەتەوە بوون ..

بۆمی بکەن بە کەزی و بسکەکانیشم لووس و لوول

بەو نیازەی سیحر لە لاوچاکێك بکەم و لاسی بدەم

نا من نەمدەویست چاوان بڕێژم و سەرو پرچم لە خەنە بگرم

کەوشی پاژنەبەرز لە پێ بکەم تاوەکو بڵند و باڵاتر بنوێنم

من نەمدەویست وەها زوو مەمکانم بڕسکێن و چاوانی برسی کوڕو کاڵ..

وەك داس جوانی تازە خەمڵیوم دروێنە بکەن

چ غەمێکی کچانە بوو کە وەك گوڵەگەنمێکی پڕ و سەنگین..

دەبوو کووڕ ببمەوە و بچەمێمەوە لە ترسی بڕینەوەم

بە پەڕۆ و پاتاڵ سینەو مەمکانم توند دەبەست و .. شەتەکم دەدا ..

سکی خۆم دەگوشی و لەپەناوە دەگریام..

خوێنی تازە پژاوی خۆم لێ دەشاردنەوە

خودا هاوار ئەو نەفرینە چی بوو..بۆ وەها زوو ڕسوا و گەورە بووم؟

***

تازە کێ دەمباتەوە سەر کۆشی نەنێ و هەقایەتی دێو و درنجەکان..

یان سەر ئەو دەفتەری یاداشتانەی، رەنگاورەنگ، بە دزییەوە کوناو کون..

هەر رۆژەو لە پەنایەکدا.. لە دەلاقەیەکدا دەمشاردنەوە...؟

کە ختوورەو رازو نیازی شەرمن و کچانەی خۆم تێدا دەنووسییەوە..

دەفتەری خەون و خۆزگە مەحاڵەکان

هەناسەی سارد و حەسرەتی شین و قەهری مۆر و بەختی سیا..

لە ئێوارەیەکی شێت بە رەشەبای پایز .. هەر هەمووتان سووتاند

چ ئاسان تاسەو خەندەو حەز و رۆندکی رەشم..

پێکەوە لەتەك شیعرە زۆر شەرمنەکانمدا سووتان..!

هێشتا وا لەوێن مەلە خۆشخوان و رەنگینەکانم..

بەندکراو لەنێو لاپەڕەی دەفتەری رەسمەکانم..

وەك من تەنیاو دوور لە باخان.. بێ چریکە و تەرە و ماندوو.. باڵ هەڵوەریو

رووبارە شینەکانم بەریان پێگیراوە و..

لە دڵی مندا بە خنکانی هەزارەها ماسییەوە پەنگیان خواردووە..

وەکو خۆم سەریان هەڵگرتووەو بە هیچ شوێنێ ناگەن..!

ماسییەکانیشی وەك من خنکاو بە ئاوی عەدەم.....!!

★★★

شاخەکانیشم رووتەڵە..نە هەتاو ترۆپکیان ماچ دەکات و ..

نە باران بە سەریاندا دادەکات

چەندە بیری قردێلەی سپی وقەڵەمی بۆیە و کالەکانم و جلی مەکتەب دەکەم..

یادی بە سوێی کچانی هاوپۆلی ئەوسام..زۆریان لە من شەرمنتر ..

وەلێ بزێو و عەییار و دەم بە قریوە

ئەو کاتانەی تەنیا دەبووین و هیچ پیاوێك بەو دەورەوە نەدەبوو

لە کوێ فرێتان دا کتێبەکانم کە بەدەم داڵغەوە لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا

شیعر و رازەکانم دەنووسییەوە.. پڕ لە هێما و ئاماژەو رەمزی پەنهان..

وەها شاراوەو بە پێچ و لوول کە کەسێك نەچێتەوە سەر حەز و نیاز و خەونەکانم..

ئەو وەختەی چەقەچەقی مامۆستاکانم رۆحی منیان دەهاڕی

چی لە ماتماتیك بکەم ..

کە بەتەنها ژماردنی سووتانی ساڵانی تەمەنمی فێر کردم...؟

جوگرافیا پتر لە دونیا وێڵی کردم...

مێژووش غەریبتری کردم بە نیشتمان و سەرزەمینی لێکردم بە زیندان..

هەنووکە بە دڵە غەمینەکەم دەڵێم:

دە بسرەوە تا کەی  وەها شێتانە سینەم دەکوتیت و..

دەمکەی بە کولخانەی خەمان ..؟!

★★★

من خەونێکی گەڕیدەو سەرگەردان بووم

کە خەونم بە خەونێکەوە بینی و هەرگیزا و هەرگیز نەهات

شۆڕەبییەکی پرسەدار بە رووخانی هێلانە و..تەرەبوونی مەلەکانم

رەگ و ریشە تەزیو دەنێو چەمی زەمهەریردا

سەر و پرچم بزر لەناو هەور و هێڵ و بروسکەو

لێزمەی باران و وەیشوومەدا

هەر هەموو سرووده ساختەو درۆزنەکانم .

بیر چوونەوە کە من و باوکمیان فریو دا

هەر هەموو گۆرانییەکانی منداڵیم کوێر بوونەوە

بەستەو چریکەو چەهچەهەی هوزار ئاسای جحێلیم

لە کێندەرێ بەجێهێشت؟

من زۆر ماندووم..

ساڵ دوای ساڵ قەوزەیەکی زۆر سەر و پرچمی داپۆشی..

هەر هەموو خەیاڵە نازەنینەکانم لە ئاشپەزخانەکەدا گریان گرت

ژەنگێکی ئەستوور هەر دوو برۆکان و برژانگ و پێڵووەکانمی خوارد

جوانیم وەك قاوە بە جزووەکەوە سووتا

لە بنی فنجانی ناو چنگی پڵنگ ئاسای پیاوەکانی خێڵدا مەیی

هەموو شتەکان و کەسەکان و شوێنەکان و رۆژگارە تاڵ و شیرینەکان..

ئاخۆ لە هەنووکەدا یادم دەکەن یان نا؟

نایزانم ....من نایزانم..!

هەر هەموو هەنسك و هەناسە و خەنین و خەون و ختوورە و رازو نیازەکان..

غەریبی من دەکەن یان نا..؟

من چوو زانم..!

★★★

من گیرۆدە بووم بە دەست عەشقی ژیانەوە..

کەچی ئەوە ناکامی عەشق خۆی بوو کە پیری کردووم

تا ئێرەو بەس.. تا ئەم  شیعرەو بەس..

من هیچ خەندەو فرمێسکێکم پێ نەماوە

هیچ حیکمەتێك و پەندێك و چیرۆکێك و قسەیەکی نەستەق

نە ئومێدی فریوخواردوو..نە پەرجوو و نە جادوو

نە ترس و نە خەون و نە عومری بە باچوو

تەواو ..من و ئەوان بۆ هەتاهەتایە لە دەستچووین..!

★★★

بە چ دڵێکی بەردینەوە وەستاوم و لە ئاسۆی خوێناوی دەڕوانم..

خۆم و ڕەشەبای دەوری باڵام..

تەنیام هەر وەك درەختێکی بەجێماو..

جێماو لە دوای دارستانێکی ڕاکردوو... سەرهەڵگرتوو

لە ترسی پیاوانی خێڵی خوێنخۆر.. دەست بە تەورەوە..

تازە تەواو.. کێ دەمگەڕێنێتەوە سەر ڕێگا کوێربووەکانی جوانیی

لە نێوان من و ئێوەدا درك و داڵ و .. بەرزەخی خوێنەو .. ڕێ دەرنابەم
لە نێوان من و حەزەکانم..من و خەونەکانم.. من و عیشقی مەحاڵدا..
دیوارێك شمشێرەو گەرەکمە بێم و ..
با ببڕن سینە و دڵی وەك سەنگ سەنگینم
بۆ ئێوەی بەجێدێڵم تەلار و کۆشکی ڕازاوە..گەر بەڵێنە بە دارە دارە بمبەنەوە..
سەر ماڵەباجێنەو حەمامۆکێ و کەلاوەکانی منداڵیی
پیرۆزتان بێت خشڵ و ئاڵتوون و ئەلماس و گەوهەری یەك دانە
بە مەرجێك بمبەنەوە سەر متوموروەکانم ..
خۆڵەمێشی بووکە شووشە سووتاوەکانم..!
قاسە پڕەکانی دونیا بۆ خۆتان..
گەر چەند لەتوکوتێك لە لاپەڕەی دەفتەری شیعرە نەسووتاوەکانم بۆ بدۆزنەوە
چەند پیت و خوازەو وێنەو ریتمێك هاوئاهەنگی مۆسیقای جوانیم
کە لەناو ژووری تەنیا و دەلاقەی پڕ لە نهێنی ماڵە باوان بەجێمان
هەر هەموو فیز و ڕێز و شکۆی خانەدانانەو هەواو دەبدەبەی خواهانە بۆ
خۆتان و ..

بەس بەو مەرجەی بە گاگۆلکێ بمبەنەوە سەر خەون و خولیای نیوە کوژراوم
بمبەنەوە ناو شەوی غەمینی کچێنی و دامپۆشن بە پۆپەشمینی شینی خەیاڵ
کە بێجگە لە خۆم و خەونی حەرام ..
کەس نەدەهاتە ناو باخچەی سوور هەڵگەڕاوم..
لە شەرمی پشکوتنی خونچەی دەم و لێو.. بە دەم ماچی حەرامەوە
وای لە شەرمی ئەو هەموو میوە گەییوەم.. رووت و خۆش بەدەم .. بە دارەوە
بمبەنەوە هەرێمی زیبایی و خۆشەویستیی..
لێرە هەر رۆژەو کەمێك پیر دەبم
تاوەکو ئێرە و بەس..
من بێجگە لەم شیعرە لە هەگبەی حەز و خولیا و جوانیدا..
هیچی دیکە شك نابەم.. بە ئێوەی ببەخشم..
هیچی دیکە.. هەر هیچ
هیچ..هیچ..هیچ....!!

میونخ ـ هاوینی (٢٠١١)

# تــرس

که دارستانێك دەبینم..

له سووتان و مەشخەڵی مەزنی سڵ دەکەم و ..دەکشێمەوە..

که دەریایەکی بێسنووریش تێم دەڕوانێ..

بیر له خنکانی خۆم دەکەمەوە

که ئافرەتێکی قەشەنگیش دەبینم..

دەڵێم::

(هێلین) هاتۆتەوە..

ئاگری – تەڕوادە-یەکی دیکه هەڵدەگیرسێ و ..

قەتیش دانامرکێتەوە!

(هاوینی/١٩٨٣)

# گەمارۆ

چ جەنگاوەرێکی خوێناویت کە بە هەزار دەستی رەشەوە..

وا بە پەلەو شێتانە گەرداو ئاسا ..

گەمارۆی ئەو دڵە تەنیا و غەریبەی من دەدەیت

چ دەعبایەکی سەد سەر و هەزار چاویت..

کە بە چڕنووقان گەمە لەگەڵ هەر دوو گلێنەمدا دەکەیت

چەندە شاگەشکەی کە بە هەڵچنینی شووەرەیەك لە شمشێر..

چواردەوری گۆڕەپانی ئەم رۆحە هەمیشە زەردو غەمینەم دەتەنیت..

هەزار پێ ئاسا بە ناو جۆگەلە و رووبارە خوێناوییەکاندا دەپەڕیتەوە...

تاوەکو بێ مروەتانە پێ لەو دڵە پەژموردەیەی من بنێیت..!

هەر وەك "هاملێت"... لە نێوان ـ من هەم یان نیم ـ

سەرسام و دۆشداماو.. تیا ماوم

گەرەکمە لە تۆڵەی نیشتمانی ژەهر خواردوو بە دەستی تۆ..

شۆرشێکی سوور و بێ پایان بەرپا بکەم..!

کە هەڵمەتت بۆ دێنم.. یان لەسەر بەرماڵ نوێژی درۆت دابەستووە..

یان لە بەرگی باوکمدا خۆت خزاندۆتە ناو پێخەفی هەوەسێك..

لەتەك دایکمدا تەپا و تل دەدەیت..!

وای لە من.. وای لە من..

هۆن هۆن دەگریم و هەر دوو دەستەکانم لە ئەژنۆکانم وەرێناوە..

لە حەژمەتی ئەو هەموو خوێنەی کە بێهوودە لەبەر پێیانم هەڵدەقوڵێت..

کە نازانم لە کوێوە سەرچاوە دەگرن و .. قوربانیانی چەندن و کێن..!

چنگ بە دوای چنگ من خۆڵی خەراباتێك دەخۆم..

سوێند دەخۆیت کاولکاری و وێرانەماڵی خۆمە..

سووتماك و وێرانە خاکێك کە بەتەنها دەستکردی خۆم بێت..!

چ خامۆشە دونیا..بێجگە لە لرفەلرفی ئاگرێکی بێ ئامان..

کە خەرمانی هەموو خەونەکانمە و بە بەر چاومەوە دەسوتێت

کاسی کردووم.. شەقژنی ساچمەزەنەکانت کە ئاسمانی سەر سەرم گرِ

تێبەردەدات

پۆل پۆل فڕندەکان بە پەڕ و باڵی سووتاوەوە

خۆیان بە سینگوڕکمدا دەدەن...!

خودا هاوار..گوێم لە فوارەی خوێنی ڕژاوە لە گەردنی سەدەها

"ئیسماعیل"ەوە.. کەبەدەم قرغەقرغ و لنگەفرتێوە

خۆ لەژێر چەقۆی کولی" ئیبراهیم"ەکاندا..

رادەپسکێنن و دەرەقەت نایەن..

گەوزیو لە خوێندا..تینوو تا رادەی خنکان ..

کە ناچارن فرمێسکی پیرە باوکەکان بخۆنەوە

دوا قوربانی و دوا فەرمانی خوداوەندەو.. بێهوودەیە چاوەڕوانی..

سۆزو بەزەیی ئاسمان..!

چ کپە کوچەو کۆڵانەکان..بەدەر لە ورتەورتی ماتەمگێڕان و ..

خەنینی خنکاوی خۆشی قەسابە دەست خوێناوییەکان..

هەوا بێ سرتەو..بەتاڵ لە هاوارەکان..

هاوارێك لە رەنگی نانی سووتاوو ..بۆنی قەهرو ..

تامی خەونێکی مردوو لە چاواندا

سەرجادەکان پاك و تەمیز ..

شۆراوە لە فرمێسك و خوێنی ئەو هەموو کچە رەند و کوڕە کاکۆڵ رەشانە..

چ پەژموردەن باخچەکانی شار..

کە لەبری باخەوان ..پڕن لە یاساوڵی چەتەوڵ..

تەییارو ئامادە و پەنجە بەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەوە..

لەبۆسەدان بۆ هەر خونچەیەك بە کەیفی خۆی و شنەبایەك بگەشێتەوە..

یان

چلۆن دەبێت هەڵاڵەکان بەسەر باڵی "با" دوە..

لە گوڵێکەوە بۆ گوڵێکی دیکە باڵ بگرنەوە.. ؟

بە چ هەقێك مەلەکانی سەر درەختەکان بێ پرسی ئاغاکان دەجریوێنن..؟

چۆن بێ فەرمانی گوڵکوژەکان ..جۆگەلەکان وەها ئاسوودە بەدەم ڕێوە..

بێباکانەو ئابڕووبەرانە لەژێر پنچکەکاندا

دەتریقێنەوە..؟

ئەمجارەیان شۆستە هەڵتەکێنراوەکان بە دەستی وەستا دەست خوێناوییەکان..

بە سەدەها دڵ و گلێنەو پەنجەکانی دەستمان چەوریژ دەکرێنەوە..

دەستگێڕە نامورادەکانیش بە شووشەی پڕ لە فرمێسکی ڕەش و

هەناسەی سارد و..

حەسرەتی مۆڕەوە.. بێهوودە بەناو کڕیارە گێژەکاندا دەخولێنەوە...

ئێواران مایەپووچ ڕووەو کەلاوەکان دەگەڕێنەوە..!

★★★

تاکەی بەزەبری تف و تیغ و چەکمەوە

لەناو ڕۆحمدا جێگە بۆ خۆت دەکەیتەوە..؟

تا قیامەت نیشتەجێ بیت .. من وام لە دەرەوەی دونیای تۆدا..

بە حوکمی عەشقی سەرکەش و زاڵی خۆمەوە

جێ ماکی خوێناوی قامچییەکانت وا بەسەر پشتمەوە

شەوانە..گورگانە دەلووڕێنیت..

وەك دزێکی ترسنۆك لەناو کۆلیت و کەلاوەکانی ئێمەدا دەگەڕێیت..

تا هەرمێ و سێوی دڵەکان بدزیت

تاوەکو خەون لە چاوان بفڕێنیت و مرواری گلێنەکان ببەیتەوە

دڵت خۆشە بەو شارەی باخچەکانی

پڕن لە پەیکەری شەهید و شاعیری لانەواز..

بەتاڵ لە عاشقی ڕووتەڵەو بێ خەون و ڕازو نیازو.. مراز..

چەندە شاگەشکەی بە ئەتك کردنی گوڵەباخەکان و لالەزارەکان

من و تۆ چیتر و .. بۆ هەتا هەتایە..

دووانەی هەمان سك و هەمان خەم و هەمان کۆڵان و گەڕەك و شار نین

دەرمکە و ڕاوم بنێ تا ئەودیو شووراکان و سنوورەکان..

وەك عاشقێکی هەڵگەڕاوە لە خێڵ و عورفی پیاوە خەنجەر وەشێنەکانت

ئەو پیاوانەی چەشنی شمشێر بڕندەو چەماوەن..

ونبوو لەژێر رەختە و فیشەکدان..

باوکانی ئەرژەنگ کە وەك -ساتورن- ی خوداوەند....

منداڵەکانی خۆی دەخوات..!

★★★

ئەمەیان چ قۆشمەیەکی رەشە

کە پاسەوانە داخدارەکانت بە ژمارەی گوللەکانیان.

خۆیان فێری حیساب دەکەن..

ئەو گوللانەی سەر پەڕەی دڵ و تەختی تەوێڵمان دەسمن..

لەناو چاوانمان دەتەقنەوە تاوەکو چیتر باڵای بەرزی نیشتمان نەبینینەوە

کە بەدەم لافاوی خوێنی دارژاو لە دەستەکانی تۆوە رووەو جەهننەم..

کچ و کوڕانی نامراد سەر شەپۆلان کەوتووین

چ شایی و رەشبەڵەکێکی خوێنینە کە بۆ منی زاوا سازاوە..

زامدار بە هەزار تیغی تۆ..کە بووکی نیشتمان لە گۆڕدا چاوەڕێمە..!

هەر دوێنێ بوو  تۆی قاچاغم لە ناو دڵدا دەشاردەوە..

نانم لە دەمی منداڵەکانی خۆم دەگرتەوە

کەچی هەنووکە بەزەبری تفەنگ لە کەلاوەکەی خۆم دەرم دەکەی..

لە جادەو کۆڵانە تەنگەبەرەکانت ڕاوەدووم دەنێیت ..

چەندە جوامێر و میهرەبانیت ..

کە دەهێڵیت نیوەشەوان بەقاچاغ بێمەوە شارو..

بەدزییەوە لە ماڵی دەرو دراوسێ خۆم بشارمەوە..

بەر لە هەڵاتنی خۆر بگەڕێمەوە ناو کەندو لەندان..

تاوەکو وەك نێچیر لە نیشانەکانت دوور و دوورتر بکەومەوە..

**جێمهێشتوون ئەلبووم و نامەی دڵداری و  شیعر و کتێبە حەرامەکانم..**

**جۆشی بدە ئاگردانە ئینگلیزییەکەت ..**

**بە سووتاندنی هەر هەموو خەونەکانم..!**

★★★★

**بەهاری ـ دوو هەزار و یازدە**

# چاخی بەرفرانبار

**هاوین و پاییز و زستانی (١٩٩٧)**

**فینلەندا – هیلسنکی و تامپێری (کەمپی پەنابەران)**

# مەلێکی خنکاو لە ناو فنجانی قاوەدا

-خودا بتگرێ .. ئەو ئێوارەیە هەر دەتوت بۆنی مەرگەساتێکت

کردووە...

لە حەوشەکەدا خولت دەخوارد و یەکەیەکە گوڵەکانت

بەسەرکردەوە

من سواری گەمی رۆمانێك بووم و.. وەدیارکەوتنی دورگەیەك

خەیاڵی برد بووم

من هێشتا بەسەر شەپۆلەکانەوە بووم ..

کە لە ناکاو بزر بوویت و هەر بە پڕتاو هاتیتەوە

پرسیم: لە کوێ بووی .. بۆ وا شڵەژاوی؟

+ وتت: گیانە دیسانەوە قاوەم بۆ گرتیتەوە

دەباشە ئەمجارەیان لە فنجانەکەدا چیت دۆزییەوە؟

+ ژنەی قاوەگرەوە پێیوتم: لەم فنجانەدا شتێك وا بە ئاسمانەوە

چاوم درۆم لەگەڵ نەکات: فڕۆکەیە یان فڕندە

کەسێکی زۆر ئازیزت هەر ئەمساڵ سەفەرێکی زۆر دوور

رووەو وڵاتێك غەریقی دەریاچە و دارستان..

سێ وەرزی بەفرباران ..!

- مردووی درۆی تۆ و قاوەگر

دە نێو فنجانی قاوەیەکی رەشدا بەفر چ دەکاتن..؟

+ مەکربازانە وتت: قاوەی من درۆ ناکات..

ئەی بیرتە حەڤدە ساڵ بەر لەمڕۆ..

وەك هەنووکە قاوەم گرتەوە...لە فنجانەکە راما و پێیوتم:

+ تۆ شوو بە کوڕێك دەکەی تەنیا و بێ ماڵ وغەریبە لەم شارە

- ئاخ گیانی من .. خودا قاوەگر بگرێ بۆ خۆی و پێشبینی

من هەنووکە ئەو فڕندەیەم کە لە نێو فنجانی قاوەدا خنکاوم

هەردوو چاوانم .. قوڕگم پڕبووە لە قاوەی تاڵ...

## تاڵتر لە ژەقنەبووت

ڕەشتر لە ڕەژوو..سیاترە بەختم لە کێڵگەی قەرەبرووت

من بۆ خۆم بوومەتە مەلێك: ئاسمانم هەر بەفرانبارە و ..

زەوی خواریشم سەهۆڵبەندان

هەنووکە حاڵی بووم .. دەکرێ لە فنجانی قاوەیەکدا هاوین بێ و..

کەچی بەفر بباریّ

ئەوەن بباریّ تا منی فڕندە هەردوو باڵم هەڵدەوەرێن ..

من ئێستا حاڵی بووم..

نە فنجانەکان و نە قاوەگرەوەکان لە یەکدی ناکەن

چ شیرین بوو ئەو قاوەیەی منی غەریبی بە تۆ ئاشنا کرد

چ تاڵ بوو ئەو قاوەیەی منی تەنیای لە تۆی بێکەس جودا کرد

بەر ڕەحمەتی عاشقان کەوێت قاوەگرەوەی ئەوەڵ

بەر غەزەبی من کەوێت ئەوەی دووەم

هەموو شەوێك بە یادی تۆوە..

قاوەیەك لە کن ئەو ژنە (چیچان)ییە دەخۆمەوە و قلّپی دەکەمەوە

ئەو بۆ مێردە کوژراوەکەی دەگری و ...

باس لە خنکانی مەلێك دەکا لە نێو فنجانەکەدا .. کە منم

وەڵێ بە زمانێك هەلاهەلا

ئۆقرە ناگرم و لای ئەو کچە پەنابەرە ئەفغانییە

کە شەوانە ..گوێم لە ناڵینی دەبێ و گۆرانییەك دەچڕێت

کە خوێناێکەو.. مێژوویەکی رەشەو لە قورگی برینداریيەوە

زووخاوێك دەدەڵێنێت

قاوەیەك دەخۆمەوە و قڵپی دەکەمەوە

لێیدەپرسم : تۆ تاکەی دەگری و دەناڵێنی ..؟

وێنەی لاوێکی کاکۆڵ رەش دەردێنێ و دەگری

بە دەم تێڕامانەوە لە فنجانی بەختم..

بە زمانێکی لەتو پەت لە کەوتنە خوارەوەی مەلێك دەدوێت ..

کە منم ...!

لای ئەو کچەش قاوەیەك فڕ دەکەم کە رۆژێك "صربی"یە و

رۆژێك (بۆسنی) و .. رۆژێکیتر (ئەلبانی)

هۆن هۆن بۆ پاکیزەیی خۆی دەگری ..

نازانێت کێ بوو دەنێو ئاشوبێکدا تاریکی پۆشی بوو

پیاوێك نا .. چەندین پیاو لە وێنەی شمشێرێکی خوێناوی ..

بێ بنیان کرد و .. لێیانداو .. بزر بوون

زمانی خوێن دەتکێنێ و باسی ئاسمانێکی خنکاو دەکا بە دووکەڵ

سەر لێشێوان و کۆچ و بزربوونی قەتارەیەك قەتێ:

کە هەمدیس منم ..!

من کەی ئەوەندە عاشقە قاوەم بووم ..

بەڵام ئیدی شەوانە چەندین قاوە دەخۆمەوە و قڵپیان دەکەمەوە

ئەوە خودایە .. لە یەکێکیاندا ئەو مەلەی ئاسمانی خۆی لێگۆڕاوە..

رێ وێڵ نەکا و ... بگەڕێتەوە

تا ئەوسا من دەبم بە کوڵخانی قاوە

تا ئەو مەلە رووەو هێلانەی دڵەکەت تەنیا و غەمینەکەت دێتەوە!

فنلەندا/(کەمپی تامپێرێ) زستانی/١٩٩٧

# ژنێك لە مەرەكەب

**تۆ ژنێکی ئاودامان لە مەرەکەب**

**لە دێر زەمانەوە چاوەڕوانیت**

**سوێندت خواردبوو کە شوو نەکەی**

**تا پیاوێك دێ .. پیاوێك نوقمی مەرەکەب**

**سوارێك ... سواری ئەسپێك کە یاڵ و بژی ...**

**هەر  چوار پەلی شۆراوە ...**

**دە نێو حەوزێکدا ... حەوزێکی پڕ مەرەکەب**

**ساڵانێکە چاوەڕێیت لەو کۆشکە دەرتبێنێ و ... بتفرێنێ**

**کۆشکێك کە گوڵەکانی نێو باخچەکەی ...**

**گشت پەردە و ...رایەخ و ... بگرە تابلۆکانی..**

**بە رەنگی مەرەکەبێکی شینی ئاسمانی .. شیناوی دەدایەوە**

چاوەڕێ بوویت ... لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەتەوە

لە بەیانی تا ئێوارە ئەو نیگا شینانەت..

کە شینترن لە کووژەکە و ..لە زەریایەکی سەرمەست

پۆلە فڕندەیەکی بەهەشتی ئاسا بەسەر سینەی دەریایەکی

مەرەکەبی شینباودا هەڵتدەفڕاندن

ئەوەن بەمەرەکەب ئاشنایت

کە وەك ڕۆحی شەربەتێکی دەگمەن : دەیخۆیتەوە

دەستنوێژ بەمەرەکەب هەڵدەگریت

شا شۆخی سەرنشینی ئەستێرەیەکی شینی

جگە لەتۆ کێ کافرانە ئاواهی چاوان بە مەرەکەبێکی ڕەش دەڕێژێ

سوێندت خوارد بە قەیرەیی و نامرادانە بمریت

گەر ئەو پیاوە عاشقە کە لێوانی بە مەرەکەب ڕەنگرێژە

نەیەت و بە نەخشی هەردوو لێوی

نەك لەسەر هەردوو کوڵمانت ... نەك تەختی تەوێڵت

نێوان هەردوو مەمکانت..

بەڵکو لەسەر هەر هەموو  ئازای جەستەی سپی..

وەك چوڕی شیرت بەجێنەهێڵێت .. !

قژی قەرەجیت لە مەرەکەب دەنێی

بەر گەردنی زەعفەرانیت بە مەرەکەب دەکوتی

کە خەمێکی شین و تەنك پەڕەی دڵت دەلەرزێنێ

سواری گەمییەك دەبیت و...

بێ پەروا دوو قەڵەم دەکەی بە سەوڵ و . . .

خۆت لە دەریایەکی پڕ مەرەکەب مارە دەکەی

ئەو ماسییە خنکاوانەش هەڵدەگریتەوە کە خۆشەویستی

مەرەکەب خنکاندوونی و . . .سەرئاو کەوتوون

هەموو شەوێك لە حەژمەتی چاوەڕوانی..

پیاوێکی عاشق و ئاودامان مەرەکەب

خۆت دەدەیتە بەر بارانی شینی چ حوبرێك و

خۆت لە عەتری کام مەرەکەب وەردەدەی؟

دەترسیت ئەو سوارئەسپە بێ و . . .

تیژ تێپەڕێ و ... ئیدی بڕوا و نەیەتەوە

ئەو پیاوە ئەوەندە شێتە ...

هەر ژنێك بۆنی مەرەکەبی لێ نەیەت

مەحاڵە بێتە ژوانی و ... بیناسێتەوە

گوناهی ژنانی گەڕەك بوو..ئەو وەختەی هێشتا ساوابوو

ویستیان لە "شیر" بیتۆرێنن و ...

ئیدی گەورەبووە و لە مەمکانی بکەنەوە

دوو دڵۆپ مەرەکەبیان رشتە سەر هەردوو گۆی مەمکی دایکی ...

ئەم پتر دەمی پێوەنا و ...

زاری هەڵنەگرت تا چۆڕی لە مەمکان بڕییەوە

لەو رۆژەوە ... مەرەکەب تێکەڵ بە شیری دایکی چۆتە خوێنیەوە

ئەو لەعنەتییە تا هەنووکەش گەورە نەبووە

منالێکی ساوا و گرینۆك لە رۆحیدا نووستووە

ئەوساش وابوو کە گۆی مەمکیان لە زار دەردەهانی

بە ئامان و زەمان ژێر نەدەبۆوە ...

تا هەنووکەش ئەو پیاوە وێڵ و گەڕیدەیە ...

لە دوورەوە بۆنی کردووی ...

لە هیچ گەڕەك و ... شار و ... مەملەکەتێك لانادات

تۆش بێوەژنێکی کۆست کەوتوو ئاودامان رەش

کە لە پاش دەیەها شوو بەو پیاوانەی

بۆنی گەوڕ و پارە و گووفەکیان لێدێ

چاوەڕێی ئەو سوارە بێ

کە لەبری خوێن مەرەکەب بە دەمارەکانیدا دەگەڕێ

هەتا ئەو دێت ..تۆ چاوان بڕێژە و ... دەست و پەنجەکانیشت

لە مەرەکەب بنێ ...!

# مانگی گەڵحۆ

ئەمشەو لەو مانگە دەپاڕێمەوە ...

که تەنیا و گێژ بە ئاسماندا دەگەڕێ

من لەو گێژ و تەنیاتر کەوتووم لە ناوجێ

تکای لێدەکەم ... دەستم بگرێ و بە نێو ئەستێرەکانا بمگێڕێ

بێ شك تا بەرەبەیان ئەگاتە ئەو سەربانەی تۆ لێی خەوتووی ...

من دێم و وەك جاری جاران بەسەرتا دەنووشتێمەوە

بە مانگی پەلەپەلکەر دەڵێم تۆزێ کەرەم کا و ... بوەستێ

تا تەواوێك خۆی نەوی دەکات ...

دەی نەویتر ... تا لێوانم بە ئاستەم دەگەنە گۆنات

ئاخ ... بەفری نووستوو دەنێو دڵی مندا ...

من دەمێکە تۆم نەدیوە لە شیرین خەودا بیت و ...

پڕ بە هەردوو چاوانم لێت رامێنم و .. قەت تێر نەبم

من وەك دز دێم و ... دوو ئەستێرەش بە دیاری ...

لەسەر پێڵووە داخراوەکانت جێدێڵم

لە دەوری باڵات دەگەڕێم ..

واز ناهێنم تا نەزانم بوومەتە خەونێکی خۆش دەنێو چاوانت

مانگی گەلحۆ پەلەم لێدەکا و خەمی سەفەری خۆیەتی ...

بە دەوری زەویدا

کەچی من خەمی سەفەری خۆمە دەنێو خەونێکی شیرینی تۆدا

وا لەم دوورەوە گوێم لە ورتە ورتێکە ...

گوێم لە ناوی خۆمە کە وەك گوڵ لە زارت دەکەوێ

من گەرەکمە بێمە پاڵت و بنووم ...

سەفەرم دوور و ... گەڵێ ماندووم

کەچی مانگی بێ مروەت پەلەم لێدەکا..

تۆ هەمیشە لە خەونەکانما تاڤگەیەکی سەوزیت و دادەڕژێی ...

کەچی قەت نەبووە بەردی سووتاوی دڵم تەڕ بکەی

من لە خەونەکانی تۆدا ئەو سوارچاکەم ... هەر دەگەمە لات

هەر چوار پەلی ئەسپەکەم دەشکێن و بۆم ناکرێ بتفڕێنم

من خۆم دەربەدەرکرد ...گوایە ئاسمانی ئەم دەڤەرە ...

بە ڕۆژ دوو خۆر و بە شەویش سێ مانگی ... تێدا دەدرەوشێنەوە

بە هەویا بووم کە دێمەوە خۆر و مانگێکت بۆ بدزم و بیانهێنمەوە

کەچی ئەوەتا ... ئەم تەنیا مانگە گێژ و حۆلەش

دەرهەق بە من چەند سپڵەیە

لێنەگەڕا تاوێ ڕاتمووسم ...داخم ناچێ لێ نەگەڕا ...

(١٩٩٧)

# ( ورچێکی تەنیا )

تۆ بە من نازانی

من هەنووکە لەو نێرە ورچە تەنیاترم

کە بۆ کەوڵی سپیو بە بەهای مێیەکەیان لێ کوشتو..

سەرگەردانو وێرانە ماڵ بەجێما..

هەموو قوتبی باکوور کێوماڵ دەکا

تا ناوقەد دەنێو بەفرێـکی ئەستووردا دەچەقێو..

نوقم دەبێو تەکان دەدا لەپەو ڕوو دەکەوێو شەختەبەندی

گۆلاوەکان..دەشکێنێو مل نادا و . دەبۆڕێنێ

پڕ بە ئاسمانی ساردو خاڵی لە بەزەیی خودا

بە چەپۆکان لە کەللە سەری خۆی دەدا

بە دوای بۆنی خوێنی مەییوی سەر ئەو بەفرە

دڵبەردانە دەڕواتو.. مل دەنێ

لەو راوچییە دڵ بە بەردبووە دەگەڕێ کە مێیەکەی کوشت

من ئەو ورچەش نیمو کەچی لێرە تا ئەژنۆیان..

لەو بەفرە چەقیوم

ئاخ گیانی من..مەگەر تەنها تۆ بزانیت:

من بۆنی خوێنی خۆم بوو..

کە پەراگەندەی نێو ئەم سەهۆڵبەندانەی کردم

وا تێدەگەم هەموو دونیاش بۆ منی نێچیر

راوچییەکی دڵڕەق بوو کە قەت نەمدی

رۆژێـك لە رۆژان..

پەنجە لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ لابەرێ

هەر بۆ تاوێ غافڵ بێ تا من ئاسوودە لە

باوەشتا بسرەوم وەك منداڵێکی تێرو پۆشتە

سەرخەوێك بشکێنم..!

# سیبریا-ی من

**هەموو رۆژێك دەمترسێنن..**

**گوایە زستانێكی زۆر تەڕو تووشو دژوار بەڕێوەیە**

**پێمدەڵێن: ماڵ میرات چی تۆی گەیاندە قوتبی باكوور؟**

**خۆ كەمێ واوەتر بڕۆی بیابانی شەختەبەندی سیبیریا-یە**

**ئاخر شەش مانگی رەبەق بەفر دادەكاو.. خۆش ناكاتەوە**

**دارو بەرد چییە دەیبەستێ...نە مەردووم بە جادەوە دیارە**

**نە مەلێك دەوێرێ بفڕێ**

**زەوی لە پرسەدا دەبێو كفنی بەری داناكەنێ..!**

**رێنماییم دەكەن هەتا زووە هەتاو بدزمو.. لە چاوانما بیشارمەوە**

**گوایە شەوانی تاریكی ئێرە نەبڕاوەیە**

**سەڵا لە عەقڵیان.. مەگەر نایزانن**

هەر ئەو رۆژەی کە من تۆم جێهێشت

"سیبیریا" گواستییەوەو هاتە ناو رۆحمەوە

هەروا دەبارێو.. من سەد پێ وام بەژێر هەرەسی بەفرەوە

هەر چوار پەلم کۆتەرەن‌و بۆم ناجووڵێن

زستانی بێ کۆتایی من.. عومری داتاشراو لە شەختەبەندی من..

لەو ساتەوە دەستی پێکرد کە خۆری چاوانی زەردت

لەسەر پردەکەی "خابوور" لە من ئاوابوو

شەوی دەیجووری من تا بەرەو باکوور هەڵدەکشام..

لوولی دەدام‌و دەیبردم..!

# دیـــاری

بۆتی دێنمەوە.. کە هاتمەوە

دوو دڵۆپ لەو زەریایەی

هەموو ئێوارەیەك لە کەناریدا ماتو مەلوول دادەنیشم

تا پێت بڵێن: چەندە بە دیارییەوە راماوم

تا زەردەپەڕ دەکەوتو خۆر خۆی تیا دەخنکاند..

من هەر بۆ تۆ دەگریام

بۆتی دێنمەوە دوو دڵۆپ لە ئاوی دەریاو..

دوو دڵۆپ لە شەونمی رۆحی گریاوم

تا بۆت بگێڕنەوە منی سەوداسەر

بە یادی چاوانی پڕ میهرت

چاوانی زەردتر لە زەردەپەڕی ئێرە

**شەرمنتر لە هاوینی شەرمنی ئێرە**

**چۆن چکۆلە دەبوومەوە: هەر بەقەد چنگێك خوێ**

**لە دڵی تۆدا کە دوورە لێم**

**لە دڵی دەریا کە نزیکە لێم**

**گەرد بە گەرد دەتوامەوە..**

**ئیدی ون دەبووم و .. نەمدەزانی کێم..!**

# رازی گەڵاکان

من ئیدی خیانەت لە هەموو دارستانەکانی ئێرە دەکەم
هەر ڕۆژەو دوو گەڵا بە دزییەوە دەقرتێنم
دوور لە چاوانی پیرەژنە گێڕەکانیو سەگە بەناز پەروەردەکانیان
وەك جوولەکە "لیرە" وەشێرێ.. دەیانشارمەوە
چ سەرکەشو بەفیزو بێباکن درەختەکانی ئێرە
وای لەو درەختە شەرمنو سەرکزو بەپێوە مردووانەی خۆمان
باولێك گەڵای سەدەها درەختت بۆ دێنمەوە
تا چیرۆکی دڵگوشرانی منت بۆ بگێڕنەوە.. بۆت باس بکەن..
من لە ژێر درەختەکاندا چەندەها جار بە درۆ وەنەوزم داوە
تا لە زیندەخەویکمدا بۆ تەنها جارێك شاژنانە
بکەویتە ناو تۆڕی خەونێکمو ماچت بکەم

پڕ بە دڵی تینووم راتمووسم ..نە ماچێك و.. نە دوو.. نە دە..
لەو شەکرە ماچانەی خۆت بچن کە هەندێك بەیانیان
منی کەنەفت دوای خەوێکی قووڵ پێیان بێدار دەبوومەوە
با بۆت بگێڕنەوە.. تا ئەوك پڕبوون لە فرمێسك
گوێم لە گمەی غەریبی کۆترەکان دەگرت
تا چاوانم لێڵ دەبوون لەو پڕشنگە رادەمام
کە لە خۆرێکی کزەوە دەڕژایە سەر باڵام
بریسکەی خۆر چون نیگای تۆ
ئەو ساتانەی تۆ مەکربازانە چاوێکت دادەگرت لە من
باق و بریقی سەوزو زەرد تێکەڵی نێو گەڵاکان
تاوێك درەوشانەوەی بریسکەو تاوێك کوژانەوە
ئای گیانی من.. چ رۆژانێکی بیر دەهێنامەوە
رۆژانی چاوشارکێ و.. دیلانێ و.. مەچەك بادان
بە نیازی تێکئالان و راموسان
نا من هیچم بیر نایەتەوە.. با گەڵاکان بۆت بگێڕنەوە

من دەنێو دارستانەکانی ئێرە.. ئەم دەڤەرە

پڵنگێکی زامدار ئاسا قەپم لە رۆحی برینندارم دەگرتو..

خۆم دەخواردەوە..

کە هاتمەوە، حیکایەتی تلانەوەم،

با گەڵاکان ئەمەکداربن و.. بیگێڕنەوە..!

# تــرس

لێم مەگرەو.. لێم مەپرسە

لە کوێوە دێ ئەو هەموو دڵەڕاوکێو نیگەرانیو.. بیمو ترسە

ئاخ.. من زۆر جاران زارەترەك دەبمو زەندەقم دەچێ

وا مەزەندە دەکەم ئیدی تەواو.. تەواو.. تەواو..

من تا ئەبەد تۆی دلارام نابینمەوە

من: پیاوی قسە دروستو نەستەقەکان

لێرە ڕۆژانم پڕبووە لە ورتەورتو وڕێنە

منی خۆشخوان.. بە درۆ سترانێکی غەمگین

لەسەر لێوانم هەڵدەوەرێ

شەوانیشم: پڕ لە خەونی ڕەشو لەپڕ دارماو ..چون هەرەسی شاخ

ئاخر ئەم دونیاو عیشقە.. وەك ئەفسانەو هەقایەتە کۆنەکان،

لە کن من، پڕ تان‌و پۆ.. ئاڵۆز بووە

ئاخر من تا دەگەمەوە بە تۆ

گەرەکە حەوت کێوی بەرز سەرکەوم..حەوت رووباری سوور ببڕم

حەوت تەلیسم بشکێنم..حەوت دێوی لەپ رەش بکوژم

بێ هوودە نەبوو بە منالێ لە ترسی ئەو حیکایەتانە دەگریام

حیکایەتی کوشتنی دێوی ڕەش و گەیشتن بە گەنجی سلێمان

ئیدی تەواو.. من لە دووری تۆ..

منداڵێکی زەندەق رژاوی نێو حیکایەتە کۆنەکانم

ئەفسانەیەك کە پیرەژنێکی ددانکەوتوو نەزانێ بیگێڕێتەوە

من وەها گیرۆدەم بە دەست ئەفسانەی ئەم عیشقەوە

ئاخر من زۆر دەترسم..

لە کۆتایی ئەم حیکایەتی ئەڤین‌و گیرۆدەبوونە..

هەر دوو  عاشقەکە بەیەکدی شاد نەبنەوە..!

# پیاوێکی ماندوو..
# ژنێکی تەنیا

کاس‌و وڕ.. گێژو کەیل و  خەیاڵ بڵاو

وەك مەستێکی کەلالا هەمیشە لەتر دەدەم‌و..

خۆ لە مەردووم لا دەدەم .. پیاوێکی دونیا نەدیتەم‌و

لە کۆگاو بازاڕی پڕ لە شتی عەنتیکە رادەمێنم

خوا دەزانێ کەی دێمەوەو بە رووخساری شیرینت شاد دەبمەوە

کەچی بە من بێ باری شەمەندەفەرێك دیاری‌ـت بۆ بێنمەوە

پێڵاو.. سوتیان.. کراسی تەنکی شەو

گوارەو ملوانکەو ئەنگوستیلە..کرێم‌و ماسکاراو قەڵەمی لێو ..

زۆر شتی دیکەی ژنانە کە من ناویان نازانم

من گەرەکمە یەکێ لەو موغازانە بە کۆڵدا بدەمو بیهێنمەوە

تەنها بۆ ئەوەی خەنیت بکەم

خۆزگە دەمزانی تۆ بەچیو بە کامیان پتر شاگەشکە دەبیت

تۆ لە دڵی خۆتدا دەڵێی:

خۆت بە سەلامەتی وەرەو هیچم ناوێ

وەلێ تەواو.. رۆحی من.. تەواو

ئەم دونیایە زۆر بچووك بۆتەوە

ماڵێك نیە ژنو مێردێك ئاسوودە تێیدا بسرەون

ئەم سەرزەمینە سەرپاکی لە من بۆتە خەرابات

تۆ بیرتە لە وڵات ئێواران چەندە لە سێبەری خۆمان دەترساین

وەختێ تارمایی زەلامێك دەستی بۆ گیرفانی دەبرد

تۆ هەناسەت لەبەر دەبڕاو.. من تاس دەیبردمەوە

من لەو رۆژە دەترسام کەسێك لە باوەشی تۆدا ساردم بکاتەوە

وەك کوڕە عاشقەکەی ناو "گوڵی خوێناوی" گۆران

نامرادم بکەنو نەتوانم گوڵێکی سوور

لە باچخەی پادشادا بدزمو ..لە بەرۆكتی بدەم

ئاخر من چیم هەبوو: جگە لە چەند حەرفێكی ئازاو..

بانگەشە بۆ باخچەیەكی چكۆلە پڕ بێ لە كوڕو كچی عاشق

من چیم هەبوو؟

لێرە سووكتر لە فڕینی مەلو ئاسانتر لە سەفەری ئاو

خەڵكی گەورە دەبن و دەژینو عیشق دەكەن

بەڕێوەمو سەدەها ژنو پیاویی تێكئاڵاو دەبینم

سەدەها لاولاوی عاشق لە شێوەی ئینسان

لەسەر تەختەكانی هەر باخچەیەك

سەدەها ماچی جێماو و سوور هەڵگەڕاو دەژمێرم

دەچمە هەر "باڕ"ێك تا بە یادت پێكێك هەڵدەم

لەبەر فسكەفسكی زۆر بێ شەرمی رژاو لەبەر پێیان رێ دەرنابەم

خۆ دەدزمەوەو دەڕۆم ... ئاخر نە رۆژێكەو نە دوو و.. نە دە..

من لە تەنیایی خۆم شەرم دەكەم

تەنیایی پیاوێك كە ناچار لە ناوەڕاستی عومردا

بێوەمێرد ئاسا کۆستی کەوت

خودا هاوار.. کێ بوو.. تۆ بۆچی فرێتدامە

نێو بەهەشتی سامناکی غەریبان..؟

بمبوورە ئازیز.. من لە خەیاڵی دیارییەکانی تۆدا بووم

چی بردمیەوە نێو ترس و تەنیایی و لەقەدەر تۆقان

تەمەن گوزەشت و تۆ هەر گلەییم لێدەکەی

گلەیی ئەوەی کە من ژمارەی پێی تۆم نەزانی:

گەرچی من و تۆ بەیەکەوە

درێژترین پیاسەی عاشقانەو سەفەری دەربەدەریمان کرد

پەتیارەو.. بە پێی پەتی

من هەزار جار بە نازی پیاوێکی عاشقەوە

دەستم لە کەمەرت وەرێناو..

وەلێ نازانم چ کراسێکت بۆ بکڕم تا ناوقەدت نەگوشێ

چەندین جار لە رۆژانی دڵتەنگیم بۆ دەرکردنی خەم

بەو پەنجە نەرمانەت لە ژێی رۆحت داوم

شەوانیش دە قامیشی شەکر بوونو لە زارما دەتوانەوە
کەچی نازانم چ ئەنگوستیلەیەکیان بۆ بهێنم
بڵێ هەزار جار سەرم خستۆتە سەر سینەتو بۆ قەهری
سەردەمی مناڵیو جحێڵیم گریاوم
کەچی نازانم چ ژمارەی سووتیانێکیان بۆ دەبێ
گەر لە میانەی خۆشەویستی بووبێ..
یان ساتانی کەم خایەنی تووڕەبوونم
وەختێ توند مەچەکتم دەگرت
دەستم دێشێ سەگباب: دڵگیرانە هاوارت دەکرد
وەلێ چ بازنێك پڕ بە زەندەی دەستی تۆیە.. من نایزانم
زەندەی ژنێکی سەلار کە من تا هەنووکە
شەرم لە بێکەسییەکەی دەکەم
یان ئاخۆ چ گەردانەیەك رازاوەیە
بۆ ئەو گەردنەی کە بۆ من بۆنی زەعفەرانی لێدەهات
ئاخ بۆ ئەو ساتانەی لە من رادەمای..

**هەر دەتوت بەو سەر و ملە لارەوە**

**کۆترە باریکەی دەنووك پڕ خوێنی**

**بمبوورە.. من پیاوێکی دونیا نەدیتەم..**

**کەڕە کرمانجێکم بۆ خۆم**

**تا هەنووکە نەمزانی ژمارەی پێو..**

**ئەستوورایی کەمەرو.. زەندەی دەستی تۆ چەندەو چۆنە**

**من تەنیا شتێك کە دەیزانم..**

**هۆ ژنێك لە ئاوێنە، لە دووری تۆ، من خۆم نابینم..!**

# رووباری خابوور

خابوور.. خابوور.. خابوور..

خاپووری کردم ..خاپووری کردم: خابوور

خابوور..خاپوور..خاپوور..خابوور

من ئیدی لەمرۆکەوە رووبارەکانم خۆش ناوێن

مادامەکێ پردی سەر رووباری خابوور بوو.. لە تۆی کردم..

کێ بوو وتی:

پردەکان پێوەندی نێوان دوو جەمسەرو.. دونیاو.. دوو دڵن؟

بڕوخێ ئەو پردەی لەبری بەیەکگەیشتنو ئاوێزان، لێکدی کردین

خابوور.. خابوور.. خاپووری کردم

هاژەو بەیەکدادانی شێتانەی شەپۆڵو گێژەنی شەتاوی

چەندە لە هەڵچوونی عاتیفەمان دەچوو

**ئەو وەختەی پەنجەکانمان لێکدی ترازان**

**من بە هەویای ماچێکی بەپەلەی سەر گۆنای شەمزاوت بووم**

**لە بەرهەتاو**

**دەرحاڵ جەندرمەکانی سەر پردەکە تێیانخوڕیم وەخۆ بکەوم**

**لە تاوو ترسی ئەو قیژەیە ماچ لەسەر لێوانم**

**بوو بە پەپوولەی مردوو..**

**کەوتە سەر یەکێ لە شەپۆلە شێتەکانی خابوورو**

**گێژەنێك لوولی دا**

**ئای گیانی من.. لەوەتەی دونیا دونیایە**

**هەر ماچەو لەسەر پردی فیراق**

**لەتاو هاواری یاساوڵێکی چەتەوڵ دەرحاڵ دەمرێ**

**هەردووکمان چەند شپرزە بووین.. لە چاوانتا دوو خابوور تەقینەوە**

**لە دڵی مندا دەیان خابوور**

**لە دڵم کەسەرە.. نەمتوانی .... "گۆنات هەڵمژم پڕ بە دەم**

**تا سوور هەڵدەگەڕێی ئەوەندە ماچت کەم"**

دەبا بڕوخێن پردەکان.. دەبا بمرن یاساوڵەکان

سووکە سووکە دزە ئاوڕم لە تۆ دەدایەوە

شان شکاو لەژێر باری جانتایەك پڕ لە خەمو مێژووی شکەستی خۆم

تا بووی بە گوڵێکی رەشو ئیدی لە چاوانم ونبووی

من لەوبەری پردو تۆ لەوبەری پرد

خەیاڵ بردمیەوە بۆ ساڵانێکی زووتر لە ئێستا

مامۆستای جوگرافیا وتی:

رۆڵەکانم بیرتان نەچێ رووباری خابوور عێراق

لە تورکیا جوێ دەکاتەوە

بە دزییەوە چرپاندی:

ئەو رووبارە رەسمی هێڵێکی شین و درۆیە بەسەر نەخشەوە

کوردستانی باکوور لە باشوور دوو لەت دەکات

من وەك هەنووکە خەیاڵم فڕی بوو

شپرزە بووم کە لە ناکاو لێی پرسیم:

خابوور کوێ لە کوێ دابڕ دەکات؟

**تاس بردمیەوەو ترسام بە شەپازللەیەك ناوچاوانی ئاگردام**

**من چ بزانم رۆژێك دێت دوو مەملەکەتی عیشقو ئەڤین**

**کە منو تۆین.. لێکدی دەبین**

**خابوور.. خابوور.. خاپووری کردین.. لێکدی کردین..!**

# "من و..ئەوان"

لێرە پیاوان.. هەر هەموو چ عاشق بن‌و چ شەهوەتباز

لێرە ژنان..هەر هەموو  چ سۆزانی‌و چ پاکیزە

گەر بۆ تەنها شەوێکیش بێ دەخزێنە نێو باوەشی یەکتر..

ئەوە دیسانەوە منم بوومەتە مەخسەرەی مەجلیسی هەمووان

من دەڵێم:ئاخر منی عاشق بە ژنێکی رۆح زەعفەرانی

کە خەم چاوانی زەرد کردووە

عیشق هەردوو سەرکوڵی شەمزاندووە..تەواوێ داگیری کردووم

کەچی ئەوان.. خێڵی خوڵق بەران‌و تەگە

بە پیاوێکی بێ هەوەس‌و بێ زەوق‌و بێ دەمارم دەزانن

من چی لەو خێڵی مەیموونە بکەم؟

ئای گیانی من..

**لە نامەی ئایندەی خۆتدا جارێکی تر دڵنیام کەرەوە**

**کە من لە ئاوێنەی رۆحی تۆدا نەبێ**

**لە هیچ ئاوێنەیەکی دیکەدا خۆم نابینم**

**تەنها سەرپەنجەی تۆیە کە بە سەری پەنجەم دەکەوێ**

**جوانترین ئاواز لەو تەختی رۆحەم هەڵدەستێ**

**ئەوە تەنها نیگا شەرمنو پڕ سۆزەکەی تۆیە**

**سەراسیمەم دەکاو سەوادم ناهێڵێت**

**ئەوە تەنها ماچێکی لێوە هەمیشە لەرزیوەکانی تۆیە**

**کە دەمباتەوە بەهەشتی دۆڕاوو لەم دۆزەخەم دەردێنێ**

**من چی لەو ژنانەی ئێرە بکەم؟**

**کامەیان رۆحی هەلاهەلام دەبینێ کە غاردەدا،**

**بەسەر ئەم بەفرەدا، بە پێی پەتی**

**لە حەژمەتان.. حەژمەتی دووری تۆ**

**من چەندە غەریبو نائاشنام بەو لەشانەی ئەوان**

**کە بە شلیكو شیر شێلراون**

وەلێ من چی بکەم کە لە پێدەشتی سووتاوی لەشی تۆدا

خۆڵەمێشی ئەو گوڵەگەنمانە دەلێسمەوە

کە جگە لە خۆم کەسی دیکە تامی نازانێت

بمبووەر ئازیز.. من ئیدی لەمڕۆوە:

دزەنیگایەك.. سووکە ئاوڕێك لەو مامزە ژنانەی ئێرە دەدەمەوە

گەرچی بەوپەڕی خیانەتی دەزانم

ئیدی ئەوە منم.. دوا پیاوی عاشقو دونیا نەدیتە

وەلێ یاغنیش لە دیدی مەحشەری پیاوان

لە نامەی ئەمجارەتدا دڵنیام کەرەوە..

کە منم شەیداو یەکێکم لە توخمی ئینسان..!

# تاسەیەك کە پەراسووەکانم دەسووتێنێت

لە دووریت.. لێرە.. هەموو ئەو گۆرانییانەم بیرکەوتنەوە کە بیرم چوو بوون / هەموو ئەو پیاسانەی کە من هیچ حیسابیکم بۆ نەدەکردن / هەتا تیژتێپەڕینێك بە کوچەی ئاسنگەران و کورتاندرووەکاندا / وەستانێك لە سەربان، راگوزاری، بەیەکەوە تێڕامان لە مانگی گەلحۆ / سەر لە نوێ کەوتمەوە سەر سەمای عیشقێـك کە خەریکبوو فەلەجیم لە بیرمی بباتەوە / سەر لە نوێ خۆڵەمێش لە ئاگردانی دڵدا بۆوە بە پشکۆ / فێر بووم لێرە لە داخی دووریو عەزرەتی دەست لەملانێی تۆ / چنار نەما.. سەروو نەما.. دارکاژ نەما عاشقانە باوەشی پێدا نەکەم / لە گڕی سووتانێـك وا لە گیانمدا / وەك قازێـك لە گڕەی هاوین وەڕس بێ / خۆم لە یەکەیەکەی دەریاچەکانی ئێرە نوقم دەکەم / کەچی لە تەوقی سەرما بڵێسەی ئەوینێـك بەرز دەبێتەوە

/ کە دەشسووتێم لە بنی دەریاچەکە .. ئەو گڕەی من ڕۆحی ئاویش وشك دەکات / وا بڕوات ئەم وڵاتەی غەریقی دەریاچەیە / دەبێ بە کەندو لەندی پڕ لیتەو قوڕ.. وشکەڵانی / دوێنێ لە تاسەی دووریت باوەشم کرد بە دارکاژێکدا / لە ڕەگەوە گڕی گرتو دارستانێـك سەرپاکی سووتا / ئاوا بڕوا.. وڵاتێـك کە خودا بە ملیۆنەها درەخت خنکاندوویەتی / ساڵ بسووڕێتەوە دەبێ بە هەزاران باخی قەرەبرووت / بیابانێـك وەك بەری دەست رووت / لێرە بوومەتە بەلەمێـکی گێژ.. "گەمییەکی سەرخۆش" بە کەیفی شەپۆلەکان من خول دەخۆم / لە ڕۆخ دەریاچەیەکدا وەك ماسیگرێـکی شێت / بەبێ قولاپ پەت هەڵدەدەم.. / گەرەکمە ڕاوی هیوایەك.. خەندەیەك بکەم / هەر بە قەد ماسی "توونە" /لە خامۆشترین دارستانی سەر ئەم ئەرزە پیاسە دەکەمو / کەچی گوێم لە تەپڵی شێتانەی "کانیبال"ە مرۆڤ خۆرەکانە / دەنگی تەپڵ بە دوامەوەیەو من وەکو کوێر خۆم بە درەختەکاندا دادەم / وەك کەڵەکێوییەکی زامدار ڕادەکەم / لە ساردترین شەودا کە مانگو ئەستێرەکانیش هەڵدەلەرزن / گەڕان بەدوای سیمای بزری تۆدا.. دەنێو ئەو بەفرو بارانەدا.. شێتم دەکات / ئاخ منو شەو لەوێ، منو تۆ، پێخەفی

گەرممان / ئەو وەختەی کۆتری ماچ باڵی لە بنمیچ دەخشاند / دیوارەکان لە شەرمان ئارەقەیان دەردەکرد / ئەستێرەکانیش بە دەم جریوەوە لە پشت پەنجەرەوە سەرەتاتکێیان دەکرد / مانگ لە بەغیلی خۆی رووی وەردەگێڕا / چەندە میهرەبان بوو تاریکی / منو تۆش لەو میهرەبانتر / کەچی هەنووکە شەو نییە تاریکی بزرم نەکات / چ درێژە خودا هاوار.. شەوانی تەنیاییو غوربەتو روانینی تاریك و بێهوودە / لەو دیو پەنجەرەوە / رووەو ئاسۆیەك تاریکتر لە رۆحی بەردێکی رەش / لێرە خۆم سووکتر دەبینم لە گەڵایەکی مردوو / ئەو وەختەی دەکەوێتە سەر باڵی شەپۆڵێكو گێژەنێك لوولی دەدا / لێرە منو ورچێکی نێو قەفەز لەیەك دەچین / هەردووکمان بێ پرسیار.. بێ حیکمەت.. بێ گومانکردن لە دڵی رەقی تەماشاکەران / تەماشای دونیایەك دەکەین: لە حەشاماتێك ورد دەبینەوە : کە لە "ئەسارەتی" ئێمەدا سەربەستی خۆیان دەچننەوە / پێم دەڵێی: واز لە سووتانی خۆت بێنە دەنێو عیشقدا.. پشوو بدە / ئاخ لە پشووی پیاوێك، لە دووریت، گرانەتا وڕی کردبێ / پێم دەڵێی: گیانە.. ئیدی خەونی خۆش ببینە / دووری لە چاوی لەپ ڕەشو دڵ ڕەشەکان و دە خۆت خەنیکە / تازە مەحاڵە گیانی من:

خەونی خۆش‌و خەنینەوە / لێرەش لێم ناگەڕێن یادە تاڵ‌و جەرگبڕەکان / بە دوامەوەیە وەیشوومەی قەدەرێـك كە راوی نام / منێـك كە دەمم دەكردەوە یان بۆ ماچ بوو یان گفتی شیرین / لێرە بێ هوودە، لە رۆخ دەریاچەدا، دەست لە كەلەكە دەنێم / لە ترسی دەم داپچرانم ئەوەندەی باوێشك بدەم.. بەردان دەكرۆژم / چەندە لەو نەورەسە برسییانە دەچم.. لەسەر كوتە نانێـك كە خۆم بۆیان هەڵدەدەم / دەكەومە شەڕو چ ئاسان باڵم دەشكێنن / ئاخ ئەی نەورەسی هەمیشە كوژراوم / كە هەمیشە ناچاری نزم فڕینی بۆ لەتێـك نان / من دەمێـكە بە دەست نەفامترین راوچییەوە كوژراوم / چەندە حەز بە گۆبەندێـك دەكەم لەسەر هیچ ..چ براوەو یان هەردەم تیا بزرو دۆڕاوبم..!

-٢٣/١١/١٩٩٧تامپێرێ

# شـــەوەکـان

وای لە شەوە سپی‌و درێژەکانی هاوینی ئێرە / خۆر بە پەلە سەرخەوێـك دەشکێنێ / ئیدی وەئاگادێ‌و زوو دێتەوە / گەر شەوە قەترانییەکانی وڵات نەبووایە / شەوانی پڕ ترس‌و بیم – شەوانی خەونبینین بە پەت‌و سێدارە / شەوانی لەپڕ راچەنین لەتاو دەستڕێژی تەقەقە / شەوانی خڕ دەرگاداخستن لە ترسی دزو رەشەبا / رەشپۆشتر لە بێوەژنە نامرادەکان / شەوانێـك کە قەڵای دزان بوو.. نەك مێردان / شەوانێـك کە گوێبیستی خشپەی پێی پشیلە دەبوویت.. زارەترەك دەبوویت‌و وەئاگات دەهێنام / یان وەڕینی سەگە بەرەڵڵاکان لەتاو  برسییەتی / نووزەو کڕووزەی هەتیوە بێ ماڵەکان / پڕ لە شێت‌و مەستە نامرادەکان / نووستن لەسەر تەختەی چایخانەکان / کارتۆن سووتاندن‌و خۆ گەرمکردنەوە لە ژێر باران / لە بەردەم قەپەنگی داخراوی دوکانەکان / شەوانی تاریك.. رەشتر لە دڵی ئەو ژن‌و کچانەی.. لارەمل..

**چەناگە کەوتوو بەسەر کەشکە ئەژنۆدا / چاو لە دەرگا داخراوەکان بەڕووی نەهاتنەوەی مێردو کوڕو برای کوژراو.. جێماو لە کەندو لەندەکاندا / شەوانی پڕ لە شەڕو هەرای ژن‌و مێردە تووڕەو داخدارەکان.. / تا کەوتن بەسەر پێخەفی ساردو سڕدا / شەوی درێژو نەبڕاوەی وڵات لەو ژوورانەی / کت‌و پڕ چرا تیا وەنەوز دەدات‌و دەمرێ / گوێئاگردانی ساردو مردنی حەکایەتی داپیرە ددان کەوتووەکان / شەوانی میلبادانی رادیۆو گەڕان بەدوای دوا هەواڵی کوژرانی کانی‌و غلۆربوونەوەی کەرتە شاخەکان / دوا هەواڵی سەرهەڵگرتنی دارستانێـك، یان سووتانی کێڵگە گەنمەکان / شەوانی تێکەڵبوونی ژەهرەکان‌و هەڵوەرینی ملیۆن گوڵ‌و مەرگی هەر هەموو پەپوولەکان / شەوانی تێکەڵ بە قاووقیژی منداڵان‌و لەیەکبەربوونی خوشك‌و براکان / لە ژوورە تاریك‌و تەنگەبەرەکان / شەوانی پڕ لە هات‌و هاواری هاوڕێیان / لەسەر ئەوەی خیانەت بە رۆژ چ رەنگێـکەو بە شەو چۆن خۆ دەنوێنێ / من لە شەرمی ئەو کەلاوە رووخاوانە سەرم هەڵگرت / کە چل چرای ماڵە رۆشنەکان نەدەگەیشتە بەر دەرگا شەق‌و شڕەکانیان / شەوانێـك کە شەپووری شەڕ نەیدەهێشت بۆ تاوێك بخەوین / جەنگاوەرانیش.. پەنجەیان لە خوێنی**

یەکدی وەردەداو.. / بێباکانە لە قەوارەی برینی یەکدی رادەمان.. بە مەرگی یەکدی خۆشیان لێدەهات / ئاخ لە شەوانی پڕ لە قەباحەتی وڵات..!

# وڕێنە

ئەمشەو من بۆ وشەیەك دەگەڕام.. بۆ ڕستەیەك.. نا.. ڕۆمانێـك / غەریبی خۆمی تیا بنووسمەوەو بۆ تۆی بنێرم / بیرتان دەكەم.. وێنەكانت لە جانتاكەمدا دەردەهێنم.. وێنەكانتان / تا بینابیم لێڵ دەبێ لێیان ورد دەبمەوە / لە ئاكارو رووخساری شیرینو شێوەی وەستانو خەنینتان / هەر دەڵێی سەدەیەك لەمەوبەر بووە.. گرتنی ئەم وێنانە / بە تەنیا لێرە، چەندە لە مرۆڤی "نیاندرتاڵ" دەچم / ڕۆژانە لە ئاوێنە ورد دەبمەوە / بێ شك شتێـك لە من گۆڕاوە.. نازانم / ئەو تەنكە تەمەی نیشتۆتە سەر چاوانم / لێوەلەرزەی هەمیشەییمو ئامادەی گریانم / لەسەر ئەم قەرەوێڵەیە چەندە لە پیاوێـكی نەخۆش دەچم / پیاوێك پشوو بدات / پشووی پاش نەشتەرگەری شێرپەنجە.. / شێرپەنجەی ڕۆح: لە دووریتان / شێرپەنجەی دڵ: لە خۆشەویستیتان / شێرپەنجەی چاو بۆ نزای بینینتان / بۆچی ژینی من

**کتو مت لە گرانەتا دەچێ / من لێرە چاوەڕێی چ دەکەم کە خۆم گەمەیەك لە گەمەکانی زەمانە بم / کە وەك یەك بێت بردنەوەو دۆڕانی سەرم / لە وڵاتی تاعوونەوە بۆ وڵاتی سفلس چ سەفەرێکی درێژ بوو / بۆ چ ئایندەیەك دەگەڕێم لەسەر ئەستێرەیەك کە خاپوورە؟ / ئەستێرەیەك کە زۆر دەمێکە رژاوەو دەکشێ رووەو زەریای عەدەم / ئاخ خودا.. بۆچی لەبەر چاوی من چی کۆشکی ئەڤین هەبوون تێکڕا رمان / بۆچی ئەو دەستەی درێژی دەکەم تا دەرچم لەم دۆزەخە / هەر خۆی دەبێ بە زمانی ئاگرو بڵێسە / تۆ بڵێی بۆم بکرێ ئەم وڕێنەیە تەواوکەمو / لە قەهری ئەم غوربەتە نەمرم؟/...**